مالپەڕی کتێبخانەی کوردی
PDF4KURD.WIX.COM/SITE

نیکۆس کازانتزاکیس

زۆربای یۆنانی

وەرگێڕانی: ڕەئووف بێگەرد

نیکۆس کازانتزاکیس
زۆربای یۆنانی
وەرگێڕانی: ڕەئووف بێگەرد

پێشەکی

نیکۆس کازانتزاکیس (۱۸۸۳- ۱۹۵۷) شاعیر و گەورەنووسەری یۆنان، لە شاری (کاندی)ـی دوورگەی کریت لە دایک بووە، مافی لە زانکۆی ئەسینا خوێندووە، پاشان چووە بۆ پاریس و لای برگسۆن خوێندوویەتی. گەڕاوەتەوە یۆنان و بەرهەمی شیعر و فەلسەفەی سەرەتایی نووسیوە. هەر بۆ مەبەستی دەوڵەمەندکردنی ئەزموون و بیری خۆی، سەری لە وڵاتانی ئیسپانیا، ئینگلتەرە، چین، ڕووسیا، میسر و ژاپۆن داوە. لە دواییدا هەموو ئەم گەشتانەی بوونەتە کەرەستەی بەرهەمی نووسین و هونەری.

ساڵی ١٩٤٥ تێکەڵ بە ژیانی سیاسیی یۆنان بووە، کراوەتە سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای پارتی سۆشیالیست و پاشان بووە بە وەزیری ڕووناکبیریی یۆنان، بەڵام وازی لەو کارانە هێناوە و گەڕاوەتەوە بۆ دنیای ئازادی نووسین و چالاکیی ئەدەبی. ساڵی ١٩٤٧ بۆ ماوەیەک لە فرەنسەدا نووسینگەی وەرگێڕانی کلاسیکی مرۆیی سەر بە یۆنسکۆی بەڕێوە بردووە.

کازانتزاکیس، لە تەمەنی لاویدا، لایەنگری سۆشیالیزم بووە و زۆرجار لەلایەن دەوڵەتی یۆنانەوە کەوتووەتە ژێر گوشاری چاودێری و کۆنترۆڵکردنەوە، بەڵام بە گشتی ئەوەی لە بەرهەمەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە- ئەو گەورە نووسەرە- پابەندی هیچ ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراو نەبووە، گیانی مرۆڤدۆستی و ئازادی و خۆشەویستی و یەکسانیی چینەکانی خەڵکی، دیارترین بابەتی کارەکانین. ئەگەرچی هەندێکجار خوێنەری ڕۆمانەکانی هەست بە ئارەزووی مەسیحییەت و گیانی خودی مەسیحی تێدا دەکەن، بەڵام وەک ئەنجام گوزارشتە ئاینی و چەمکە فیکرییە میسالییەکانی ناو کتێبە ئاسمانییەکان، بە تایبەت لە ئاینی مەسیحییدا، دەگۆڕێت بۆ دنیای واقیع و زیندووی سەر زەوی، هەموو ئەو نۆرمانە دوور لە گیانی ڕاستەقینەی مرۆڤ و هەستە مرۆییەکانی بە ناتەواو و مردوو لە قەڵەم دەدا.

لە بەرهەمە هەرە دیارەکانی کازانتزاکیس: داستانی (ئۆدیسە) بە شیعر؛ ٣٣ هەزار بەیتە. ڕۆمانی مەسیحی جارێکی دی لەخاچدراو. ڕۆمانی ئازادی یان مەرگ. ڕۆمانی دواختوورەکانی مەسیح. ڕۆمانی ئولیسیس. ڕۆمانی وێڵی ڕێی حەق، هەر دوو ڕۆمانی (تودار بارا) و (باخی پەرژین) کە ڕاستەوخۆ بە زمانی فەرەنسەیی نووسیونی.

لە بواری وەرگێڕانیشدا، کازانتزاکیس گەلێک شاکاری لە زمانی فەرەنسەیی و ئیسپانیایی و ئینگلیزی و ئیتاڵیایی و ئەڵمانیاییەوە کردووە بە یۆنانی، وەک: (کۆمیدیای ئیلاهی)ـی دانتێ و (فاوست)ـی گۆتە و (وەهای گوت زەردەشت)ـی نیچە. کازانتزاکیس چەندجار بۆ خەڵاتی نۆبڵ ناوزەد کراوە.

*

ڕۆمانی **زۆربای یۆنانی** لە شاکارە هەرە دیارەکانی نیکۆس کازانتزاکیسە، کە بۆ زۆربەی زمانانی دنیا وەرگێڕدراوە، ناوی زۆربا، کە شاکەسی ڕۆمانەکەیە، وەک کەسایەتییەکی نائاسایی ژیانی باو، بووەتە سیمبولی هەرە دیاری ناو کەسانی کۆمەڵ و نیشانەیەک بۆ گیانی شکۆمەندی نووسەر و وڵاتی یۆنان، ئەوەیش لە ڕوانگەی ئەو پەیوەندییە هەرە تایبەتییەی زۆرباوە، کە لەگەڵ دەوروبەر و بیر و

ئاكار و ئاین و دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەدا هەیەتی. ئەو سیمبولێکە بۆ پەیڕەوی لێکردن و وەرگرتنی بیرە زیندووەکان، سیمبولێکی خۆڕسکی دوور لە ئارایشتی تیۆر و بیروبۆچوونی وشکی ناو کتێب، کە هەندێکجار ڕەفتارەکانی لە سنووری ئاوەز دەترازێن و لۆژیکە باوەکان دەبەزێنن، ئێمەیش، وەک مرۆڤ، ئاسایی لەسەر دوابڕیاری لە یەک جیاواز سەقامگر دەبین، کە: زۆربا، یان ڕۆحێکی هەرەمەزنە، یان کەسێکی شێتە، بەڵام هەرگیز شێت نییە.

زۆربا زۆرجار هەر بە غەریزە هەست بە دیاردەکان دەکات، واتاکان دەخوێنێتەوە، بڕیاری تایبەتی و سەربەخۆی خۆی دەدات، مەترسییەکان دەبینێت، کێشەکان چار دەکات، تا سەر ئێسک پڕ لە بەزەیی و مرۆڤدۆستییە، لە کاتی خۆیشیدا سەرکێش و دڵڕەقە. لە ژیانی ئاساییدا کەسایەتییەکی دەگمەنە.

زۆربا، کە کاری کرد، بەوپەڕی جددی و دڵسۆزییەوە ڕایدەپەڕێنێت، کار لەلای زۆربا پرۆسەیەکی زیندووی سەربەخۆیە نەک پەراوێزخراو، ئەو کارەکان تێکەڵ بە یەک ناکات؛ لە کاتی خۆشەویستیکردن و هەوەسبازیی ئافرەتدا، بە هەموو هەست و هۆشییەوە، بەبێ خولیایەکی دی، کارەکە ئەنجام دەدات، کە دەیشچێتە نێو کانەکەوە، ئیدی جگە لە مەراقی تونێڵلێدان و کێشەی کرێکار و قازمە و وردەکارییەکانی دی، لەگەڵ هیچی دیدا ناژی. لەو کاتانەدا، تەنانەت ئاوڕ لە ئافرەتیش ناداتەوە. کاتێ دەیشخواتەوە، ئیتر دەکەوێتە سەنتوورلێدان و گۆرانیوتن و سەماکردن. کە قسەیش لە بارەی ئاین و ڕەوشە مەزهەبییەکان و خودا و هێزەکانی شەڕەوە دەکات، دەبێت بەرانبەرەکەی بە هەموو توانای بیستن و بیرکردنەوە و هەست و نەستییەوە، گوێی لێبگرێت و لێیەوە فێر ببێت.

زۆربا، بە ڕواڵەت کەسێکی دنیاییە و بۆ جەستەی دەژی، بەڵام لە جەوهەردا هەموو چالاکیی جەستەی بۆ گەشەپێدانی ڕۆح و بەرزڕاگرتنیەتی، دەیەوێت مرۆڤ لە هەردوو لایەنی مادی و ڕۆحییەوە سوودوەرگر بێت، هەریەکەیان ئەوی دی تەواو بکات، پێکەوە بوونێک بۆ بوونەوەر دروست بکەن، کە تەژی بێت بە گیانە مرۆیی و بەها مەزنەکانی، وەک خۆی چەندجار دەڵێت:

پێم بڵێ چی بەو خواردنە دەکەیت کە دەیخۆیت، تا پێت بڵێم تۆ کێیت.

من وای بۆ دەچم، کازانتزاکیس، زۆربای وەک کەسایەتییەک بەرجەستە کردبێت کە خۆی ئیرەیی پێدەبات، یان ڕۆحی زۆربا ڕۆحی خودی کازانتزاکیسە، چونکە کەسایەتیی **سەرۆک** کە کەسی دووەمی سەرەکیی ڕۆمانەکەیە، وێنەیەکی بەرجەستەی خودی کازانتزاکیسی نووسەر و ڕووناکبیرە، کە نوقمی دنیای واتا و عیرفانە، سەروکاری لەگەڵ بودای پەیامبەر و دانتێی شاعیر و سروشت و جوانییە ڕۆمانسییەکانە. هەمیشە کتێبی بە دەستەوەیە، دەنووسێت و کاغەز ڕەش دەکاتەوە. هەر لەبەر ئەم هۆیەیشە ناوی **مشکی کاخەزخۆریان** لێناوە، بەڵام ئەوەیش دەزانێت، کە ژیان هەر لەسەر ئەم تاقەپێیە نەوەستاوە و واقیع و ئەزموونەکانی ژیان و کۆمەڵیش دروستکەری مرۆڤی چەلەنگ و کاریگەری وەک زۆربان، بۆیە لەگەڵ هەموو ئەو تێز و چەمکە فیکری و فەلسەفییانەی هەیەتی، زۆرجار - ئەگەر نەڵێم هەمووجارێک- لەبەردەم بیروبۆچوونی زۆربادا دادەمێنێت و شکست دەخوات. بڕوا بە بیروبۆچوونەکانی زۆربا دەهێنێت و ئەو بیرۆکە وشکانەی لەناو کتێبدا خوێندوونیەتییەوە بۆ دۆزەخیان دەنێرێت. وەک خۆی دەڵێت:

خۆزگە توانیبام هەموو ئەو شتانەی خوێندومنەتەوە، ئەوەی بینیومە و بیستوومە، بە ئیسفنجێک بیانسڕمەوە، پاشان بچمە فێرگەی زۆرباوە و لە نووکەوە دەست بە ئەلف و بێی گەورە و ڕەسەن بکەم.

کازانتزاکیس دەیەوێت بڵێت: کاریگەریی مرۆڤ لەوەدا نییە کە چەند کتێبی خوێندووەتەوە، چەند لاپەڕەی هەڵداوەتەوە و شارەزای زانستەکانە، بەڵکوو لەوەدایە، کە چەند لەگەڵ ئاوەزیدا هەستیشی لەکاردایە. ئەو بەوردی لە دیاردەکان ڕادەمێنێت و لێیان دەکۆڵێتەوە، ئایا وەک زۆربایەکی نەخوێندەوار دەتوانێت هەموو ڕۆژێک سەرنج لەو شتانە بداتەوە، کە چەندجاری دیکە بینیونی و لە دواڕامانیدا واتایەکی تازەیان بۆ بدۆزێتەوە؟ ئەگەر وانییە، ئەی تیۆر و تێزە زەینییە وشکەکان چ واتایەک بە ژیان دەبەخشن؟

زۆربا کەسە ڕاستەقینەکەی ناوەوەی هەموومانە، زۆرمان خۆش دەوێت، گەلێکمان حەز بەو گیانە پڕ و زیندووەیە، بەڵام ناتوانین ببین بە ئەو، ئێمە لە ڕوو دادەمێنین، شەرم دەکەین، لە پلەوپایەی کۆمەڵایەتیمان دەترسین، کۆیلەی دابونەریتی باوین و سڵ دەکەین. ناتوانین مێگەل نەبین و بە ڕاستودروستی وەک مرۆڤێکی ئازاد خۆمان بخەینە ڕوو، ئێمە هەمیشە نیوەدرۆزنەکەی خۆمان وەک مەلۆتکە لە باوەشدایە و لەگەڵ خۆماندا دەیگێڕین. زۆرجار، نیوەڕاستەکەمان هۆشدارییەکمان دەداتێ، ڕاماندەگرێت، ڕاستی و درۆکانمان دەخاتە بەردەست، بەڵام کەسمان چون زۆربا حەقیقەتەکان وەک خۆیان ناڵێین. زۆرمان نازانین خودا چییە کەچی دەیپەرستین و خەڵکیشی لەسەر دەکوژین، نازانین مرۆڤایەتی واتا چی، کەچی بانگەشەی درۆی بۆ دەکەین، بە زمانی کتێب قسە دەکەین بەڵام لە پراکتیک و ژیانی ڕۆژانە و مامەڵەکردنماندا نەخوێندەوارین.

زۆربا ئەوەی دەیکات هەر ئەوەیە کە لە ڕۆحیدایە و بڕوای پێی هەیە، کە دەگریێ بەڕاستی دەگریێ و ڕەنگە هەموو دەوروبەرەکەی پێبکەنن، کە پێشدەکەنێت هەموو شانە و گەردیلەکانی لەشی دەیکەنە هەرا و زەنا، عەشقی هۆمونیزمانەی زۆربا لە سنووری ئەم وتەدایە، کە دەڵێت:

خودای دلۆڤان کەسێکە، نە لە حەوت تەبەقەی ئاسماندا جێی دەبێتەوە، نە لە حەوت تەبەقەی زەویدا، کەچی تەنیا لە دڵی مرۆڤدا جێی دەبێتەوە. بۆیە، دەستم بە داوێنت! هیچ کاتێک دڵی کەس مەشکێنە.

واتا گەورەیی خودا و دڵی مرۆڤێک لە ئاستی یەکدان.

لە خوێندنەوەی چەندجارەی ڕۆمانی زۆربای یۆنانیدا، هەستم بە پاکبوونەوەی خۆم کرد، بە تازەبوونەوەی ژیان و خۆشویستنێکی گەورە و بەهادارتر، هەستم کرد تۆوی زۆرباوییەت لە زەمینەی گیان و دڵی زۆربەماندایە، دەشێت دڵۆپێک باران و گزنگێکی خۆری بەس بێت بۆ چەکەرە و گەشەکردن، تا لە زەمینە و زەمانی خۆیدا، ئەو ڕۆحانە، ببنە مرۆڤێکی کاریگەر، ڕێبازێک بۆ خۆیان دروست بکەن دوور لە چاولێکەریی کەسانی دیکە و پەیڕەویلێکردنی کوێرانەی باو. من دەمێکە شەیدا

و پەرۆشی چەکەرەکردنی ئەو تۆوەی ناوەوەی خۆمم، حەزیش دەکەم بۆ کارێکی ئاوا چەند بکرێت زۆرتر بین، بۆ ئەوەی لەمە زیاتر شەرم نەکەین و ئیدی ڕاستییەکانی خۆمان نەشارینەوە. هەر لەبەر ئەم هۆیانەیە، کە زۆربام کرد بە کوردی. بێگومانم کورد گەلێک زۆربای شەرمنی خۆی هەیە و ئیتر پێویستی بە خۆشاردنەوە نەماوە.

من ڕۆمانەکەم لە دەقی وەرگێڕدراوی فارسییەکەی مامۆستا **محەممەدی قازی**یەوە کردووەتە کوردی، قازی وەرگێڕێکی ناودار و دەستپاکی دنیای وەرگێڕانە بۆ سەر زمانی فارسی. ئەگەر هەندێکجار، تەمومژم لە پەرەگراف، یان بیرۆکەدا بینیبێت، یان ڕستەیەکی نادروست، یان نەگونجاوم پێش چاو کەوتبێت، تەماشای هەردوو وەرگێڕانی **مەحموود موساحبیب** بە فارسی و **جورج تەرابیش**م بە عەرەبی کردووە. ئەگەر گومانیشم لە واتا هەبووبێت، یان وشە و ڕستەی پەڕیو لە دەقەکەی قازیدا ڕوویدابێت، ناچار بووم بەو دوو تێکستە پڕی بکەمەوە و کەموکورتییەکان نەهێڵم. لەگەڵ ئەمانەیشدا، بێگومانم کەموکورتی لە وەرگێڕانەکەمدا هەیە، پێشەکی سپاسم بۆ ئەو بەڕێزانەی ئاگاداری ئەو هەڵە و بۆشاییانەم دەکەن و بە چاوی دڵسۆزانەوە حەز بە کامڵبوونی هەر کارێکی داهێنەرانە دەکەن.

ڕەووف بێگەرد

ئەیلولی ٢٠٠٠

١

بۆ یەکەمجار ئەوم لە **پیرە**[1]دا بینی، من چوبوومە ئەو بەندەرە، تا سواری کەشتی ببم و بەرەو کریت بە ڕێ بکەوم. تازە بەیانی دابوو. باران دەباری. بایەکی وشک و گەرم، توند هەڵی کردبوو. پڕیشکی شەپۆلەکان دەگەیشتنە کافتریا گچکەکە. دەرکە شووشەیییەکانی کافتریا داخرابوون. هەواکەی بۆنی هەناسەی مرۆڤ و گیای **گوڵەمریەمە**[2]ی کوڵاوی لێدەهات. لە دەرەوە هەوا سارد و تەمی هەناسەکان شووشەکەیان لێڵ کردبوو. پێنج شەش دەریاوان، کە هەموو شەوەکەیان بە بێداری بەسەر بردبوو، خۆیان پێچابووە باڵاپۆشێکی قاوەیییەوە، کە لە مووی بزن دروست کرابوو؛ قاوە و گوڵەمریەمەی کوڵاویان دەخواردەوە و لە پشت شووشە تەماوییەکانەوە تەماشای دەریایان دەکرد. ماسییەکان، زەبری شەپۆل و تەوژمی دەریا گێژی کردبوون، لە قوڵایییە هێورەکاندا پەنایان گرتبوو، چاوەڕوانی ئارامبوونەوەی سەرەوەیان دەکرد. ڕاوچییە کۆمەڵگرتووەکانی ناو کافتریاکەیش، چاوەڕێی دامرکانەوەی زریانەکە بوون، بۆ ئەوەی ماسییە ئارامگرتووەکان بگەڕێنەوە سەر ئاوەکە و دەم لە چەشەی قولاپەکان بژەنن. ماسییە پانکەکان، (زوبێدە) و (حەلوا)، لە گەڕانی شەوانەیان دەگەڕانەوە. ئێستا خۆر لە هەڵهاتندا بوو.

---

[1] Piree، یان Piraeus شارێکی یۆنانە و پێش بەندەری ئەسینایە، نزیکەی 450 ساڵ پێش زاین دروست کراوە. ڕێیەک بە درێژاییی هەشت کیلۆمەتر، لە نێوان دوو دیواری هاوتەریبدا بە ئەسینای دەگەیەنێت.-ک

[2] گوڵەمریەم، یان مریەمە گیایەکە لە تیرەی نەعنا، دەکوڵێندرێت و بۆ هەندێک نەخۆشی وەک لەرزین و لاوازی و قورگئێشە باشە. گوڵە بۆنخۆشە و داماگیشی پێ دەڵێن.-ک

دەرکە شووشەییەکە کرایەوە و کرێکارێکی بارهەڵگر، کورتەباڵایەکی چوارشانەی خۆرئەنگاز، سەروپێ ڕووت و لەشقوڕاوی، خۆی بە ژوورەوەدا کرد. دەریاوانێکی پیر، کە باڵاپۆشێکی شینی ئاسمانی لەبەردا بوو، بانگی کرد:

- هێی، کوستاندی! چۆنیت، هاوڕێ؟

کوستاندی، تفی لە زەوییەکە ڕۆ کرد و بە ڕوویەکی تاڵەوە پێی وت:

- دەتەوێت چۆن بم؟ بەمەیش دەڵێن ژیان! ڕۆژ بەرەو مەیخانە و شەو بۆ ماڵەوە، دیسان بەیانی بەرەو مەیخانە و شەو بۆ ماڵەوە، کار لە کوێ دەستگر دەبێت!

هەندێک لە دانیشتوان پێکەنین و هەیشیان بوو بە دەم سەرجووڵاندنەوە، کەوتنە جوێندان.

سمێڵبابرێک، کە وانەی فەلسەفەی لە فێرگەی قەرەگوێز[3] خوێندبوو، وتی:

- دنیا زیندانێکی هەمیشەییە، ئەری، زیندانی هەمیشەیی، بە نەفرەت بێت.

ڕووناکییەکی هێوری شینی مەیلەوسەوز، لە پشت شووشە تەڵخەکانی پەنجەرەکەوە، هاتە نێو کافتریاکە و کەوتە سەر دەست و لووت و تەوێڵی دانیشتووەکان، پاشان کەوتە سەر ئەو مێزە درێژەی شتی لەسەر داندرابوو؛ بوتڵەکانی دەرخست. گڵۆپەکان، ڕووناکییان پەڕی و خاوەنە خەواڵووەکەی کافتریا، دوای بێخەویی ئەو شەوەی، دەستی درێژ کرد و گڵۆپەکانی کوژاندنەوە.

ماوەیەک لە بێدەنگی تێپەڕی. تێکڕا سەریان بەرز کردەوە و تەماشای دنیا تارومارەکەی دەرەوەیان کرد، دەنگی هێرشی شەپۆلەکان بۆ

---

[3] قەرەگوێز، وشەیەکی تورکییە بە واتای چاورەش دێ، مەبەست لەو لێبووکانەیە، کە لە چایخانەکانی وڵاتانی عەرەب و تورکیا و ئافریکای باکووردا نمایشی دراماتیکییان ساز دەکرد. -ف-

سەر کەناری دەریا و قوڵتەقوڵتی نێرگەلەکانی ناوەوە، بەر گوێ دەکەوتن. دەریاوانە پیرەکە هەناسەیەکی هەڵکێشا و وتی:

- باشە، بە بڕوای ئێوە دەشێ چ بەڵایەک بەسەر لیمونیی کەشتیواندا هاتبێت؟ خودا بیپارێزێت.

بە توڕەییەوە تەماشایەکی دەریای کرد و هاواری لێهەستا:

- ئەی شەپۆلە نەفرەتییەکان، کە ئافرەت بێوەژن دەخەن، نەفرەتتان لێبێت!

ئەمەی وت و کەوتە کرۆشتنی سمێڵە ڕەنگخۆڵەمێشییەکەی.

من لە پەنایەکدا دانیشتبووم، لەتاو سەرما داوای پیاڵەیەکی تری گوڵەمریەمەم کرد. حەزم دەکرد بڕۆم و بنووم، بەڵام بەرەنگاریی خەو و ماندوویەتی و ناخۆشیی ئەو بەرەبەیانییەم دەکرد. لە پشت شووشە تەمگرتووەکانی پەنجەرەکەوە، تەماشای ڕابوونی بەندەر، دەنگی شووتی کەشتییەکان و هەراوزەنای گالیسکەوان و بەلەموانەکانم دەکرد، هێندەی لێ ڕامام، تۆڕێکی نادیاری لە ئاوی دەریا و باران و بیری سەفەری خۆم چندراو، دڵمی بە تاڵە توندەکانییەوە ئاڵاند. چاوم لە پێشەوەی کەشتییەکی ڕەش و گەورە بڕیبوو، تەواوی پەیکەری کەشتییەکە هێشتا لە تاریکیدا چەپۆکانی بوو. باران دەباری و من تەماشای تاڵەکانی بارانەکەم دەکرد، کە ئاسمانی بە قوڕولیتەی زەوییەکەوە درووبوو. کەشتییە ڕەشەکە و سێبەری و بارانەکەم، تەماشا دەکردن و خەم ئەوکی دەگرتم. یادگارە دێرینەکانم وەبیر دەهاتنەوە. لەو هەوا نمناکەدا، وێنەی هاوڕێیەکی خۆشەویستم لە پێش چاو بەرجەستە دەبوو، کە ئاوێتەی باران و حەسرەت بوو، ئایا ئەوە پار بوو؟ لە دنیایەکی تردا بوو؟ دوێنێ بوو؟ کێ بوو؟ کە من بۆ بە ڕێ کردنی هاتبوومە ئەم بەندەرە؟ لە بیرمە، ئەو بەیانییەیش هەر باران دەباری و دنیا سارد بوو، بەیانییەکی زۆر

زوو بوو، ئەوسایش هەر ئاوها دڵم گیرابوو. ئای کە لەسەرخۆ دوورکەوتنەوە لە هاوڕێ خۆشەویستەکان چەندە تاڵە! چاکترە یەکسەر لێیان داببڕێیت و گۆشەگر بیت، چونکە تەریکی دەوروبەرێکی سروشتییە بۆ مرۆڤ، بەڵام من لەو بەربەیانە باراناوییەدا پێم خۆش نەبوو لەو هاوڕێیەم جیا ببمەوە. (هەڵبەتە پاشان، بەداخەوە! زۆر درەنگ تێگەیشتم هۆی چی بوو.)

لەگەڵ ئەودا سواری کەشتی بووم، لە ژوورەکەیدا و لە نێوان جانتا پرشوبڵاوەکانیدا دانیشتم، کە خەیاڵی بۆ لایەکی تر پەرت دەبوو، من بەوردی ماوەیەک لێی ڕادەمام، وەک بمەوێت تەواوی سیمای لە بیرەوەرییمدا بهێڵمەوە، چاوە درەوشاوەکانی، کە ڕەنگە شینەکەیان بەلای سەوزدا دەیڕوانی، ڕووە پڕ و جوانەکەی، زیرەکی و بەدەمارییەکەی، لە سەرووی ئەمانەیشەوە، دەستی خانەدان هەڵکەوتووی، کە بە پەنجەی درێژ و باریک کۆتاییان دەهات.

لە چرکەساتێکدا، ڕامانە پڕ لە مەبەست و هێورەکەی، منی غافڵگر کرد بەو حاڵەتە گاڵتەئامێزەوەی، کە لە خۆی دەگرت، کاتێک دەیویست هەڵچوونە دەروونییەکانی خۆی بشارێتەوە، ڕووی بۆ لام وەرگێڕا. تەماشای کردم و تێگەیشت. بۆ ئەوەی خەمی جیابوونەوەکەمان بخاتە لاوە، بە تەوسەوە بزەیەکی کرد و وتی:

- ئاخر تا کەی؟

- چی تا کەی؟

- تا کەی کاخەز دەجوویت و خۆت بە مەرەکەب پیس دەکەیت؟ وەرە، مامۆستای خۆشەویستم! پێکەوە دەچینە قەوقاز، لەوێ هەزاران کەسی هاوڕەگەزمان لە مەترسیدان، وەرە با بچین ڕزگاریان بکەین.

دەستی بە پێکەنین کرد، وەک ئەوەی گاڵتەی بەو دەورە مرۆڤدۆستانەیەی خۆی بێت، پاشان لەسەری ڕۆیشت.

- ڕەنگە نەیشتوانین ڕزگاریان بکەین، بەڵام بە هەوڵدان بۆ ڕزگارکردنی خەڵکی دی، خۆمان ڕزگار دەکەین. مەگەر تۆ، مامۆستام، لە پەند و قسەکانتدا، ئەمەت نەدەوت، کە "تاقەڕێ، بۆ ڕزگارکردنی خۆت، خەباتە بۆ ڕزگارکردنی کەسانی تر." کەواتە دەی مامۆستا! تۆ کە ئەم ئامۆژگارییانەت دەکردین، فەرموو پێش بکەوە، بتبینم.

من وەڵامم نەبوو. بیرم لای سەرزەمینی پیرۆزی خۆرهەڵات بوو، کە دایکی خوداکانە و لای ئەو چیا بڵندانەی هاواری پرۆمیسۆسی[4] بە تاشەبەردەوە بەستراو دەنگی تێدا دەداتەوە، هاوڕەگەزەکانی ئێمەیش، کە وەک ئەو بەو تاوێرەبەردانەوە بەسترابوونەوە هاوار و ناڵەیان بوو. ئەو سەرزەوییە جارێکی دی کەوتبووە مەترسییەوە و هاواری یارمەتی لە منداڵەکانی دەکرد. من بێ ئەوەی کارم لێبکات گوێم لەو ناڵینە دەگرت، وەکئەوەی ئەو دەرد و ئازارە زیاد لە خەونێک چی دی نەبێت و ژیانیش شانۆیەکی پڕ لە کارەسات بێت، کە بێجگە لە ساویلکە و تلپەکان، کەس نەتوانێت دەوری تێدا ببینێت.

هاوڕێکەم بێ ئەوەی چاوەڕێی وەڵام بێت لە جێی خۆیدا هەستا. بۆ جاری سێیەم کەشتییەکە شووتی لێدا. ئەو دەستی بۆ ڕاکێشام، دیسان هەڵچوونە دەروونییەکەی خۆی لە پەردەیەکی گاڵتەئامێزدا شاردەوە و وتی:

- خودات لەگەڵ مشکی کاخەزخۆر!

---

[4] Prometheus، لە ئایینی یۆناندا دێوێکە، کە مرۆڤی لە گڵ دروست کرد، بە پێچەوانەی فەرمانی زیووسەوە [خودای خوداکان] ئاگری لە ئاسمان دزی و هێنایە سەر زەوی. زیووس تووڕە بوو، بە تەنیا بە تاشەبەردێکەوە لە قەفقاز بەستییەوە. لەوێ هەموو ڕۆژێک هەڵۆیەک دەهات و جگەری دەخوارد و شەو جگەرەکەی بۆ دەهاتەوە. ئەم ئەشکەنجەیە ماوەیەکی زۆر دەوامی کرد تا هەرقل ڕزگاری کرد. -ک-

دەنگی دەلەرزی. هەستی بە شەرمەزاری دەکرد، کە ناتوانێت بەسەر هەستەکانی خۆیدا زاڵ ببێت. فرمێسکڕشتن، وشەی پڕ لە سۆز، ڕەفتاری بەدەر لە یاسا و ویقار، قسەی هەڵیتوپەڵیت، هەموو ئەمانە لای ئەو لاوازییەک بوون بەدەر لە پلەوپایەی مرۆڤ. ئێمە، کە ئەوەندە هاوڕێی یەک بووین، هەرگیز قسەیەکی خۆشەویستانەمان لەگەڵ یەکدا نەکردبوو. پێکەوە یاریمان دەکرد و وەک دڕندە سەروچاوی یەکمان دەڕنییەوە. ئەو مرۆیەکی زیرەک و قسەخۆش و بەڕەوشت بوو، بەڵام من دڕندە بووم، ئەو کۆنترۆڵی خۆی پێدەکرا، دەیتوانی بە ئاسانی هەموو هەستە ڕۆحییەکانی لە بزەیەکی سەر لێویدا دەربخات، بەڵام من زوو خۆم لە دەست دەدا و قاقایەکی دڕندانەی بێجێم بۆ دەکرد.

منیش ویستم هەڵچوونە دەروونییەکەی خۆم لە چەند وشەیەکی قورسدا بشارمەوە، بەڵام شەرمم پێدەهات، نا، بەڕاستی نەک لەبەر شەرمەکەم، بەڵکوو شەرم لەبەر ئەوەی توانای ئەو کارەم نەبوو. دەستیم گوشی، دەستیم گرتبوو بەرم نەدەدا، ئەو بە سەرسامییەوە لێی دەڕوانیم، وەک ئەوەی بیەوێت زەردەخەنەیەک بکات، پێی وتم:

- نائارامیت؟

لەسەرخۆ وەڵامیم دایەوە:

- بەڵێ!

وتی:

- بۆ؟ قەول و قەرارمان چی بوو؟ مەگەر چەند ساڵێک لەمەوبەر پێکەوە بڕیارێکمان نەدابوو؟ ئەم ژاپۆنییانەی، کە تۆ زۆر بە هاوڕێیان دەزانیت دەڵێن چی؟ بە وتەی ئەوان "فودفشین"[5] واتا ئارامی و دڵنیایی. دەمامکێک بە

---

[5] Foudoshin

دەموچاوەوە، کە پێدەکەنێت بەڵام هیچ نابزوێنێت، ئیتر لە پشتی ئەو دەمامکەوە چی هەیە گرنگ نییە.

من کە نەمدەویست خۆم لە ڕستەیەکی دورودرێژ بەگیر بهێنم، بۆیە هەر ئەوەندە وەڵامم دایەوە، بڵێم: "بەڵێ!" چونکە لەوە دڵنیا نەبووم، کە تۆنی دەنگم لەرزینی تێناکەوێت و من بە سەریدا زاڵ دەبم.

شووتی کەشتییەکە لێی دا و ئەوانەی بۆ بەڕێکردن هاتبوون لە ژوورەکان وەدەر کەوتن. باران نم نم دەباری. هەوا پڕ بوو لە وشە خەمئەنگێزەکانیماڵئاوایی، لە بەڵێن و سوێند، ماچی دووردوورودرێژ و ڕاسپاردەی بە پەلە و هانکەهانک. دایک ئاوێزانی کوڕەکەی دەبوو، ژن مێردەکەی و هاوڕێ هاوڕێکەی، وەک هەموو لەگەڵ یەکدا دوامالئاوایی بکەن، یان ئەم لە یەک دابڕانە کاتییە، لێک دابڕانە گەورەکەیان یاد بخاتەوە؛ وابوو. ناکاو، لەنێو ئەو هەوا شێدارەوە، دەنگی نەرم و ناسکی زەنگ، لە پشتی کەشتییەکەوە تا پێشی گرتەوە، هەر لە دەنگی زەنگی پرسە دەچوو، تەزوویەکم تێگەڕا، هاوڕێکەم چەماوەیە و بە دەنگی نزمەوە وتی:

– گوێ بگرە، هیچ ختوورەیەکی ناخۆش بە دڵتدا دێت؟

دیسان وتم: "ئەرێ."

– بۆ تۆ بڕوات بە خورافات هەیە؟

بە دڵنیاییەوە وتم: "نا."

– کەواتە؟

پێویستی بە "کەواتە" نەدەکرد، چونکە من بڕوام پێی نەبوو، بەڵام دڵم ترسێکی تێدا بوو. هاوڕێکەم بە ئەسپایی دەستی چەپی خستە سەر ئەژنۆم، ئاسایی ئەم کارەی کاتێ دەکرد، کە لە گەرمەی گفتوگۆیەکی دۆستانەدا بووینایە. من دەمویست بڕیارێک بدات، وەلێ ئەو بەرگری

دەکرد و گوێی نەدەگرت، تا لە ئەنجامدا خۆی بە دەستەوە دا، ئیتر ئەوە ئەو کاتە بوو، کە دەستی لەسەر ئەژنۆم دادەنا، وەک بڵێت:
"بەسەر چاو، لە پێناوی هاوڕێیەتیدا چی بڵێی دەیکەم."
دوو- سێ جار پێڵووی پێکدادا و دیسان لێم ڕامایەوە، زانی بێحەوسەڵەم، بۆیە لە بەکارهێنانی چەکە ئاساییەکەمان، کە پێکەنین و گەپ و گاڵتەبازییە، خۆی گرت، وتی:

- چاکە، دەستتم بدەرێ، هەرکاتێک یەکمان تووشی مەترسیی مردن هات...

وەستا، وەک تەریق ببێتەوە. ساڵان بوو ئێمە گاڵتەمان بە باوەڕە میتافیزیکییەکان دەهات، بەو کەسانەی ڕووەکخۆرن و ئەوانەی ڕۆح دێننەوە بەرچاو، سۆفی و ئەوانەی بڕوایان بە گەوهەری تاک هەیە. بەمحاڵە پێدەکەنین، من کە دەمویست لەبن دێڕی قسەکانی بگەم، پێم وت:

- باشە، ئەی دوایی؟

بۆ خۆڕزگارکردن لەو ڕستە پڕ کێشەیەی بەسەر زمانیدا هاتبوو، ناکاو وتی:

- بەڕاست! چۆنە مەسەلەکە هەر بە گاڵتە بگرین؟ ئەگەر یەک لەم دوانەمان ڕووبەڕووی مەترسیی مەرگ بووەوە، تەواوی بیر و هەستی بخاتە سەر ئەوی تر، تا لە هەر جێیەک بێت، لە حاڵی ئەم بە ئاگا بێت، ڕازیت؟

ویستی پێبکەنێت، بەڵام لێوی وەک بەستبێتی بێجووڵە مایەوە، من وتم:

- ڕازیم.

هاوڕێکەم، لە ترسی ئەوەی نەکا ئاڵۆزییەکەی زۆر پێوە دەربکەوێت، بە ناچارییەوە وتی:

- هەڵبەتە من بە هیچ جۆرێک بڕوام بەم پەیوەندیگرتنە ڕۆحییانە نییە.

لەبەر خۆمەوە وتم: "گرنگ نییە، با وابێت."

- زۆر چاکە، با وابێت، وێڵیکە... ڕازیت؟

دیسان وەڵامیم دایەوە:

- ڕازیم.

ئەمە دواقسە بوو، کە پێکەوە کردمان، ئیتر بێ ئەوەی هیچ بڵێین دەستی یەکمان گوشی، بە گەرمی پەنجەمان تێک ئاڵاند، کەچی ناکاو لێک ترازان. من وەک ئەوەی بە دوامەوە بن، بێ ئەوەی ئاوڕ بدەمەوە، گورج ڕۆیشتم، جارێک ئارەزووم کرد ئاوڕ بدەمەوە و بۆ دواجار هاوڕێکەم ببینم، بەڵام خۆم گرت و فەرمانم بە خۆمدا: "مەگەڕێوە، بڕۆ."

گیانی مرۆڤ، کە خزاوەتە نێو قاوغی لەشەوە، هێشتا ناکامڵ و نادروستە، بەو کەموکورتییەی خۆیەوە، ناتوانێت پێشبینیی ئایندەیەکی ڕوون و بەلەز بکات، ئەگەر توانیبای، ئەم لێکدابڕانە شێوەیەکی دیکەی لە خۆ دەگرت.

*

تا دەهات دنیا زیاتر ڕووناک دەبووەوە، ئێستا ئەم دوو بەیانییە ئاوێزانی یەک بووبوون. من ڕووخساری هاوڕێ خۆشەویستەکەمم، لەژێر باران و دۆخی بەندەرەکەدا، بە خەمباری و بێدەنگییەوە، چاکتر دەبینی. دەرکەی کافتریا کرایەوە. دەریا لرفەی دەهات و دەریاوانێکی کورتەباڵای لنگ فشوفۆڵ و سمێڵشۆڕ هاتە ژوورەوە. دانیشتووەکان بە شادییەوە دەنگیان بۆ هەڵبڕی:

- سڵاو! کەشتیوان، لیمونی!

من دیسان چوومە پەنایەکەوە و هەوڵم دا جارێکی تر ئەو خەونانە لە زەینی خۆمدا بەرجەستە بکەم، بەڵام تازە ڕووی هاوڕێکەم لە بارانەکەدا توابووەوە.

تا دەهات ڕۆژ زیاتر ڕووناک دەبووەوە. لیمۆنیی کەشتیوان، تەزبیحە کارەباییەکەی خۆی دەرهێنا و بە بێدەنگی و دەموچاوێکی مۆنەوە، دەستی بە تەزبیحات کرد. من هەوڵم دا هیچ نەبینم و نەژنەوم و ئەو تۆزە خەونەی، کە دەیویست لە پێش چاومدا ون ببێت، لە زەینمدا بیهێڵمەوە. خۆزگە جارێکی دی ئەو ساتەم دەبینییەوە، کە هاوڕێکەم بە "مشکی کاخەزخۆر"ی ناو بردم و من بە شەرمەوە تووڕە بووم.

لەوە بە دوا، من هەر بیرم لەوە دەکردەوە، کە هەموو ڕق و نەفرەتییەکانی ڕابردووی تەمەنم لەو ڕستەیەدا بەرجەستە بوون، منێک، کە بەو ڕادە زۆرە ژیانم خۆش ویستووە، چۆن بەوە قایل بووم ماوەیەکی دوورودرێژ لەژێر هەرەسی کتێب و کاخەزی ڕەشنووسدا خەفە ببم؟ ئەو لێک جیابوونەوەیەی ئەو ڕۆژەی هاوڕێکەم بە ئاگای هێنامەوە، چاوی زیاتر کردمەوە، هەستم بە بارسووکی کرد. لەوە بە دوا، کە ناوی نەگبەتییەکەی خۆم زانی، ئیتر تا ڕادەیەک دەمتوانی بە ئاسانی بە سەریدا زاڵ ببم، ئیدی ئەم نەگبەتییە نادیار و سیحراوی نەبوو، بەڵکوو لەناو وتەیەکدا بەرجەستە بووبوو، بۆ منیش بەرەنگاری کردنی ئاسان بوو، بەڕاستی ئەم وتەیە بە سەختی کاری لە ناخم کرد، بۆیە لەوە بە دوا بۆ پاساوێک دەگەڕام، تا واز لە کاخەز و کتێب بهێنم و بکەومە ناوجەرگەی کار و ژیانەوە. قێزم لەوە دەهاتەوە، کە مشکی نەگبەت بووەتە هاوناوی من. تا پێش مانگێک ئەو دەرفەتەم بۆ ڕەخسا، کە بەو مەبەستەم بگەم، لە شوێنێکی کەناری دوورگەی کریتدا، بەرانبەر بەلیبیا، کانزایەکی کۆن و تەریکی خەڵوزی (لینیت)م بە کرێ گرت، وا

ئێستا دەچمە ئەوێ تا لەگەڵ خەڵکێکی سادە، واتا لەگەڵ کرێکار و جوتیاردا دوور لە ڕەگەزی کاخەزخۆران بژیم.
بە شەوق و زەوقێکی زۆرەوە باری سەفەرم بەست، دەتوت ئەم سەفەرە نهێنییەکی لە خۆیدا شاردووەتەوە، بڕیارم دابوو شێوەی ژیانی خۆم بگۆڕم، بە خۆم دەوت: "گیانی من! تۆ تا ئێستا بێجگە لە تارمایی هیچی ترت نەدەبینی و دڵیشت پێی خۆش بوو، بەڵام من ئێستا تۆ بە خودی جەستە دەگەیەنم." ئیتر خۆت ئامادە کرد. ڕۆژی پێش سەفەرەکەم، کە بە نێو پەڕە کاخەزەکانمدا گەڕام، دەستنووسێکی ناتەواوم دۆزییەوە، بە گومانەوە هەڵم گرت و تەماشام کرد، دوو ساڵ بوو لە قووڵاییی بوونمدا ئارەزوویەکی گەورە هەڵدەچوو، ئارەزوویەک وەک تۆو چێندرا بوو، ئارەزووی بوودا، لە هەر چرکەساتێکدا، هەستم دەکرد ئەو ئارەزووە ناوەوەی من دەخوات، گەشە دەکات و گەورە دەبێت، دەجووڵێ و بۆ هاتنە دەرەوە، بە ئەسپایی لە سنگم دەدات، ئیتر نەمدەتوانی لە کۆڵ خۆمی بکەمەوە، ئەسڵەن توانای کارێکی وام نەبوو، تازە بۆ لەباربردنی ئەو بیرە گەلێک درەنگ بوو.
لەوکاتەدا، کە بە گومانەوە دەستنووسەکەم لەناو لەپمدا گیر دابوو، ناکاو زەردەخەنەی هاوڕێکەم، کە پڕ بوو لە گاڵتە و خۆشەویستی، ئەو ناوەی داگرت. بە نیگەرانییەوە وتم: "من ئەمە لەگەڵ خۆمدا دەبەم، پێ مەکەنە، هەردەیبەم."
دەستنووسەکەم وەک منداڵێکی شیرەخۆرەی قوناغەکراو بە چاکی پێچایەوە و هەڵمگرت.
دەنگی ڕەق و ناجۆری لیمونیی کەشتیوان بەرز بووەوە، من گوێم گرت، باسی لەو دێو و درنجانە دەکرد، کە لە کاتی زریاندا سەرکەوتبوونە سەر بادەوانەکەی و کەوتبوونە لستنەوەی. دەی وت:

- ئەو دێو و درنجانە نەرم و لینجن، کە مرۆڤ دەستیان لێدەدات دەستی دەسووتێت. من جارێک خۆم بادا و بە درێژاییی ئەو شەوە وەک شەیتان پزیسک لە ڕووم بووەوە، ئەوسا وەک ئەوەی پێم وتن، ئاو هاتە ناو کەشتییەکەوە و بارە خەڵوزەکەمی تەڕ کرد. بارەکە هێند قورس بوو لەوەدا بوو کەشتییەکە سەروبن بێت، تا دەیشهات پڕتر دەبوو، لەو کاتەدا یەزدانی مەزن بەزەییی بە مندا هاتەوە، هەورە تریشقەیەکی وای نارد، کە دەرکەی تەختەی ئەمباری کەشتییەکەی لێ کردەوە و هەموو خەڵووزەکەی ڕژاندە نێو دەریاکەوە، دەریا پڕ بوو لە خەڵووز، کەشتییەکە سووک بوو، لاسەنگییەکەی نەما و ڕاست بووەوە، بەو شێوەیە من ئەمجارەیش ڕزگارم بوو.

کتێبەکەی دانتیم لە گیرفانم دەرهێنا، کە "هاوڕێی سەفەر"م بوو. پاپەکەمم پێ کرد. پاڵم بە دیوارەکەوە دا و ئاسوودە پێم لێ درێژ کرد. کەمێک دوودڵ مام، کە لە کوێی شیعرەکانەوە دەست پێ بکەم، لە قیرە سووتێنەرەکانی دۆزەخەوە، یان لە بڵێسە فێنک و پاکژکەرەوەکانی بەرزەخەوە؟ یان ڕاستەوخۆ خۆم بخەمە سەر بەرزترین چینی "ئومێدی مرۆڤ"،[6] دەبوو یەک لەمانە هەڵبژێرم. کتێبە بچکۆلەکەی دانتیم بە دەستەوە بوو، چێژم لەوە دەبرد، کە ئازادم لەم هەڵبژاردنەدا، چونکە ئەو شیعرانەی ئەو بەیانییە بۆ خوێندنەوەی خۆمم جیا کردنەوە، جۆش و ئاهەنگێکی تەواوی دەدایە هەموو ڕۆژەکەم.

خۆم دابوو بەسەر لاپەڕە پڕ لە نووسینەکانی کتێبەکەدا، تا بڕیارەکەم بدەم، بەڵام دەرفەتی ئەو کارەم بۆ نەڕەخسا، ناکاو بە نیگەرانییەوە

---

6 ئاماژەیە بە فەسڵە جیاوازەکانی کتێبی (کۆمیدیای خودایی)ی دانتی. -ف-

سەرم بڵیند کرد، نازانم بۆ وام هەست کرد، کە دوو کون بوونەتە تەپڵی سەرم، زوو ڕووم وەرگێڕا و لە دەرکە شووشەییەکەوە لە پشت سەری خۆمم ڕوانی، ئومێدێکی دێوانەئاسا، کە دەشێت هاوڕێکەم ببینمەوە، وەک برووسکە بە مێشکمدا گوزەری کرد، وام هەست کرد پەرجوویەک دەبینم، بەڵام پەرجوو ڕووی نەدا، غەوارەیەکی تەمەن نزیک شەست ساڵە، باڵابەرزێکی باریک و چاوبز، لووتی بە شووشەکەوە نووساندبوو و تەماشای منی دەکرد، توربەیەکی بچووکی لەبن دەست بوو.

ئەوەی زیاد لە هەر شتێک کاری لێ کردم، چاوی بوو، چاوی خەماوی و نیگەران، گەپباز و پرشنگهاوێژ. ئیتر وا هاتبوونە بەر چاوی من.

کە نیگای هەردووکمان پێک گەیشت- وەک ئەوە لە دڵی گەڕابێت، کە ئەو کەسەی بە دوایدا وێڵە من بم- بێ دوودڵی دەستی درێژکرد و دەرکەی کردەوە، بە هەنگاوی درێژ و خێرا بەلای مێزەکاندا تێپەڕی، کە گەیشتە بەردەمم وەستا، لێی پرسیم:

- دەچیتە سەفەر؟ خوا بیکات بۆ کوێ؟
- دەڕۆم بۆ کریت، بۆ دەپرسیت؟
- منیش دەبەیت؟

بە وردی لێیم ڕوانی، ڕوومەتی تێک قوپاوی، چەنەی پانی، ئێسکە دەرپەڕیوەکانی دەموچاوی، مووی خۆڵەمێشی و لوولی، دوو چاوی درەوشاوەیش.

- تۆ بۆ؟ چیت لێ بکەم؟

شانی هەڵتەکاند و بە تەوسەوە وتی:

- بۆ! بۆ! واتا مرۆڤ بە بێ وتنی "بۆ" ناتوانێت کار بکات؟ ناتوانێت بە دڵی خۆی کارێک بکات؟ باشە، لەگەڵ خۆتمدا

بەرە. ئیتر... وەک چێشتلێنەرێک، من گۆشتاوی وا دروست دەکەم لە ژیانتدا نە خواردبێتت و نە بیستبێت.

دامە قاقای پێکەنین. خۆشم لە ڕەفتار و قسەی هات، حەزیشم لە گۆشتاو بوو. بیرم کردەوە، بردنی زەلامێکی وا سادە بۆ ئەو کەنار دەریا دوور و تەریکە، ڕەنگە کارێکی خراپ نەبێت، هیچ نەبێت گۆشتاو و ڕابواردنێکی تێدایە. لە ڕواڵەتیدا ئەوە دیار بوو، کە گەلێک دەریای بڕیبێت و بۆ خۆی سەندبادێکی بەحری بێت. خۆشم پێی هات.

سەرە زلەکەی لەقاند و زۆر خۆمانە وتی:

- بیر لە چی دەکەیتەوە؟ سەیرە! دیارە تۆیش بەسەنگ و تەرازوو لێکی دەدەیتەوە و تا دوا مسقاڵ دەی کێشیت، وا نییە؟ دەی کاکی من بڕیار بدە، ئازابە.

ئەم کابرا چەتەوڵە بەسەر سەرمەوە وەستابوو، من لەوە ماندووتر بووم سەر بەرز بکەمەوە و قسەی لەگەڵدا بکەم، کتێبەکەی دانتیم لێک ناو پێم وت:

- دانیشە! حەز دەکەیت پیاڵەیەک گوڵەمریەمەی کوڵاو بخۆیتەوە؟

دانیشت و توربەکەی بە پارێزەوە لەسەر مێزەکەی تەنیشتی دانا. بە تەوسەوە وتی:

- گوڵەمریەمە؟ ئادەی ڕۆڵە پێکێک ئارەقم بۆ بێنە.

ئارەقەکەی قوم قوم هەڵدەدا و هەر قومێکیشی بۆ ماوەیەک لەناو دەمیدا ڕادەگرت، تا تەواو تامەکەی بچێژێت، پاشان لەسەرخۆ نۆشی دەکرد تا دەروونی گەرم بکاتەوە. بە خۆم وت: "مرۆیەکی چێژپەرستە، بێگومان کارامە و بە ئەزموونیشە." لێم پرسی:

- چ کارەیت؟

- هەموو شتێک، بە پێ، بە دەست، بە سەر، بە هەموو شوێنێکم، ئەوەندە بەسە کە پێم بڵێیت چی بکەم.
- بەم دواییە لە کوێ کارت دەکرد؟
- لە کانێکدا، من کانزاییەکی چاکم، دەزانیت؟ هەموو جۆرە کانزایەک باش دەناسم، دەتوانم ڕیشەی کان بدۆزمەوە. تونێل لێ بدەم و بچمە ناو بیرەوە، هیچ ناترسم، لەوێ کاری باشم دەکرد، سەرکار بووم و گلەییم لە ژیان نەبوو، بەڵام ناکاو شەیتان دەستی خستە کارەکەمەوە. عەسری شەممەی ڕابردوو کەمێک سەرم .گەرم بوو، خاوەن کارەکە، کە ئەو ڕۆژە بۆ پشکنین هاتبووە کارگەکە؛ گرتم و تێرم کوتا.
- لێت دا؟ بۆ؟ چی لێت کردبوو؟
- لە من؟ هیچ. باوەڕ بکە هیچی لە من نەکردبوو، تەنانەت ئەمە یەکەمجار بوو ئەو پیاوە ببینم، ئەو بێچارەیە جگەرەیشی بەسەرماندا دابەش کرد.
- ئەی بۆ؟
- ئا! تۆیش زۆر پرسیار دەکەیت! ئیتر برالە وام بەسەر هات. تۆ چیرۆکی ژنی ئاشەوانت[7] بیستووە، ها؟ چاکە، دەشێت مرۆڤ لە گەڵوگیپاڵی ژنە ئاشەوانەوە فێری خوێندن بێت؟ ئاوەزی ئادەمیزادیش تەواو وەک گەڵوگیپاڵی ژنی ئاشەوانە، من لە بارەی ئاوەزی مرۆڤەوە زۆر پێناسەم خوێندوونەتەوە، بەڵام ئەمەیانم لە هەموو ئەوانی دی پێ سەیر و دیارتربوو، بۆیە پێم خۆشبوو.

[7] ئاماژەیە بە چیرۆکێک، کە پیاوێک بۆ ئاردکرین دەڕواتە ئاشێک، ژنی ئاشەوانەکە بۆ هەڵگرتنی ئاردەکە دادەنەوێت و خوارەوەی دەر دەکەوێت، پیاوەکە لەو دیمەنە دەخرۆشێت و خۆی بۆ ناگردرێت.-ک-

به پەرۆشەوە تەماشای هاوڕێ تازەکەمم کرد، دەموچاوی پڕ لە چرچولۆچی، وەک خۆرە لێی دابێت وابوو، دەتوت ڕەشەبا و باران خواردوویانە. چەند ساڵ دوای، ئەوە دیسان دەموچاوێکی تری لەو بابەتە، وەک داری خۆرە لێ دراو و ناجۆری هێنایەوە یادم، ئەویش دەموچاوی پانا ئیت ئیستراتی[8] بوو.

لێم پرسی:

– چی لە توربەکەت دایە؟ خۆراک؟ جلوبەرگ؟ یان ئامرازی کار؟

هاوڕێکەم شانی هەڵتەکاند و بە پێکەنینەوە وتی:

– بێچاوێنی بێ! هوشیار دێیتە بەرچاو!

بە قامکە درێژ و درشتەکانی توربەکەی کردەوە، پاشان کەوتەوە قسە:

– نا، ئەمە سەنتوورە.

– سەنتوور؟ مەگەر تۆ سەنتووریش دەژەنیت؟

– بەڵێ! کە لات دەبم، دەکەومە چایخانە و مەیخانەکان و سەنتوور لێ دەدەم. ئاوازە کۆنەکانی ماکدۆنیا دەڵێمەوە، پاشان بەم کڵاوەمەوە، کە دەیبینی، خولێک دەخۆم و داوا دەکەم تا کڵاوەکەم پڕ دەبێت لە دراوی قەبە.

– ناوت چییە؟

– ئالیکسیس زۆربا[9]. هەندێک جار بە هۆی درێژی باڵام و سەرە پانەکەمەوە، بۆ گاڵتەپێکردن بە (کەرەک)[10] ناوم دەبەن، بەڵام هەموو کەسێک ئازادە بە هەر ناوێکەوە، کە

---

8 Panati istrati (1884- 1935) نووسەری ڕۆمانی کە تووشی نەخۆشی سیل هات، بە زمانی فەرەنسەیی دەینووسی، شاکارەکانی (ماڵی تورنیگا 1933) و بەرگی یەکەمی ژیانی ئادریان زوگرافی (مرۆی بێئیمان).

9 Alexis Zorba

10 کەرەک: دارێکی درێژی سەرپانە، لە فرنەکاندا کولێرە و سەموونی پی تاوتوێ دەکەن. کەڵۆژیشی پێ دەڵێن.-ک-

بیەوێت بانگم بکات. ناوێکی ترم (پاسوتیمپو)، یان (کات بەسەر بردن)ە، چونکە سەردەمێک ناوکە کوولەکەی برژاوم دەفرۆشت، ناوێکی ترم (ئافات)ە، چونکە ڕێم بکەوێتە هەر جێیەک تووشی بەڵای دەکەم، ناو و نازناوی تریشم هەن، بەڵام باسی ئەوانە بۆ کاتێکی تر.

– چۆن فێری سەنتوورلێدان بوویت؟

– تەمەنم بیست ساڵان بوو، لە جەژنێکی گوندەکەماندا، کە دەکەوێتە دامێنی چیای ئۆڵەمپەوە، بۆ یەکەمجار بیستم کەسێک سەنتوور لێ دەدات، ئەوەندەی ڕاکێشام کە هەناسەم لە سینەمدا وەستا و هەموو گیانم بوو بە گوێ و تا سێ ڕۆژ هیچم بۆ نەخورا. شەوێک باوکم، خودا لێی خۆش بێت، لێی پرسیم: "چییە؟ چ مەرگتە؟" وتم: "دەمەوێت فێری سەنتوورلێدان ببم" وتی: "شەرم ناکەیت؟ بۆ تۆ قەرەجیت؟ دەتەوێت ببیتە لۆتی؟" وتم: "دەمەوێت فێری سەنتورلێدان بم." کەمێک پارەم پاشەکەوت کردبوو، کە زەماوەندی پێ بکەم، ئەوسا من هەرزەکار بووم، جۆش و خرۆشی گەنجیەتیم بوو، منی هەژار و گەمژە دەمویست ژن بهێنم، هەرچییەکم هەبوو بە کەم و کەسرێکەوە بە سەنتوورێکم دا، ئەمە ئەو سەنتوورەیە کە ئێستا دەیبینیت. بەم سەنتورەوە کەوتمە گەڕان، هەر ڕۆیشتم تا گەیشتمە **سالۆنیک**، لەوێ تورکێکم پەیدا کرد بە ناوی ڕیتسیپە فەندی[11]، کە مامۆستای سەنتورلێدان بوو، کەوتم بەسەر پێیدا. وتی: "چیت دەوێت بەچکە گاور؟" وتم: "دەمەوێت فێری سەنتوورلێدان بم." وتی: "باشە بۆ خۆت دەخەیتە سەر پێم؟" وتم: "چونکە پارەم نییە

[11] Retsep Effenai

له باتی فێرکردنەکەم بتدەمێ." وتی: "کەواتە تۆ شێت و شەیدای سەنتوورلێدانیت؟" وتم: "بەڵێ!" وتی: "باشە، بمێنەرەوە ڕۆڵە! من چاوم لە پوڵی تۆ نییە."

ساڵێک لای مامەوە و فێری سەنتوورلێدان بووم. ڕەنگە ئەو ئێستا مردبێت. خودا لێی خۆش بێت، خودایەک، کە دەرکەی بەهەشتەکەی لەسەر سەگەل دەکاتەوە با لەسەر ڕێتسیپە فەندیشی بکاتەوە. من لەو کاتەوەی فێری سەنتوورلێدان بووم؛ بوومەتە مرۆڤێکی تر، کە خەم دام دەگرێت، یان بێ پارە دەبم، سەنتوور لێ دەدەم، وا هەست دەکەم باری لەشم سووکتر دەبێت. لە کاتی سەنتوورلێداندا ئەگەر قسەم لەگەڵدا بکەن هیچ ناژنەوم و ئەگەر بیشی ژنەوم، ناتوانم قسە بکەم، هەڵبەت دڵم دەیەوێت بەڵام ناتوانم.

لێم پرسی:

- بۆ زۆربا؟
- ئای! ئیتر بە ئارەزوو.

دەرکە کرایەوە، دیسان دەنگی هاژەهاژی دەریا خۆی کردەوە بە ناو کافتریادا، دەست و پێی هەمووومان لە تاو سەرما بەستبووی. من زیاتر خۆم خزاندە گۆشەکەمەوە و پاڵتاوەکەم لە خۆمەوە پێچا، هەستم بە خۆشییەکی زۆری ئەو حاڵەتە کرد. بە خۆم وت: "بۆ کوێ بچم؟ لێرەدا ئاسوودەم، خۆزگە ئەمە چەند ساڵێکی دەخایاند."

تەماشای ئەو مرۆڤە سەیرەم دەکرد، کە بەرانبەرم دانیشتبوو، چاوی تێبڕیبووم، چاوە بچووک و خڕەکانی، کە تەواو ڕەش بوون و لە سپێنەکەیاندا وردەدەماری سوور دەبیندرا، هەستم کرد ئەو چاوانە بە قوڵاییی مندا ڕۆ دەچن و ناوەوەم هەڵدەکۆڵن.

وتم:

- باشە، دوای ئەوە؟

جارێکی تر زۆربا شانە ڕەق و تەقەکانی هەڵتەکاندن و وتی:

- ئیتر واز لەم باسە بهێنە، دەتوانیت جگەرەیەکم بدەیتێ؟

جگەرەیەکم دایە، لە گیرفانی هێلەکەیدا بەردە چەخماخێک و ئەستێیەکی دەرهێنان و جگەرەکەی داگیرساند، وەک نیشانەی قایلبوون چاوی نیوەنووقاو بوون.

پرسیم:

- ژنت هێناوە؟

بە تووڕەیییەوە وتی:

- بۆ نا؟ منیش پیاوم، وا نییە، پیاویش واتا کوێر، منیش وەک هەموو پیاوانی دی بە سەرەوە کەوتمە نێو چاڵەکەوە و ژنم هێنا، پاشانیش خراپ لێژ بوومەوە، واتا بوومە سەرۆکی خێزان،ماڵێکم دروست کرد و بووم بە خاوەنی منداڵ و دەردی سەری، بەهەر حاڵ... درووود بۆ سەنتوور.

- واتا بۆ نەهێشتنی خەم و خەفەت لەنێو ماڵدا سەنتوورت دەژەند؟

- ئاه! دیارە تۆ ناتوانیت هیچ سازێک بژەنیت! ئەم قسانە چین دەیانکەیت؟ لەنێو ماڵدا دنیایەک ناخۆشی هەن، ژن هەیە، منداڵ هەیە، بیر لەوە دەکەیتەوە چی بخۆن؟ چی لەبەر بکەن؟ ئایندە چۆن دەبێت؟ ئای لەو دۆزەخە! نا گیانەکەم... نا، دەبێت بۆ سەنتوورلێدان خەیاڵت ئاسوودە بێت، دەبێت لە بیری هیچی تردا نەبیت. کە ژنەکەم زۆر بلێیی بکات چۆن چاوەڕێی ئەوە دەکەیت بتوانم سەنتوور لێ بدەم! کە مناڵەکانم لە برساندا زروقەیان بێت، کەی دڵ و دەماخی سازلێدانم دەبێت؟ بۆ سەنتوورلێدان دەبێت مرۆڤ هەموو

هۆش و گۆشی لای سەنتوورەکەی بێت، نەک لە جێی تر، تێدەگەیت؟

بەڵێ، لەوە گەیشتم زۆربا ئەو کەسەیە، کە ماوەیەکی درێژ بوو من بە دوایدا دەگەڕام و نەم دەدۆزییەوە، پیاوێکی دڵ زیندوو، نەوسن و چڵێس، گیانێکی گەورە و سەرکێش، کە هێشتا پەیوەندیی لەگەڵ دایکی سروشتدا نەبڕیبوو، ئەم پیاوە کرێکارە، واتای وشەکانی هونەر، خۆشەویستی، جوانی، پاکژی و ئارەزووی بە سادەترین وشەی مرۆیی بۆ من ڕاڤە دەکرد.

تەماشای دەستە زبر و قڵیشاو و دەماراوییە ناقۆڵاکانیم کرد، کە دەیانتوانی هەم بێڵکاری بکەن و هەم سەنتوور لێ بدەن. زۆر بە هێوری و سۆزەوە، وەک کراس لە بەر ژنێک دابکەنێت توربەکەی کردەوە، سەنتوورێکی کۆنی، کە بڕبەنی زەمانە بریقەی دابێتێ، بە کۆمەڵێک ژێی لەمس و لە عاج دروستکراو، کە بە گوڵینگەیەکی سووری ئاوریشمین ڕازێندرابووەوە، دەرهێنا، بە پەنجە درشتەکانی لەسەرخۆ و ئارام کەوتە لاواندنەوەی سەنتوورەکەی، وەک ژنێک بلاوێنێت وا بوو. پاشان جارێکی تر وای لە توربەکەدا پێچایەوە، دەتوت لەشی خۆشەویستەکەیەتی و نایەوێت سەرمای ببێت. دیسان بە پارێزەوە توربەکەی لەسەر کورسیەکە دانا، لەبەر خۆیەوە وتی:

- ئەمەیە سەنتوورەکەی من.

وا ئێستا کەشتیوانەکان پێکەکانیان لێک دەدەن و قاقا پێدەکەنن، کاپتنە پیرەکە مستێکی خۆشەویستانەی بە پشتی لیمونیی کەشتیوانەدا کێشا و پێی وت:

- بێگومان زۆر ترسایت، وا نییە لیمونی؟ ڕاست بڵێ، خودا دەزانێت چەند دانە مۆمت نەزری نیکولای پیرۆز[12] کردووە!

کەشتیوانەکە برۆ پڕەکانی وێک هێنانەوە و وتی:

- کوڕینە! من بەم دەریایە سوێند بۆ هەمووتان دەخۆم، کە ڕووبەڕووی مەرگ بوومەوە، نە حەزرەتی مریەمم بیرکەوتەوە و نە دەستم بە داوێنی نیکۆلاوە گرت، تەنیا ڕووم بەرەو سالامین[13] وەرگێڕا، ژنەکەمم بیر کەوتەوە و هاوارم کرد: "ئای کاترینای میهرەبانم، خۆزگە ئێستا لەناو پێخەفەکەتدا دەبووم."

دیسان کەشتیوانەکان لە قاقای پێکەنینیان دا و لیمونیی کاپتنیش پێکەنی، دووبارە کەوتەوە قسە: "بڕوانن، ئەم ئادەمیزادە چ دەعبایەکی سەیرە! ئیزرائیل بە شمشێری ڕووتەوە بەسەر سەریەوە وەستاوە و کەچی ئەو بیری لەو شوێنەیە، کە وتم، هەر ئەو شوێنە نەک جێی تر. دەک بەر نەفرەتی شەیتان کەویت هەی بەرازی پۆخڵ."

دەستی بە یەکدا دا و هاواری کرد:

- دەی ڕۆڵە، ڕیزێک خواردنەوە بۆ هەموو برادەران بێنە.

زۆربا، گوێچکە گەورەکانی بۆ قسەکان تەکاندبوو، پاشان ڕووی بە لای کەشتیوانەکاندا وەرگێڕا، ئنجا لە من ڕاما و پرسی:

- ئەم برادەرە مەبەستی لە کوێیە؟ باس لە چی دەکات؟

ناکاو تێگەیشت و ئاخێزێکی بۆ کرد، بە دەنگێکی ئافەرین ئامێزەوە وتی:

---

[12] Saint nicholas قەشەیەکی سەدەی چوارەمە، کە لە سەرانسەری دنیای مەسیحییەتدا جێی ستایش و ڕێزلێنان بوو.-ک-

[13] Salamis سالامیس، یان سالامین دوورگەیەکە لە ڕۆژهەڵاتی یۆنان و ڕۆژئاوای ئەسینادا، لە کەنداوی سارونیک.

-ئافەرین هاوڕێ! ئەم کەشتیوانانە ئاگاداری نهێنییەکانن، ئەشێ لەبەر ئەوەبێت، کە شەوانەڕۆژ چنگاوشی مەرگن.

مستە تۆپزییەکەی لە هەوادا چەرخاند و پاشان وتی:

- باشە ئەمە چیرۆکێکی ترە، با بگەڕێینەوە سەر باسەکەی خۆمان، ئێستا من بڕۆم یان بمێنمەوە؟ تۆ بڕیاری خۆت بدە.

وتم:

- زۆربا! [ئەوەندە لێم هاتبووە پێشەوە خەریک بوو بکەومە ئامێزی] تۆ لەگەڵ مندا وەرە، من لە کریت کانی خەڵوزی بەردم هەیە و تۆیش دەبیتە چاودێری کرێکارەکان، شەوانە بە جووتە لەسەر لمی کەنار دەریادا پاڵ دەکەوین. من لەم دنیایەدا نە ژنم هەیە، نە منداڵ و نە سەگیش، پێکەوە دەخۆین و دەخۆینەوە، پاشان تۆ سەنتوور دەژەنیت.

- بێگومان ئەگەر سەر و دڵم خۆش بن، ئەگەر لەسەر خۆم بم. لە بارەی کارکردنیشمەوە؛ تا بڵێیت کار دەکەم، چونکە دەبمە پیاوی تۆ، بەڵام سەنتوورلێدان باسێکی ترە، سەنتوور گیاندارێکی کێوییە و پێویستی بە ئازادییە، ئەگەر من کەیفم ساز بێت، سەنتوور لێ دەدەم و گۆرانییش دەڵێم، سەمای زێیم بکیکۆ[14] و هاساپیکۆ[15] و بیندوزالیس[16] دەکەم، بەڵام با هەر لەم سەرەتایەوە پێت بڵێم، هەموو ئەمانە کاتێک دێنە دی، کە من بە تەواوی کەیفم ساز بێت، برادەریمان لەولاوە بوەستێت، هەر شتێک بە کاتی خۆی، ئەگەر بتەوێت بە زۆر

14 Zeimbekiko سەمایەکی میللی یەک لە خێڵە کەنارییەکانی ئاسیای بچووکە.

15 Hassapiko سەمای قەسابان.

16 Pendozali، یان Pentozali لە سەما جۆراوجۆرەکانی گەلی کریتن.

پێم بکەیت ئەوا پێکەوە ناگونجێین. دەبێت ئەوە بزانیت، بۆ ئەم جۆرە شتانە من مرۆڤێکم بۆ خۆم.

Free Will

- مرۆڤێک؟ مەبەستت چییە؟
- مەبەستەکەم ئاشکرایە، واتا ئازادم.

بانگم کرد.

- گارسۆن! پێکێکی تر ئارەق.

زۆربا هاواری لێ هەستا:

- بیکە بە دوو پێک، تۆیش دەبێت بخۆیتەوە، دەبێت پەرداخەکانمان لێک بدەین، گوڵ مریەمەی کوڵاو و ئارەق پێکەوە ناگونجێن، دەبێت تۆیش پێکێک ئارەق بخۆیتەوە، تا ڕێکەوتنەکەمان کۆکتر بێت.

هەردووکمان پەرداخەکانمان لێکدان، ئیتر تەواو ڕۆژ بووبووەوە. کەشتی، شووتی لێدا. بەلەموانێک، کە جانتاکانی منی هێنابووە ناو کەشتییەکەوە؛ ئاماژەی بۆ کردم، بەدەم هەستانەوە وتم:

- خودامان لەگەڵ! با بڕۆین.

زۆربا، خوێنساردانە وتی:

- شەیتانیش.

داموکایەوە و توربەی سەنتوورەکەی نایە بن باڵی، دەرکەکەی کردەوە و یەکەم کەس بوو، چووە دەرەوە.

٢

دەریا و هەوای خۆشی پاییزی و دوورگەکانی پڕ لە ڕووناکی و پەردەیەکی ناسکی وردەبارانی لەسەرخۆ، کە هەمیشە یۆنانە ڕووتەکەی دادەپۆشی، هەموومانی ئەفسوناوی کردبوو. بە خۆم وت: "خۆزگەم بەو کەسەی، کە پێش مردنی لە گەشتی نێو دەریای ئیجە تێر بووە."

خۆشبەختییەکانی ئەم دنیایە زۆرن، ژن، میوە، بیروباوەڕ، بەڵام بەلای منەوە هیچ خۆشییەک هێندەی گەشتی نێو ئەم دەریایە، لە هەوای سازگار و پاکیزەی پاییزدا، کە لەبەر خۆتەوە ناوی هەر یەک لە دوورگەکان بهێنیت، دڵی مرۆڤ ناخەنە قوڵاییی بەهەشتی تام و چێژەوە. مرۆڤ لە هیچ جێیەکی تری ئەم دنیایەدا، ئەوەندە هێور و ئاسان، لە واقیعەوە، هەنگاو نانێتە ناو خەونەوە. لێرە سنوورەکان دەپێچرێنەوە و لە ئەستوندەگی کۆنترین کەشتیدا گوڵ و میوە دەڕوێن. دەڵێی لێرە، لە یۆناندا، پەرجوو بەری دارێکە، کە پێویستیی ژیانە.

نزیکی نیوەڕۆ بوو، کە بارانەکە خۆشی کردەوە. خۆر هەورەکانی لە یەک دابڕین، خۆیشی ناسک و دلۆڤان و تازەشۆردراو دەرکەوت، بە تیشکەکەی خاک و ئاوە خۆشەویستەکەی لاواند. من لە پێشی کەشتییەکەدا وەستابووم، مەستی پەرجووەکانی سروشت بووم، کە تا کۆتاییی ئاسۆ دیار بوو.

٢

دەریا و هەوای خۆشی پاییزی و دوورگەکانی پڕ لە ڕووناکی و پەردەیەکی ناسکی وردەبارانی لەسەرخۆ، کە هەمیشە یۆنانە ڕووتەکەی دادەپۆشی، هەموومانی ئەفسوناوی کردبوو. بە خۆم وت: "خۆزگەم بەو کەسەی، کە پێش مردنی لە گەشتی نێو دەریای ئیجە تێر بووە."

خۆشبەختییەکانی ئەم دنیایە زۆرن، ژن، میوە، بیروباوەڕ، بەڵام بەلای منەوە هیچ خۆشییەک هێندەی گەشتی نێو ئەم دەریایە، لە هەوای سازگار و پاکیزەی پاییزدا، کە لەبەر خۆتەوە ناوی هەر یەک لە دوورگەکان بهێنیت، دڵی مرۆڤ ناخەنە قوڵاییی بەهەشتی تام و چێژەوە. مرۆڤ لە هیچ جێیەکی تری ئەم دنیایەدا، ئەوەندە هێور و ئاسان، لە واقیعەوە، هەنگاو نانێتە ناو خەونەوە. لێرە سنوورەکان دەپێچرێنەوە و لە ئەستوندەگی کۆنترین کەشتیدا گوڵ و میوە دەڕوێن. دەڵێی لێرە، لە یۆناندا، پەرجوو بەری دارێکە، کە پێویستیی ژیانە.

نزیکی نیوەڕۆ بوو، کە بارانەکە خۆشی کردەوە. خۆر هەورەکانی لە یەک دابڕین، خۆیشی ناسک و دلۆڤان و تازەشۆردراو دەرکەوت، بە تیشکەکەی خاک و ئاوە خۆشەویستەکەی لاواند. من لە پێشی کەشتییەکەدا وەستابووم، مەستی پەرجووەکانی سروشت بووم، کە تا کۆتاییی ئاسۆ دیار بوو.

کەشتییەکە یۆنانی تێدا بوو، کەسانێک کە لە شەیتان دەچوون، چاویان بز و مێشکیشیان وەک کاڵاکۆنەکانی بازاڕ وا بوو، سەرگەرمی بێنەوبەردەی مامەڵە بوون، لە پیانۆیەکی ناساز و ژنانی لەخۆبایی و بەدگۆ، بەڵام بە ڕواڵەت داوێنپاک دەچوون. هەموو ئەم دیمەنانە دۆخێکی گوندییانەی ناشیرینیان بەو ناوە دابوو، حەزت دەکرد ئەمسەر و ئەوسەری کەشتییەکە بگری، نوقمی ناو دەریاکەی بکەیت و زۆر چاک بیتەکێنیت، تا ئەو بوونەوەرانەی کەشتییەکەیان پیس کردووە، لە مرۆڤەوە بیگرە تا مشک و مێروو، هەموویان خاڵی بکەیتە نێو دەریاکەوە، پاشان کەشتییەکە بشۆیت و بە ڕەنگ و ڕوویەکی تازە و خاڵییەوە بیخەیتەوە ڕێ.

بەڵام من هەندێکجار بەزەیی بەرۆکی دەگرتم، بەزەیییەکی بودایی، سارد وەک دەرئەنجامەکانی باسوخواسی میتافیزیکی، بەزەیی نەک تەنیا بە حاڵی مرۆڤەکان، بەڵکوو بۆ هەموو ئەو دنیایەی کە دەجەنگن، هاوار دەکەن، دەگریەن، ئومێدیان هەیە و کەچی ئەوە نابینن، کە هەموو شتەکان بێجگە لە خەیاڵی پووچ و بێواتا چی دیکە نین. بەزەیی بە یۆناندا، بە کەشتی و دەریا و بە خۆم و بە کانی خەڵوز و بەو دەستنووسە ناتەواوەی منیشدا، کە لە بارەی بوداوەیە. بە هەموو ئەو پێکهاتە بێهودانەی ڕووناکی و تاریکی، کە ناکاو دێن و هەوای پاک و بێگەرد پیس دەکەن.

تەماشای زۆربام کرد، کە بە دەموچاوی قوپاو و ڕەنگی پەڕیوییەوە، لە پێشەوەی کەشتییەکە و لەسەر بەستە گوریسێک دانیشتبوو، لیمۆیەکی بۆن دەکرد و گوێ زلەکانی لە بگرەوبەردەی ئەوانە گرتبوو، کە یەکیان بەرگری لە شا دەکرد و ئەوی تریان لە

ڤینزولیس[17]، سەری دەلەقاند و تفی ڕۆ دەکردە سەر زەوییەکە، گاڵتەی بە قسەکان دەهات و لەژێر لێوەوە دەی وت:

– ئەم کالاکۆنانە چین! تەریق نابنەوە!

پرسیم:

– زۆربا! مەبەستت لە کاڵای کۆن چییە؟

– مەبەستم هەموو ئەم شتانەیە: دەوڵەت، دیموکراسی، ڕیفراندۆم، نوێنەران، هەموو ئەم شتە هەڵیتوپەڵیتانە.

بە بڕوای زۆربا، ڕووداوە هاوچەرخەکان کۆن بووبوون، چونکە ئەو لە بڕیاری ناوەوەی خۆیدا بەسەر هەموویاندا تێپەڕیبوو. لە زەینی ئەودا، تێلیگراف و کەشتیی هەڵم و ڕێی ئاسن و ڕەوشتی باو و وڵات و دین، شتگەلێک بوون لە بابەتی تفەنگە کۆن و ژەنگلێدراوەکان. گیانی زۆربا لە دنیا خێراتر بۆ پێشەوە دەڕۆیشت.

گوریسەکان بە ئەستوندەگەکانەوە جیڕەجیڕیان بوو. ڕۆخەکان سەمایان دەکرد. ڕەنگی ژنەکانی ناو کەشتی لە لیمۆ زەردتر بوو. هەموو چەکی ژنانەیان، واتا سوراو و سپیاو و کۆرسێت و سنجاقی سەر و شانەیان دانابوونە سەر زەوییەکە، لێویان بێڕەنگ و نینۆکیان شین داگەڕابوون. قژقەڕە پیرەکانیان پەڕیان لێ دەبووەوە، پەڕە خوازراوەکانیان دادەکەوت، وەک قردێلە و برژانگی دەستکرد و خاڵی کوتراو و ملوانکەکانیان، کە مرۆڤ چاوی پێیان دەکەوت هێڵنجی دەهاتێ و لە هەمان کاتدا زۆری دڵ پێیان دەسووتا. زۆربایش زەرد و پاشان سەوز داگەڕا و چاوە گەشەکانی لێڵ بوون، تەنیا لە دەوروبەری عەسردا بوو، کە بەرچاوی کرایەوە، دەستی درێژکرد و

---

[17] Venizelos، سیاسەتمەداری یونانی، کە لە شاری کانە- کریت (1864- 1934) لە دایک بووە، لە ساڵەکانی 1910 تا 1915 و 1928 تا 1932 و 1933 تا 1935 سەرۆوەزیری یۆنان بووە. -ف-

دوو دۆلفینی پیشاندام، کە لە ئاوەکەدا هەر هەڵبەز و دابەزیان بوو، پێ بە پێی کەشتییەکە دەهاتن، بە خۆشییەوە وتی:

- تەماشای ئەو دۆلفینە بکە.

لەو کاتەدا و بۆ یەکەمجار پەنجەی دۆشاومژەی دەستی چەپیم بینی، کە لە ناوەڕاستدا قرتابوو، ڕاچەنیم و پێم ناخۆش بوو، هاوارم لێ هەستا:

- زۆربا! ئەوە پەنجەت چییەتی؟

لەبەر ئەوەی لە بینینی دۆلفینەکان، من خۆشحاڵیی خۆم دەرنەبڕیبوو، بەساردییەوە وتی:

- هیچ.

من سوور بووم لەسەر پرسیارەکەم و پێم وتەوە:

- مەکینە پەنجەتی ورد کردووە؟

- مەکینەی چی؟ من خۆم بڕیومە.

- خۆت؟ بۆ؟

بە دەم شان هەڵتەکاندنەوە وتی:

- تۆ ناتوانیت تێ بگەیت سەرۆک، من پێم وتیت هەر کارێک تۆ بیڵێیت کردوومە. ماوەیەکیش گۆزەم دروست دەکرد، شەیدای ئەم کارەیان بووم، دەزانیت مرۆڤ مشتێک قوڕ هەڵگرێ و چی دڵی بیەوێت لێی دروست بکات چ واتایەکی هەیە! فڕڕڕ؛ چەرخەکە دەسوڕێنێ و وەک شێت قوڕەکەیشی لەگەڵدا دەسوڕێت، لەگەڵ ئەوەیشدا، کە تۆ بەسەر سەریەوە وەستاویت و دەڵێی ئێستا گۆزە دروست دەکەم، ئێستا دەفر دروست دەکەم، ئێستا چراوگێک دروست دەکەم، بە کورتی چی دڵم بیەوێت دروستی دەکەم، بەمە دەڵێن: "بوون بە مرۆڤ." واتا ئازادی.

هەر ئەندامی ئادەم بەسوودار دەکات
بۆ بوونی چاکە!

ئیتر دەریاکەی لە بیر کردبوو، گازی لە لیمۆکەی دەستی نەدەگرت و چاوەکانیشی ڕووناکتر بوون.

پرسیم:

– ئاخر پێت نەوتم پەنجەت بۆ وای لێهاتووە؟

– هیچ، کە لەسەر چەرخەکە کارم دەکرد ڕێی لێ دەگرتم، لە هەموو دیزەیەکدا ئەسکوێ بوو، کاری لێ تێک دەدام، منیش ڕۆژێک تەورێکم هەڵگرت و...

– ئازارت نەبوو؟

– چۆن ئازارم نەبوو، خۆ داروبەرد نیم؛ مرۆڤم. بێگومان ئازاری دام، بەڵام وەک پێم وتیت، دەستی هێنایە ڕێم و منیش بڕیم.

خۆر ئاوابوو. دەریا بۆ ماوەیەک هێور بووەوە و هەورەکان لێک دابڕان. یەکەمین ئەستێرەی شەو هەڵهات. من تەماشای ئاسمان و دەریام کرد و کەوتمە بیرکردنەوەی ئەوەی، مرۆڤ هێند عاشقی کارێک بێت، کە بە تەور پەنجەی خۆی بۆ ببڕێتەوە و ئازار بچێژێت... وەلێ ناخۆشییەکەی خۆمم شاردەوە و بە دەم زەردەخەنەوە وتم:

– بەڵام زۆربا! ئەمە کارێکی خراپە، ئەم کارەی تۆ چیرۆکێکم بیر دەهێنێتەوە، کە لە ئەفسانە ئاڵتونییەکاندایە[18]، ڕۆژێک زاهیدێکی خەڵوەتکێش ژنێکی بینی، ژنەکە ختوورەیەکی لە دڵ خست و لەوەدابوو لە ڕێی لابدات، زاهیدەکە تەورێکی هەڵگرت و...

---

[18] Goldenlegend، کۆمەڵێک ئەفسانەیە لە بارەی ژیانی قەشەکانەوە، کە لە سەدەی 13ی زاینیدا، یاکوبی ڤرازینی، نووسیویەتی، کتێبەکە بە زمانی لاتینی نووسراوە و وەرگێردراوەتە سەر زمانەکانی دیکە. لە ڕوانگەی فۆلکلۆری سەدەکانی ناوەڕاستەوە زۆر بە نرخە. هەموو حیکایەتەکانی لە بارەی ژیانی پاک و پیرۆزەوەیە.

زۆربا، کە دەیزانی کۆتاییی چیرۆکەکە چۆن دێت، قسەکەی پێ بڕیم و وتی:

- ئەو زاهیدە عەجەب کەرێک بووە، چۆن مرۆڤ ئەو شتەی خۆی دەبڕێت! بەڕاستی کەر بووە، چونکە ئەو ئەندامە بێچارەیە هیچ ڕێیەکت لێ ناگرێت.

من لەسەر ئەوە سوور بووم کە "چۆن ڕێ ناگرێ! هەر زۆریش ڕێگرە."

- ڕێگری چی؟

- ڕێگرە لە چوونە ناو بەهەشتی خوداوە.

زۆربا مۆڕەیەکی لێ کردم و بە تەوسەوە وتی:

- بەڵام کەرەگیان ئەو خۆی بەڕاستی کلیلی بەهەشتە.

سەری بڵند کرد و بە وردی لێم ڕاما، دەیویست لەوە بگات، کە ئاخۆ من لە بارەی ئەو بابەتانەوە، بابەتی ژیانی ئەو دنیا، فریشتەکانی ئاسمان، ژن و قەشەکان چۆن بیر دەکەمەوە، بەڵام وا پێدەچوو هیچی زیادەی دەستگر نەبووبێت، سەرە زل و موو ماشوبرنجیەکەی لەقاند و وتی:

- ئەوانەی ئەو ئەندامانەی لەشیان نییە ناچنە بەهەشتەوە.

پاشان بێدەنگ بوو.

من بۆ ئەوەی ڕاکشێم چوومە ژوورەکەی خۆمەوە. کتێبێکم بە دەستەوە گرت. هێشتا بیروباوەڕەکانی بودا کاریان لێ کردبووم. دەستم کرد بە خوێندنەوەی "گفتوگۆی بودا و شوان" کە لەم ساڵانەی دواییدا دڵنیایی و ئاسودەییی ڕۆحیان پێ دەبەخشیم:

(شوان: خۆراکم ئامادەیە و مەڕەکانم دۆشیون. دەرکەی کوختەکەم کیلۆن کردووە و ئاگرم کردووەتەوە، تۆیش ئەی ئاسمان، هەرچەندێکت دەوێت ببارێنە.

بودا: من ئیتر نە پێویستم بە خواردنە و نە بە شیر. بایەکان بوونەتە کوختم و ئاگریشم کوژاوەیە، تۆیش ئەی ئاسمان، هەرچەندێکت دەوێت بباریێنە.
شوان: من گا و مانگام هەن، مێرگەڵانی باووباپیرانم بۆ ماونەتەوە و گایەکیش، کە هەموو مانگاکان ئاوس دەکات، تۆیش، ئەی ئاسمان، هەرچەندێکت دەوێت بباریێنە.
بودا: من نە گام هەیە و نە مانگا، مێرگەڵانم نییە و هیچ شتێکی تریش، لە هیچ شتێکیش ناترسم، تۆیش ئەی ئاسمان، هەرچەندێکت دەوێت بباریێنە.
شوان: من ژنێکی گوێڕایەڵ و وەفادارم هەیە، کە ساڵانێکە هاوسەرمە، شەویش بە دەستبازی لەگەڵ کردنیدا، خۆشم لێ دەگوزەرێ، تۆیش ئەی ئاسمان، هەرچەندێکت دەوێت بباریێنە.
بودا: من گیانێکی گوێڕایەڵ و ئازادم هەیە، ساڵانێکە فێری دەکەم یاریم لەگەڵدا بکات، تۆیش ئەی ئاسمان، هەرچەندێکت دەوێت بباریێنە.)
هێشتا ئەو دوو دەنگە لە گوێمدا دەزرنگانەوە، کە خەو زۆری بۆ هێنام، با هەڵی کردبوو، شەپۆلەکان شووشە گەورەکەیان دەکوتا، لە نێوان خەو و بێداریدا وەک دووکەڵ لوولم دەخوارد، زریانێکی توند هەڵی کرد، مێرگەڵانەکان ژێر ئاوکەوتن و گا و مانگا و کەڵەگا هەموو نوقم بوون. باکە سەربانی کوختەکەی هەڵگرت و بردی. ئاگرەکە کوژایەوە. ژنەکە هاوارێکی لێ هەستا و کەوتە ناو قوڕ و لیتەکەوە و مرد. شوان کەوتە گریان، هاواری دەکرد و من گوێم لێ نەبوو چی دەڵێت، بەڵام ئەو دیسان هاواری دەکردەوە، منیش وەک ماسییەک بۆ نێو دەریا داکشێت، بەردەوام بەرە و خەونێکی قووڵ ڕۆ دەچووم.
کە بەرەبەیان لە خەو بە ئاگا هاتم، دوورگەیەکی گەورەی سەر بڵند، شکۆمەند و سەرکێشم لەلای ڕاستەوە بینی، ڕیزە چیایەکی گوڵڕەنگ

لە پشت تەم و لەژێر خۆرە پاییزییەکەوە زەردەی دەهاتێ، دەریا شینەکەی دەوری ئێمەیش هەر لە لرفە و چەپۆکاندا بوو.
زۆربا، کە خۆی لە لێفەیەکی قاوەییەوە پێچابوو، چاوی لە کریت نەدەگوێزتەوە، نیگای لە کێوەکانەوە دەپەڕییە سەر دەشت و پاشان بە درێژاییی ڕۆخەکە ورد دەبووەوە. دەتوت هەموو ئەو زەوی و دەریایانە بە چاوی ئاشنان و وا جارێکی تر شادمانە بەوەی، کە بە خەیاڵ پێیان لەسەر دادەنێتەوە.
لێی نزیک کەوتمەوە، دەستم نایە سەرشانی و پێم وت:
- بێگومان ئەمە یەکەمجار نییە بێیت بۆ کریت، زۆربا، تۆ بە چاوی هاوڕێیەکی کۆنەوە لێی دەڕوانیت.
زۆربا وەک لەشی داهێزرابێت باوێشکی دا، هەستم کرد تاقەتی قسەکردنی نییە و نایەوێت هیچ بڵێت، زەردەخەنەیەکم بۆ کرد و پێم وت:
- حەز لە قسەکردن ناکەیت زۆربا؟
لە وەڵامدا وتی:
- نا، سەرۆک! نەک حەزی لێ ناکەم، بەڵکوو کارەکەیشم پێ دژوارە.
- دژوار؟ بۆ؟
ئەو یەکسەر وەڵامی نەدامەوە، دیسان چاوی بە سەرتاپێی کەنار دەریاکەدا گێڕا. شەو لەسەر عەرشەی کەشتییەکە نوستبوو، شەونم لە قژە لوول و ماشوبرنجەکەیەوە دەچۆڕا، خۆرە هەڵهاتووەکەیش هەموو چرچولۆچەکانی ڕوومەت و چەنە و گەردنی دەرخستبوو.
دوایی، لچ و لێوە ئەستوور و شۆڕەکانی، کە لە لچ و لێوی سابرێن دەچوون کرانەوە. وتی:

- من ناتوانم بەیانیان بئاخفم، زۆرم لەلا ناخۆشە، داوای لێبوردن دەکەم.

بێدەنگ بوو، دیسان چاوە بچووک و خڕەکانی لە کریت بڕینەوە.

زەنگی نانخواردنی بەیانی لێیدا، دەموچاوە ترشاوەکان، ڕەنگی زەردی مەیلەوسەوز، وردە وردە لە ژوورەکانەوە هاتنە دەرەوە. ژنەکان بە قژی بژەوە لەسەر مێزێکەوە بۆ لایەکی دی خۆیان بە کێش دەکرد، بۆنی ڕشانەوە و کۆلۆنیایان لێ دەهات، ڕوانینیان ترس لێنیشتوو و گەلۆرانە بوو.

زۆربا، کە بەرانبەر بە من دانیشتبوو، بە ئیشتیهایەکی تەواوەوە قاوەکەی فڕ دەکرد، کەرە و هەنگوینی بەسەر نانەکەیدا دەساوی و دەیخوارد. وردە وردە دەموچاوی کرایەوە و ئارام بوو. لۆچەکانی دەوری دەمی کرانەوە. ئەو ساتەی لەسەرخۆ بەرگی خەواڵوویەتی لەبەر خۆی دادەماڵی و چاوی لە جاران زیاتر دەدرەوشایەوە؛ من لەژێرەوە لێم دەڕوانی. جگەرەیەکی داگرساند، زۆر تامەزرۆیانە مژی لێدا و لە کونەلووتە پڕ لە مووەکانییەوە هەورێکی دووکەڵی شین هاتە دەرەوە. قاچی ڕاستی لەژێر خۆیدا نوشتاندەوە و وەک ڕۆژهەڵاتییەکان بە ڕەحەتی دانیشت. ئیتر ئامادەی قسەکردن بوو، وا دەستی پێ کرد:

- وتت ئەمە یەکەمجارە، کە من بێم بۆکریت؟ (بە چاوە نیوەکراوەکانییەوە لە پەنجەرەی ژوورەکەوە تەماشای چیای ئیدای[19] کرد، کە لە پشتمانەوە ون دەبوو) نا، ئەمە یەکەمجارم نییە، لە ساڵی ١٨٩٦دا، من پیاوێکی تەواو بووم، مووی سمێڵ و سەرم، ڕەنگی واقیعی خۆیان، واتا ڕەش، وەک پەڕی قەلەڕەش وابوو. ئەوسا هەر سیودوو ددانەکەمم

---

[19] Ida

مابوون، که دەمخواردەوە، لە پێشدا هەموو مەزەی عەرەقەکەم دەخوارد و پاشان خواردنم بەسەردا دەکرد. هەر تەواو لەو کاتەیشدا بوو، کە شەیتان ویستی لە کریتدا شۆڕشێک هەڵبگرسێت.

ئەوسا من لە مەکدۆنیادا چەرچی بووم، لە گوندێکەوە دەچوومە گوندێکی دیکە و وردەواڵەم دەفرۆشت، لە باتی پارە، پەنیر و خوری و کەرە و کەروێشک و گەنمەشامیم وەردەگرت، پاشان هەموو ئەو شتانەم دەفرۆشتنەوە و دوو ئەوەندەم قازانج دەکرد. شەوانیش ڕێم بکەوتایەتە هەر گوندێک دەمزانی لە چ ماڵێکدا بنووم، لە هەر گوندێکدا هەمیشە بێوەژنێکی دڵسۆز هەبوو، من، یان بەکرەی دەزوو، یان شانە، یان سەرپۆشێکی ڕەشم بە یادی مێردە خوداڵێخۆشبووەکەیەوە دەدایە و لەگەڵیدا دەخەوتم، ئەمە هیچی تێ نەدەچوو. بەڵێ، سەرۆک! دەبینیت کە ڕابواردن لەسەر من زۆرگران نەدەکەوت، بەڵام وەک پێم وتیت، کریت جارێکی دی چەکی هەڵگرتەوە، بە خۆم وت: "تف لەم بەختە، بەمەیش دەڵێن ژیان، بۆ کریت دەهێڵێت هیچ کاتێک هەناسەیەکی ئاسودە هەڵبکێشین!" ئەوسا شانە و بەکرەم نانە لاوە، تفەنگێکم هەڵگرت، چوومە ڕیزی شۆڕشگێڕەکانەوە، هەموو پێکەوە بەرەو کریت چووین.

زۆربا بێدەنگ بوو. لەو کاتەدا ئێمە لە پاڵ کەنداوێکی شێوە کەوانەیی و ئەهوەندا، کە ڕۆخێکی لمینی هەبوو پێشڕەویمان دەکرد، لەوێدا شەپۆلەکان ئارام و لەسەرخۆ بڵاو دەبوونەوە بێ ئەوەی بەر شتێک بکەون، تەنیا بە درێژاییی ڕۆخەکە کەفێکی ناسکیان لە دوای

خۆیانەوە جێ دەهێشت. هەورەکان پەڕاگەندە بوون، خۆر دەدرەوشایەوە و کریتی مۆنیش بە دڵنیاییەوە زەردەخەنەی دەهاتێ. زۆربا، سەری وەرگێڕا و نیگایەکی گاڵتەجاڕانەی تێ گرتم، پاشان وتی:

- سەرۆک! تۆ وا دەزانیت من ئێستا ژمارەی سەری بڕاوی تورکانت پێ دەڵێم؟ یان ژمارەی گوێچکەی بڕاوی ئەو تورکانەی دەم خستنە عەرەقەوە؟ [چونکە لە کریتدا ئەم کارە باوە] نا گیانە! من هیچ ناڵێم چونکە ئەم باسە بێحەوسەڵەم دەکات و تەریقی دام دەگرێت، ئەمە کە چ شێتییەکە؟ ئێستا کە کەمێک ئاوەزم تێ گەڕاوە بە خۆم دەڵێم: ئەمە چ شێتییەکە بێهۆ پەلاماری کەسێک بدەین، کە لە هەموو تەمەنیدا خراپەی لەگەڵدا نەکردبین؟ دوایی گازی لێ بگرین، لووتی ببڕین، گوێی هەڵبکەنین، ورگی ڕادەین، بۆ ئەنجامدانی هەموو ئەم کارانەیش داوای یارمەتی لە خودا بکەین؟ با بڵێم، داوا لە خودا دەکەین ئەویش لووت و گوێ ببڕێ و سک هەڵدڕێ؟

بەڵام ئەوە بزانە، کە من لەو سەردەمەدا خوێنم دەکوڵا و نەمدەتوانی دەست لەسەر دەست بکەومە شەنوکەوی مەسەلەکە. مرۆڤ بۆ ئەوەی بتوانێت بەڕاستی و شەرافەتمەندانە بیر بکاتەوە، دەبێت لەسەرخۆ بێت و تەمەنێکی تێ پەڕاندبێت و ددانی نەمابێت، کە مرۆڤ ددانی نەبوو بە ئاسانی دەتوانێت بڵێت: "منداڵینە، تەریق ببنەوە، گاز مەگرن." بەڵام کە سیودوو ددانەکەی لە جێی خۆیدا بێت بڵێم چی... مرۆڤ لە گەنجیدا گیاندارێکی دڕندەیە، بەڵێ سەرۆک! گیاندارێکی دڕندەی مرۆڤخۆر.

زۆربا، سەری لەقاند و دیسان کەوتەوە ئاخاوتن:

- مەڕیش دەخوات، مریشک و بەرازیش هەر دەخوات، بەڵام تا گۆشتی مرۆڤ نەخوات تێر نابێت.

پاشماوەی جگەرەکەی لەژێر فنجانە قاوەکەیدا کوژاندەوە و لەسەری ڕۆیشت:

- نا، تێر نابێت، ئەی تۆ لەم بارەیەوە دەڵێی چی هۆ بلیمەتی زەمانە؟

بێ ئەوەیش چاوەڕێی وەڵام بێت، هەر بە دەم تێڕوانینمەوە وتی:

- لەم بارەیەوە تۆ دەڵێی چی؟ ئەوەندەی من بزانم هەرگیز جەنابت برسیەتیت نەچەشتووە، قەت کەست نەکوشتووە، هەرگیز دزیت نەکردووە و قەتاوقەت لەگەڵ ژنی دیکەدا نەنووستوویت، کەواتە تۆ چی لە دنیا دەزانیت؟

پاشان بە سوکایەتی پێکردنێکی ئاشکراوە، لەژێر لێوەوە وتی:

- ئاوەزێکی بێگوناحت هەیە و لەشێکیش کە هەرگیز هەستی بە گەرمیی خۆر نەکردووە.

ڕاستانە، من لە دەستی نەرموشل و دەموچاوی ڕەنگ پەڕیو و ژیانی خۆم، کە خوێن و لیتەیەکی بەرنەکەوتووە؛ تەریقی دای گرتم.

زۆربا، دەستی قورسی وەها بەسەر مێزەکەدا هێنا، دەتوت بە ئیسفنجێک پاکی دەکاتەوە، ئینجا وتی:

- با وا بێت، من دەمویست پرسیارێکت لێ بکەم، بێگومان تۆیەکی زانا، کە چەند کتێبت هەڵگێڕ و داگێڕ کردوون دەشێ بزانیت...

- چی بزانم، بیڵێ، زۆربا!

- سەیرە، سەرۆک! زۆر سەیرە، ئەوەی سەری منی بە گێژ هێناوە! ئەم هەموو تاوانە، ئەم هەموو دزی و کوشت و

کوشتارەی کە ئێمەی شۆڕشگێڕ کردمانن، بۆ هێنانی شازادە جۆرج بوو بۆ یۆنان و بۆ بە دەست هێنانی ئازادی!

بە هەردوو چاوی، کە لە سەرسامیدا کرابوونەوە، تەماشای کردم و لەبەرخۆیەوە وتی:

– ئەمە لە خۆیدا مەتەڵە، مەتەڵێکی گەورەیش، کەواتە بۆ ئەوەی دنیا ئازاد بێت پێویستە ئەم هەموو تاوانە بکرێن؟ ئەگەر من بمەوێت هەموو ئەو نامەردی و پیاوکوژییانەی خۆم کردوومن بۆ تۆی بگێڕمەوە؛ مووی سەرت دەبێتە سووژن! باشە، ئەم کارانە چییان لێ کەوتەوە؟ ئازادی! خودا لە جیاتی ئەوەی بە هەورەبرووسکەکانی بمانسووتێنێت ئازادی داینێ، بە ڕاستی من لەم کارە سەر دەرناکەم!

وام لێ ڕامابوو، وەک ئەوەی داوای هاوکاری کردنیم لێ بکات، دیاربوو ئەم مەسەلەیە زۆر ئازاری پێ گەیاندووە و نایشتوانێت بگاتە ئەنجام.

بە دوودڵییەوە پرسی:

– تۆ، سەرۆک! تۆ هیچ لەم مەسەلەیە تێ دەگەیت؟

من چی تێ بگەم؟ چی پێ بڵێم؟ یان دەبێت ئەوەی ئێمە ناوی خودامان لێ ناوە بوونی نەبێت، یان ئەوەی ئێمە ناوی تاوانی لێ دەنێین و لە پێناو خەبات و ئازادی دنیادا دەکرێن، دەبێت کارێکی پێویست بن.

دەمویست بۆ تێگەیاندنی زۆربا ڕستەیەکی سادەتر پەیدا بکەم، وتم:

– چۆن گوڵ لەناو پەین و پیسیدا ڕەگ دادەکوتێ و دەڕوێت؟ زۆربا، تۆیش هەروای دابنێ، کە پەین و پیسییەکە مرۆڤە و گوڵیش ئازادییە.

زۆربا، مستێکی بە مێزەکەدا کێشا و وتی:

- ئەی تۆو چییە؟ بۆ ئەوەی گوڵێک سەوز بێت پێویستە تۆوەکەی هەبێت، کێ تۆوێکی وای لە هەناوی پۆخڵی ئێمەدا داناوە؟ ئەی بۆ ئەو تۆوە لەگەڵ چاکی و پاکیدا پێ ناگات؟ بۆ دەبێت خوێن و پیسی، سەوزی بکات؟

سەرم لەقاند و وتم:

- نازانم.
- ئەی کێ دەزانێت؟
- هیچ کەس.

زۆربا، هاوارێکی نائومێدانەی لێ هەستا و بە ترسەوە لە هەموو لایەکی ڕوانی.

- کەواتە تۆ بە تەمای من بەم کەشتی و مەکینە و بۆینباخانە چی بۆ تۆ بکەم؟

دوو- سێ دانە لەو گەشتیارانەی، کە دەریا ماندووی کردبوون و لە پشت مێزێکی نزیکمانەوە قاوەیان دەخواردەوە، تەواو کڕبوون؛ پشوویەکیان گرت و وەک ئەوەی هەست بە کێشەیەک بکەن، گوێیان هەڵخستبوو.

زۆربا، ئەو دیمەنەی لەلا خۆش نەبوو، دەنگی نزم کردەوە و وتی:

- با واز لەو مەسەلەیە بێنین، کاتێک کە بیری لێ دەکەمەوە دڵم دەیەوێت هەرچییەکم بەر دەست بکەوێت، لە کورسییەوە تا چرا هەمووی بشکێنم، یان سەرم بە دیواردا بکێشم، پاشان، تازە ئەمانە بە من چی؟ گۆڕبەگۆڕ چم، یان دەبێت باجی ئەو شتە شکاوانە بدەم، یان بچمە دەرمانخانەیەک تا سەری شکاوم بۆ بپێچن. خۆ ئەگەر خوایەکیش هەبێت ئەوە خراپتر، ئەوسا حسابمان دەبێتە بۆش، چونکە بێگومانم

لەوسەرەوە لەژێرەوە تەماشام دەکات و لەتاو پێکەنین دەکوڵێت.

وەک ئەوەی مێشێک لە خۆی دەربکات، ناکاو کەوتە دەست ڕاوەشاندن و بە دەنگێکی بێزارەوە وتی:

- ئێستا دەمەوێت ئەوەی مەبەستمە پێت بڵێم؛ کە کەشتیی شاهانەی بە ئاڵاوواڵا ڕازاوە، گەیشتە بەندەر و تۆپەکان بۆ پیرۆزبایی هاتنی تەقین و شازادە پێی نایە سەر زەویی کریت... تۆ تا ئێستا میللەتێکت دیوە، کاتێک کە ئازادی بەدەست دەهێنێت، چۆن هەموو شێت دەبن؟ نەتدیوە؟ کەواتە تۆ ئەی سەرۆکی بێچارەی من، بە کوێری هاتوویتە دنیاوە و بە کوێرییش بە جێی دەهێڵێت. ئەگەر من هەزار ساڵی تر بژیم، ئەگەر بێجگە لە پلەگۆشتێک هیچی تر لە مندا بە زیندوویی نەمێنێت، ئەوەی لەو ڕۆژانەدا دیومن هەرگیز لە یادیان ناکەم، ئەگەر لەو دنیا هەموو کەسێک ئازاد بێت، کە بە خوایشت و ئارەزووی خۆی بەهەشتێک هەڵبژێرێت- کە بەڕاستییش دەبێت وا بێت و من تەنیا بەهەشتێکی بەو جۆرە بە بەهەشت دەزانم- بەخوداکەم دەڵێم: "یەزدانی مەزن، دەمەوێت بەهەشتەکەی من کریتێک بێت ڕازاوە بە چڵە مۆرد و ئاڵا، حەزیش دەکەم ئەو خولەکەی شازادە جورج پێ دەنێتە سەر زەویی کریت، چەند سەدە درێژە بکێشێت. ئەمە بۆ من بەسە.

دیسان زۆربا بێدەنگ بوو، سمێڵی بادا و پەرداخەکەی لێوانلێو کرد لە بەفراو و یەکژەمی بەسەریەوە نا.

پرسیم:

- زۆربا، چی لە کریتدا ڕووی دا؟ باسی بکە.

زۆربا، بە ناجۆرییەکەوە وتی:

- هاوڕێ من نامەوێت بە زمانی ئەدەبی و وشەی بریقەدار قسە بکەم، من پێم وتیت ئەم دنیایە مەتەڵە و مرۆڤ بێجگە لە بوونەوەرێکی کێوی هیچی تر نییە.

جانەوەرێکی کێویی گەورە و خودایەکی گەورە. یەک لەو زەلامە شۆڕشگێڕانەی لە مەکدۆنیاوە لە گەڵمدا هاتبوو، ناوی یۆرگا[20] بوو، لەو لاتانە بوو، کە تەنیا بۆ داربڕین دەستی دەدا، یان بڵێم چی، بەرازێکی پیس بوو، بینیم دەگریا، لێیم پرسی: "ها... یۆرگای نەعلەتی بۆ دەگریەیت؟ (خۆیشم وەک هەوری بەهار کەوتبوومە فرمێسک هەڵڕشتن،) ئای بەرازی پیس بۆ دەگریەیت؟ بەڵام ئەو دەستی کردە ملم و کەوتە ماچکردنم، وەک منداڵیش هەر دەگریا، پاشان ئەو کابرا پیسە، کیسەی پارەکەی لە گیرفانی دەرهێنا و ئەو پارە زێڕانەی لە تورکەکانی دزیبوو، لە کۆشیدا خاڵی کرد، ئنجا بە مشت پارەکانی بە هەوادا هەڵدەدا و دەیوت: "ئازادی واتا ئەمە، تێ دەگەی سەرۆک؟"

من هەستام و چوومە سەر سەکۆی کەشتییەکە تا لەشم بدەمە بەر بای دەریاکە، بۆ خۆم بیرم کردەوە:

- "بە ڕاست ئەمەیە ئازادی! بەدیهاتنی ئارەزوویەک، کۆکردنەوە و سەریەکخستنی دراوی زێڕ، دوایی زاڵبوون بەسەر ئارەزووتدا و بەفیڕۆدانی ئەوەی کە کۆت کردووەتەوە، خۆئازادکردن لە کۆتێک و کەوتنە داوی ئارەزوویەکی لەو چاکترەوە، بەڵام ئاخۆ هەر ئەمەیش لە خۆیدا جۆرێک نییە لە کۆیلایەتی؟ لەبەر خاتری

---

[20] Yorga

بیروباوەڕێک، یان گەلەکەت، یان لەبەر خاتری خودا، خۆت بکەیت بە قوربانی؟ یان چەندە پلەوپایەی سەرۆک بەرز بێت، دەبێت پەتی گەردنی کۆیلە درێژتر بێت؟ بەم حاڵەوە کۆیلە چاکتر دەتوانێت دەستوپێ بهاوێژێت و لە مەیدانێکی فراوانتردا زیاتر هەڵسوکەوت بکات، بێ ئەوەی هەست بە پەتی سێدارەکەیش بکات؛ بمرێت. ئایا ئەمەیە واتای ئازادی؟"

لە دوانیوەڕۆیەکی درەنگدا گەیشتینە کەنارە لماوییەکەمان. لمێکی ورد و سپی دەتوت بێژراوەتەوە، دارژاڵەکان، کە هێشتا گوڵیان پێوە بوو لەگەڵ داری هەنجیر و خڕنووکی شامی، کەمێک دوورتریش، لەلای ڕاستەوە تەپۆلکەیەکی ڕەنگ خۆڵەمێشی، کە هیچ درەختێکی پێوە نەبوو؛ لە دەموچاوی ژنێک دەچوو ڕاکشابێت. لەژێر چەنە و بەرگەردنییەوە، دەماری قاوەیی ڕەنگ خەڵوزی لینیت خۆی ڕاکێشابوو. پاییزەبا هەڵی دەکرد. لەسەرخۆ پەڵەهەورەکان تێدەپەڕین و سێبەری سەرزەوییەکەیان خۆش دەکرد. پەڵەهەوری دیکە هەبوون، بە تووڕەیی ڕوویان لە ئاسمان دەکرد، ڕووی خۆر دەگیرا و دەکرایەوە، ڕووی زەوییش وەک ڕووی زیندەوەرێکی بە تەنگ هاتوو لەگەڵ ئەودا ڕووناک و تاریک دەبوو.

بۆ ماوەیەکی کەم لەسەر لمەکەدا وەستام و تەماشام کرد، بێدەنگییەکی پیرۆز، خەمبار و سەرنجڕاکێش وەک بیابان لە بەردەممدا خۆی ڕاکێشابوو، ئەو گۆرانییە بوداییە لە دڵی زەویەکەوە هەستا و بە قوڵاییی بوونی مندا ڕۆچوو.

"کەی منیش تەنیا و بێ یار و یاوەر، بێ خۆشی و ناخۆشی، تەنیا بەم یەقینە پیرۆزەوە، کە هەرچییەک خەو و خەونە، دەخزێمە کونجی تەنیاییی خۆمەوە؟ کەی بە بەرگێکی دڕاوەوە، شاد و بێ ئارەزوو لە چیایەکدا دەچمە خەڵوەتەوە؟ کەی؟ ئەگەرچی جەستەی من بێجگە لە

نەخۆشی و تاوان و پیری و مەرگ، هیچی تر نییە، ئازاد و بێ ترس و بە دڵێکی پڕ لە خۆشییەوە لە دارستانێکدا پەنا دەگرم؟ کەی؟ کەی؟"

زۆربا، بە سەنتوورەکەی بن دەستییەوە لێم نزیک کەوتەوە.

من بۆ شاردنەوەی هەڵچوونەکانی ناوەوەی خۆم پێم وت:

- ئەمەیش کانزای لینیت!

دەستم بۆ ئەو گردۆلکەیە درێژ کرد، کە لە دەموچاوی ژن دەچوو، بەڵام زۆربا بێ ئەوەی سەیری ئەوبەر بکات، بڕۆی لێکنا و وتی:

- پاشان، سەرۆک! ئێستا کاتی نییە، دەبێت لە پێشدا زەوی لە جموجۆڵ بکەوێت، زەوی نەعلەتی هێشتا لە جووڵەدایە، سۆزانییە، وەک پردی کەشتی، لە سەرکەوتن و داکەوتنایە، با لە پێشەوە بچینە ناو گوند.

ئەمەی وت و بە هەنگاوی گورج، وەک دوابڕیاری دابێت بەڕێ کەوت. دوو مێردمنداڵی پێپەتی، خۆرئەنگاز، وەک بەچکەعەرەب کەوتنە پێشمان و جانتاکانیان بۆ هەڵگرتین. یەک لە پیاوانی گومرگ، زلەیەکی چاوشین، لە کوختێکی دارینداا، کە نووسینگەی گومرگ بوو، نێرگەلەی دەکێشا، بە لاچاوێک تەماشای کردین، بێ بایەخپێدان سەیرێکی جانتاکانیشی کردین، کەمێک لەسەر کورسییەکەی جووڵا، وەک بیەوێت هەستێت، بەڵام توانای نەبوو، لەسەرخۆ لوولەی نێرگەلەکەی لابرد و بە دەنگێکی خەواڵوانەوە وتی:

- بەخێر بێن.

یەک لە مێردمنداڵەکان هاتە تەنیشتمەوە، بە چاوە ڕەشەکانی، کە لە زەیتوون دەچوون، چاوی لێ داگرتم و بە گاڵتە پێکردنەوە وتی:

- یارۆ کریتی نییە، ها! پیاوێکی تەمبەڵە.

- واتا کریتییەکان تەمبەڵ نین؟

منداڵە کریتییەکە وەڵامی دایەوە:

– بۆ؟ بۆ نا؟ ئەوانیش تەمبەڵن، بەڵام بە جۆرێکی تر...

– ئاوایی لێرەوە دوورە؟

– ئا! هەر هێندەی مەودای فیشەکی تفەنگێک، بڕوانە، پشت ئەو باخانە، لەنێو دەربەندێکدایە، گوندێکی جوانە، سەرۆک! ناوچەیەکی بە پیتوفەڕە. لە خڕنووکەوە بیگرە تا هەڵووژە، نۆک، زەیتون و شەراب، لە خواریشەوە، لەناو لمەکەدا خەیار و تەماتە و باینجان و کاڵەکیش دەڕوێنن، کاڵەکی کریتی زۆر زوو پێ دەگات، چونکە بای ئافریکای بەسەردا دێت و زوو پێی دەگەیەنێت. تۆ، سەرۆک! ئەگەر شەو لە بێستانێکدا بنوویت، گوێت لە دەنگی خرچەخرچی کاڵەکەکان دەبێت، کە دەیانەوێت لە توێکڵ بێنە دەرەوە.

زۆربا لە پێشەوە بە لارەلار دەڕۆیشت، هێشتا سەری دەسووڕا، هاوارم لێی کرد:

– ئازابە، زۆربا! ئیتر ناخۆشیمان تەواو بوو، نەترسیت!

ئێمە خێرا دەڕۆیشتین، سەرتاپێی زەوییەکە لم و گوێچکەماسی بوو، ناوە ناوەیەکیش درەختێکی گەز، هەنجیرە کێویلەیەک، چەند قامیشەڵانێک و چەند شەوکەرانێک دەهاتنەڕێ. هەواکەی خەفەخان بوو. هەورەکان زیاتر بەرەو خوار دەبوونەوە. بایەکەیش خستبووی. بە پاڵ دارهەنجیرێکی گەورەدا تێپەڕین، کە قەدەکەی بووبووە دوو لقی پێچاوپێچ و پیری کلۆری کردبوو. یەک لە منداڵەکان وەستا، بە چەنەی ئاماژەی بۆ درەختە پیرەکە کرد و وتی:

– ئەم دارهەنجیرە هی خانمەکەی ئێمەیە.

من سڵەمیمەوە. لەسەر زەوی کریتدا هەر دار و بەردێک بگریت مێژوویەکی خەمناک و خەمێکی تایبەتی خۆی هەیە. وتم:

- خانمی ئێمە؟ واتا چۆن؟

وتی:

- لە سەردەمی بابەگەورەی مندا، کچە خانەدانێکی ئەم دەڤەرە حەز لە کوڕە شوانێک دەکات، بەڵام باوکی کچەکە قایل نابێت شووی پێ بکات. کچە دەگری، هاوار دەکا و دەپاڕێتەوە، بەڵام پیرەی باوکی لەسەر بڕیارەکەی خۆی سوور دەبێت. تا شەوێک کچ و کوڕەکە دیار نامێنن، ڕۆژێک و دوان و سیان و هەفتەیەک بە دوایاندا گەڕان و نەیان دۆزینەوە، تا وردە وردە کوڕ و کچەکە بۆگەنیان کرد، ئەوسا بە دەم بۆگەنەکەوە چوون و لەژێر ئەم دارهەنجیرەدا، کە هەردووکیان لە ئامێزی یەکدا پێکەوە قرسابوون، دۆزیاننەوە، تێ دەگەیت؟ بە هۆی بۆگەنەکەیانەوە دۆزرانەوە.

منداڵەکە دایە قاقای پێکەنین. گوێمان لە ژاوەژاوی ناو گوند بوو. سەگەل دەوەڕین. ژنان لە هەراوزەنای خۆیاندا بوون. کەڵەشێرەکان هەواڵی وەختیان ڕادەگەیاند. بۆنی تڵپەی ترێ، کە لە مەنجەڵی دڵۆپاندنی ئارەقەوە دەهات، هەموو ئەو ناوەی پڕ کردبوو. هەردوو مێردمنداڵەکە بە جووتە هاواریان کرد:

- ئەوە گوندەکەیە!

هەر ئەوەندەی بە دەوری تەپۆلکە لمەکەدا سووڕاینەوە، گوندە بچکۆلەکە، کە کەوتبووە داوێنی دەربەندەکەوە دەرکەوت. خانووەکانی نزم و هەیواندار و بە گەچ سپی کرابوونەوە، هەموویشیان پاڵیان بە یەکەوە دابوو. لەبەر ئەوەی پەنجەرە کراوەکان پەڵەیەکی ڕەشیان دروست کردبوو، خانووەکان لەو کاسە سەرە سپییانە دەچوون، کە

لە نێوان تاوێرەکاندا بە پاڵ یەکەوە داندرابن. خۆم گەیاندە زۆربا و پێم وت:

- زۆربا! ئاگات لە خۆت بێت، کە دەچینە ناو دێ هەڵسوکەوتت شیاو بێت، نابێت بۆنی شتێک بکەن، دەبێت بزانن، کە ئێمە پیاوی کارا و ڕاساڵین. من خاوەنی کارم و تۆ سەرکاری کرێکاران. ئەوەیش بزانە، کە خەڵکی کریت گاڵتەوماڵتە نازانن، هەر ئەوەندەی تەماشات بکەن یەکسەر پەی بە خاڵە لاوازەکانت دەبەن و نازناوێکت لێ دەنێن، کە هەرگیز لێت نابێتەوە، ئەوسا وەک سەگێکت لێ دێت، کە تاوەیەکیان بە کلکییەوە بەستبێت و ئەویش هەر ڕابکات.

زۆربا سمێڵی لە مشت گرت و کەوتە بیرکردنەوە، پاشان وتی:

- گوێ بگرە سەرۆک! ئەگەر لە گوندەکەدا بێوەژنێک هەبێت پێویست ناکات نیگەران بیت، خۆ ئەگەر بێوەژنی تێدا نەبێت...

هەر لەو کاتەدا لە بەراییی گوندەکەدا، ژنە سواڵکەرێکی شرۆڵە پێشی لێ گرتین و دەستی لێ پان کردینەوە، ژنێکی خۆرئەنگاز، چڵکن، سمێڵێکی ڕەش و باریکی بە پشت لێوەوە بوو، هاواری لە زۆربا کرد:

- هێی مامۆ! مامۆ! تۆ ویژدانت هەیە؟

زۆربا وەستا و بە جددی وەڵامی دایەوە:

- بەڵێ هەمە.
- کەوایە پێنج **دراخمام**[21] بدەرێ.

زۆربا جزدانێکی چەرمی کۆنەی لە گیرفانی دەرهێنا و وتی:

- وەرە... بیگرە.

بزەیەک کەوتە سەر لێوە بەبارەکانی زۆربا و سەری وەرگێڕا و وتی:

---

[21] Drachma، پارەیەکی کۆنی یونانییە و ئێستایش بەکار دێت، وشەی درهەم لە دراخماوە هاتووە.

لەوە دەچێت دین و ئیمان لێرە هەرزان بێت، ویژدانێک بە پێنج دراخما.

سەگەلی دێ بەرەو ڕوومان هاتن. بۆ تەماشاکردنمان ژنان لەسەر بانەوە خۆیان شۆڕکردەوە. منداڵان بە دەنگی بەرز لەگەڵ یەکدا دەدوان و دوامان کەوتبوون، هەیان بوو وەک سەگ دەوەڕی، هەیان بوو وەک ئۆتۆمبێل هۆڕنی لێدەدا، هەندێکیش پێشمان دەکەوتن و بە چاوی ئەبڵەق و سەیرەوە لێیان دەڕوانین. گەیشتینە مەیدانی سەرەکیی گوند، دوو ئەسپینداری گەورەی لێ بوو، لە دەوروبەریاندا و هەر لە قەدی دار، دوو کورسی کەلوکۆم دروست کرابوون، بەرانبەریش چایخانەیەک هەبوو، لەسەر تابلۆیەکی کاڵەوەبوودا، ئەم چەند وشەیە نووسرابوون: "چایخانە و قەسابخانەی شەرافەت."

زۆربا لێی پرسیم:

- سەرۆک بۆ پێدەکەنیت؟

من دەرفەتی وەڵامدانەوەم نەبوو. لە دەرکەی چایخانە. قەسابخانەوە پێنج- شەش چەتەوڵ بە پانتۆڵی شینی تێر و پشتێنی ڕەشەوە هاتنە دەرەوە و بانگیان کرد:

- بەخێر بێن، هاوڕێیان! فەرموون وەرنە ژوورەوە، پێکێک ئارەقی تازە هەڵدەن، هێشتا گەرمە و تازە لە مەنجەڵی دڵۆپاندن هاتووەتە دەرێ.

زۆربا زمانی لستەوە و وتی:

- سەرۆک تۆ دەڵێی چی؟

تەماشای کردم و چاوی لێ داگرتم:

- پێکێک نەخۆینەوە؟

پێکێکمان خواردەوە؛ هەناوی سوتاندین. خاوەن چایخانە- قەسابخانە، کە هاتە لامانەوە، پیاوێکی پیر بەڵام هێشتا بە توانا و تەندروست بوو. کورسی بۆ هێناین. پرسیم:

- دەتوانین لە کوێ ماڵێک پەیدا بکەین؟

یەکیان وتی:

- بڕۆنە ماڵی هورتانس خانم.[22]

بە لامەوە سەیر بوو، پرسیم:

- ئەم خانمە فرەنسەییە؟

وتیان:

- خودا دەزانێت لە کوێوە هاتووە! ژنێکە هەموو دنیا گەڕاوە و ئاوی هەموو جێیەکی پێدا هەڵپڕژاوە. بە پیری هاتووەتە ئێرە و کەلوپەلی هێناون و میوانخانەیەکی کردووەتەوە.

مێردمنداڵێکی تر ئەمەی لێ زیاد کرد:

- شیرینیش دەفرۆشێت.

منداڵێکی تر وتی:

- سوراو و سپیاویش دەکات، ڕەفتەیەک دەئاڵێنێتە ملی و توتییەکیشی هەیە.

زۆربا پرسی:

- بێوەژنە؟

کەس وەڵامی نەدایەوە.

زۆربا، کە دەمی پڕ بووبوو لە ئاو، دیسان پرسییەوە:

- بێوەژنە؟

چایچییەکە ڕیشە پڕ و ماشوبرنجییەکەی خۆی لە دەست گرت و وتی:

Mme Hortense [22]

- هاوڕێ! چەند تاڵ موو لەم ڕیشەی مندا دەبینیت؟ چەند؟ باشە، ئەو ژنەیش ئەوەندە جارە شووی کردووە و بێوەژن کەوتووە، تێگەیشتی؟

زۆربا زمانی بە لچ و لێویدا هێنا و وتی:

- بەڵی تێگەیشتم.

- ڕەنگە سەری تۆیش بخوات.

پیاوێکی پیر بانگی لێی کرد:

- وایە هاوڕێ! ئاگات لە خۆت بێت!

هەموو دەستیان بە پێکەنین کرد.

چایچییەکە جارێکی تر لە سینییەکدا پێکی دووەمی بۆ هێنابنەوە. نانی جۆ و پەنیری بزن و هەرمێ لەسەر سینییەکەدا بوون. رووی لە دانیشتووەکان کرد و بە دەنگی بەرز پێی وتن:

- دەی، بڕۆن و واز لە میوانەکان بێنن تا بحەسێنەوە، ئەمشەو ناچنە میوانخانەی ئەو ژنەوە و هەر لێرە دەنوون.

پیاوە پیرەکە بە چایچییەکەی وت:

- کوندو مانولیۆ ئەمشەو من دەیانبەمەوە ماڵی خۆم، من منداڵم نییە، خانووەکەم گەورەیە و ژووری زۆر تێدایە.[23]

چایچییەکە دەمی لە گوێی پیرەمێردەکە نزیک خستەوە و وتی:

- ببوورە ئاپۆ ئاناگنووستی![24] من پێشدەستیم کرد.

ئاناگنووستی پیر وتی:

- ئەویان بۆ تۆ و پیرەمێردەکەشیان دەبەمە لای خۆم.

زۆربا تەنگە گرتی و بە تووڕەیییەوە وتی:

- کێ پیرەمێردە؟

---

[23] KondoManolio

[24] Anagnosti

ئاماژەم بۆ زۆربا کرد، کە توورە نەبێ و وتم:

- من و تۆ پێکەوەین و لە یەک جیا نابینەوە، دەچینە میوانخانەکەی هورتانس.

*

"خۆش هاتن! خۆش هاتن!"

ژنێکی کورتەباڵای ڕووخۆش، قەڵەویلکەیەکی قژ زەردکردوو، لەژێر چنارەکانەوە دەرکەوت. بە قاچە خوارەکانییەوە هێدی هێدی دەهات و هەر دوو دەستی بۆ پێشەوە درێژکردبوون. چەند تاڵەموویەک، کە لە مووی بەراز دەچوون، لە خاڵەکەی سەر چەنەیەوە هاتبوونە دەرێ و جوانییەکیان پێ بەخشیبوو. ڕەفتەیەکی ئاوریشمی سووری بە گەردنییەوە ئاڵاندبوو. پۆدرەیەکی ئەرخەوانی لە گۆنا سیسەکانی دابوو، چەند تاڵەموویەکی نەرم و شل بەسەر تەوێڵییەوە یاریان دەکرد و هەر لەو پیرەژنە دەچوو، کە سارابرنای[25] ژنەئەکتەر لە شانۆگەریی (بەچکەهەڵۆ)دا دەوری ئەوی دەبینی.

من، هەر لەخۆمەوە سۆزێک گرتبوومی و بە تەواوی خۆشحاڵییەوە ویستم دەستی ماچ بکەم، لە وەڵامیدا وتم:

- بە ناسینتان خۆشبەختم هورتانس خانم.

لەو کاتەدا ژیانم وەک چیرۆکێک، وەک یەک لە کۆمیدیاکانی شکسپیر، بۆ نموونە (زریان) هاتە پێش چاو. دەتوت دوای غەرقبوونێک، بە سەرتاپێی لەشی تەڕمانەوە لە کەشتیدا بەزیوین و کەوتووینەتە سەروسۆراخی کەنارە سەرسوڕهێنەرەکان و بە ڕێوڕەسمی تایبەتییەوە سڵاو لە دانیشتوان دەکەین. بە بۆچوونی من هورتانس

---

[25] Sarah Bernhandt (1844- 1923)، ژنەئەکتەری ناوداری فەرەنسەیی، کە زیاتر لە شانۆنامە تراژیدییەکاندا دەوری دەبینی.

خانم وەک شاژنی دوورگە، یان جۆرێک لە سەگلاوی ئاوی ڕەنگ خورمایی و بریقەدارم هاتە بەر چاو، کە خەریک بێت بۆن بکات و عەتری لە خۆی دابێت، بەو سمێڵەوە کەوتبێتە ئەو کەنارە لمینەوە، لە دوایشییەوە (کالیبان)[26] بە چەند سەرێکی پیسوپۆخڵی پڕ لە گۆڤەندەوە وەستاوە و بە فیز و سووکییەوە تەماشای ژن دەکات.

زۆربایش خۆی وەک شازادەیەک گۆڕیبوو، چاوی ڕامانی بەو شازادەیەدا کرابووەوە. وەک هاوڕێیەکی کۆن، یان کەشتییە جەنگییەکان، کە لە دەریا دوورەکاندا جارێک شەڕی بردبێتەوە و تاوێک تێک شکابێت، پەنجەرەکانی شکابن و کۆڵەکەکانی ورد بووبن، بایەوانەکانی پارچەپارچە بووبێتن و ئێستایش... هەموو لەشی شەقارشەقار و کون بێت و بە کرێم و پۆدرە کون و کەلەبەرەکانی گرتبێت و کشابێتەوە بۆ ئەم کەناری دەریایە و چاوەڕێ بێت، بێگومان چاوەڕێی زۆربای کابتنی سەدان زام تێبوو. منیش لە بینینی ئەم دوو ئەکتەرە، کە لە ئەنجامدا لەسەر ئەم شانۆ سادەیەی کریتدا بە دیداری یەکدی شاد دەبن، زۆر شادمان بووم.

لەو کاتەدا، کە سەرم لە بەرانبەر ژنە ئەکتەرێکی پیری خۆشەویستدا دانەواند، وتم:

- ئێمە دوو قەرەوێڵەمان گەرەکە، هورتانس خانم، دوو قەرەوێڵەی بێ ئەسپێ.

ماوەیەک لێم ڕاما و وەک بەرەنگاریم بکات، وتی:

- ئێرە ئەسپێی نییە، نا، ئەسپێی نییە.

دەمی (کالیبان)ەکان بە گاڵتەجاڕییەوە هاواریان کرد:

---

[26] Caliban، لە کەسە خەیاڵی و ئەفسانەییەکانی شانۆگەریی (زریان)ی ولیەم شکسپیرە، کالیبان چەتەوڵێکی ترسێنەرە و نموونەی هێزێکی ناجۆرە، بەڵام ناچارە سەر بۆ هێزێکی بەتواناتر دابنەوێنێت، بەردەوام لەگەڵ ئەو هێزە بەتواناترەدا لە سەرکێشی و ململانێدایە. -ف-

- ئەسپێ هەیە، هەیە.

ژنەکە، بە قاچە قەڵەو و خەپلەکانییەوە، کە لە جووتێ گۆرەویی چنراوی شین و جووتێ پێڵاوی دڕاودا بوون و گوڵینگەیەکی بچووکی ئاوریشینمی پێوەبوو، بە بەردەکانیدا کێشا و زۆر بە ڕەهایی دووبارەی کردەوە، کە ئەسپێ نییە، نییە.

کالیبان دیسان دایەوە قاقای پێکەنین کە:

"تفت لێ بێ پریمادونا[27]، گۆڕبەگۆڕ چیت."

بەڵام هورتانس خانم، کە هەموو گیانی ویقار بوو دەڕۆیشت و ڕێی بۆ دەکردینەوە، بۆنی پۆدرە و سابوونی هەرزانی لێ دەهات. زۆربا لە دوایەوە دەڕۆیشت و وەهای چاو تێ بڕیبوو، دەیویست بیخوات. بە دەنگی نزم پێی وتم: "تەماشای کە سەرۆک! سۆزانییە چۆنی بادەدا، تەپ، تەپ، هەردەڵێی مەڕی دووگشۆڕە."

دوو- سێ دڵۆپی گەورە بارین و ئاسمان تاریک داهات. برووسکە شینەکان شمشێریان بە ڕووی چیادا کێشا. کچۆڵەکان، کە خۆیان لە کەوڵێکی سپیی مەرەزەوە پێچابوو، بە پەلە مەڕ و بزنەکانیان بەرەو ماڵەوە کردەوە. ژنەکانیش لە بەردەم زۆپاکاندا چوارمشقی دانیشتبوون و ئاگری شەویان دەکردەوە.

زۆربا، بێ ئەوەی چاو لە سمتوکەفەڵی خانم کەلا بخات، لەتاودا سمێڵە پڕەکەی دەگەزی. ناکاو هەناسەیەکی هەڵکێشا و لەبەرخۆیەوە وتی:

- ئای لەم دنیا سۆزانییە، کە هەرگیز هەگبەکەی لە ڕێکەوت و پێشهاتە سەیرەکان خاڵی نییە.

---

[27] Prima donna، زاراوەیەکی لاتینییە بە واتای کەیبانوو دێ، مەبەست لە یەکەمین ژنی گۆرانیبێژی ئۆپێرایە.-ن-

٣

میوانخانە بچووکەکەی هورتانس بریتی بوو لە ڕیزە ژوورێکی کۆن و بچووکی ساردی حەمام، ژووری یەکەمیان دووکان بوو، نوقڵ و شیرینی و جگەرە و چوالەکێویلە و پڵیتەی چرا و کتێبی ئەلفوبێ و مۆم و جەوی تێدا دەفرۆشرا. چوار ژوورەکەی تەنیشتی یەک، ژووری نووستن بوون. حەوشەی پشتەوە چێشتخانە و جلشۆر و کولانەی مریشک و کەروێشکی تێدابوو. لە دەوری خانووەکە و لەناو وردە لمەکەدا، قامیشی چڕ و هەنجیرەکێویلە ڕوابوون، تێکڕای ئەم شتانە بۆنی دەریا و تەپاڵە و میزیان لێ دەهات، بەڵام جارناجارێک، کە هورتانس بەوێدا تێدەپەڕی، بە تەواوی بۆن و بەرامەکە دەگۆڕدرا، وەک بڵێی لەگەنی سەرتاشت لەبەر لووتدا خاڵی کرابێت؛ وەها بوو.

هەر کە جێیان ڕاخست پاڵ کەوتین و تا بەیانی بە ئاگا نەهاتین. لە بیرم نییە چ خەوێکم بینی، بەڵام کە بەئاگا هاتم ئەوەندە لەشم سووک و حەساوەبوو، دەتوت تازە لە مەلەکردنی ناو دەریا گەڕابوومەوە.

ئەو ڕۆژە یەکشەممە بوو، دەبوو بۆ دەست بەکارکردن لە کانزاکەدا، بەیانیی ڕۆژی دوایی، کرێکار لە گوندەکانی ئەو دەوروبەرەوە هاتبان. من ئەوەندەم کات بەدەستەوە بوو، کە ئەو ڕۆژە سەروبنێکی ناوچەکە بکەم و بزانم ڕێکەوت ئێمەی بە کوێ گەیاندووە. تازە دەیویست بەیان بدات، لە میوانخانەکە هاتمە دەرەوە. بە پاڵ باخەکاندا

٣

میوانخانە بچووکەکەی هورتانس بریتی بوو لە ڕیزە ژوورێکی کۆن و بچووکی ساردی حەمام، ژووری یەکەمیان دووکان بوو، نوقڵ و شیرینی و جگەرە و چوالەکێویلە و پلیتەی چرا و کتێبی ئەلفوبێ و مۆم و جەوی تێدا دەفرۆشرا. چوار ژوورەکەی تەنیشتی یەک، ژووری نووستن بوون. حەوشەی پشتەوە چێشتخانە و جلشۆر و کولانەی مریشک و کەروێشکی تێدابوو. لە دەوری خانووەکە و لەناو وردە لمەکەدا، قامیشی چڕ و هەنجیرەکێویلە ڕوابوون، تێکڕای ئەم شتانە بۆنی دەریا و تەپاڵە و میزیان لێ دەهات، بەڵام جارناجارێک، کە هورتانس بەوێدا تێدەپەڕی، بە تەواوی بۆن و بەرامەکە دەگۆڕدرا، وەک بڵێی لەگەنی سەرتاشت لەبەر لووتدا خاڵی کرابێت؛ وەها بوو.

هەر کە جێیان ڕاخست پاڵ کەوتین و تا بەیانی بە ئاگا نەهاتین. لە بیرم نییە چ خەوێکم بینی، بەڵام کە بەئاگا هاتم ئەوەندە لەشم سووک و حەساوەبوو، دەتوت تازە لە مەلەکردنی ناو دەریا گەڕابوومەوە.

ئەو ڕۆژە یەکشەممە بوو، دەبوو بۆ دەست بەکارکردن لە کانزاکەدا، بەیانیی ڕۆژی دوایی، کرێکار لە گوندەکانی ئەو دەوروبەرەوە هاتبان. من ئەوەندەم کات بەدەستەوە بوو، کە ئەو ڕۆژە سەروبنێکی ناوچەکە بکەم و بزانم ڕێکەوت ئێمەی بە کوێ گەیاندووە. تازە دەیویست بەیان بدات، لە میوانخانەکە هاتمە دەرەوە. بە پاڵ باخەکاندا

تێپەڕیم. بە درێژاییی کەنار دەریاکەدا ڕۆیشتم. بە پەرۆشەوە لە خاک و ئاووهەوای شوێنەکەم کاڵییەوە. گیا خۆڕسکەکانم ڕنین. ناولەپم بۆنی خۆشی پونگە و گوڵەمریەمە و نەعنای گرت. چوومە سەر تەپۆلکەیەک و تەماشای هەر چوار دەورم کرد، دنیایەکی رووت بوو، تەنیا بەردی گرانیت و قسڵی ڕەق و داری ڕەنگ تاڵی خڕنووک و زەیتونی سپی و درەختی هەنجیر و مێو هەبوون، لەو دەربەندانەدا، کە با نەیدەگرتنەوە، داری نارنج و لیمۆ و گوێز و نزیک بە کەناری دەریایش سەوزە هەبوون. لە باشوورەوە، دەریاکە هێشتا تووڕە و خرۆشاو و هەراو و لە ڕۆخەکانی ئافریکاوە دەهات، هێرشی دێنا و ڕۆخەکانی کریتی دەخوارد، لە مەودایەکی زۆر نزیکەوە، دوورگەیەکی زیخەڵانی نزم و بچووک، لەبەر گزنگی خۆردا پرشنگی دەدا.

ئەم دیمەنەی کریت لە پێش چاوی مندا، هەر لە پارچە پەخشانێکی سادە و چڕ دەچوو، کە توندوتۆڵ داڕێژرابێت. دووربێت لە زۆر لەخۆکردن و بە سادەترین وشە مەبەستی سەرەکی دەرببڕێت، دوور لە گاڵتەجاڕیی خۆنواندن و ئەملاوئەولا کردن، ئەوەی مەبەستی بوو بە کورتی و پوختی دەیوت، بەڵام لە نێوان دێڕە وشک و جددیەکانیدا، هەستت بە سۆزێکی چاوەڕوان نەکراو دەکرد، لە دۆڵە کپەکاندا، داری لیمۆ و نارنج هەواکەیان پڕ لە بۆنی خۆش دەکرد، لەوێ دوورتر، دەریایەکی بێسنوور، کە سەرچاوەیەکی بێکۆتاییی شیعر و سرووش بوو.

لەبەرخۆمەوە دەموت: "کریت! کریت!" و لە دڵەکوتێشدا بووم.

لە تەپۆلکەکەدا کەوتم و چوومە کەناری ئاوەکە. کچانێک بە دەسرۆکەی سپیی وەک بەفر و جزمەی زەردڕەنگ و کراسی هەڵکراوەوە، بە دەم قسە و پێکەنینەوە دەرکەوتن. بۆ نوێژخوێندن دەچوون بۆ دێرێکی داوێن، کە لە ڕۆخی دەریاکەدا و لە سپیاتیدا

دەبریسکایەوە. وەستام، ئەوانیش کە منیان بینی لە پێکەنین کەوتن. لە بینینی پیاوێکی غەریبە ڕەنگیان تەواو تێک چوو. لە سەریانەوە تا پەنجەی پێیان هەڵوێستێکی بەرگری کردنیان لەخۆ گرت. بە تووڕەییەوە پەنجەیان لەسەر دوگمەی داخراوی بلووزەکانیان دانا. ترس و هەراس کەوتبووە خوێنیانەوە. بە درێژاییی کەنارەکانی کریت، کە ڕووبەڕووی ئافریکایە لە سەردەمانی زووەوە، دزەکانی دەریا هێرشی کتوپڕیان کردووە و مەڕومالات و ژن و منداڵیان فڕاندوون. ئەو دزانە بە پشتێنە سوورەکانیان دەست و پێیان دەبەستن و فڕێیان دەدانە گەنجینەی کەشتییەکانەوە، پاشان چارۆکەی کەشتییان هەڵدەدا و بۆ فرۆشتنی دیلەکانیان بەرەو جەزایر و ئەسکەندەرییە و بەیروت دەکەوتنە ڕێ. ئەم دەریایە، بە درێژاییی چەند سەدە پڕ لە گریان و ناڵینی کچانێک بوو، کە دزەکان پرچی ڕەشیان دەبڕین و فڕێیان دەدانە کەناری دەریاکە، من تەماشام دەکردن، کە چۆن لە نزیکمەوە بە واقوڕماوی خۆیان پێکەوە نووساندبوو، وەک ئەوەی بیانەوێت دیوارێک دروست بکەن، کە توانای بڕینی نەبێت. بێگومان ئەم هەڵوێستە بۆ سەردەمانی پێشوو پێویست بوو، بەڵام ئەمڕۆ هیچ ئەنگێزەیەک بۆ دووبارەبوونەوەی ئەو دیاردە لەناوچووانە نەمابوو.

لەو کاتەدا، کە کچەکان بە بەردەممدا تێپەڕین، من لەسەرخۆ و بە پێکەنینەوە لەسەر ڕێیەکەیان لامدا، ئەوانیش وەک ئەوەی زۆر زوو هەستیان بەوە کردبێت، کە سەردەمانێکە ئەو مەترسییە ڕەویوەتەوە و ئەم سەردەمەی ئێمە سەردەمی ئاسایش و دڵنیاییە، ڕوویان بە پێکەنین پشکوت. ئەو ڕیزە پێکەوە قرساوەی دەتوت ڕیزی جەنگییە، کرایەوە. هەموو پێکەوە، بە دەنگێکی پاک و شادەوە سڵاویان لێ کردم. لەو کاتەدا زەنگی دێرە دوورەکە، بە دەنگێکی پڕ لە خۆشی و شادمانییەوە ئەو ناوەی پڕ کرد.

خۆر، کەمێک بەرەو ئاسمانە بێگەردەکە سەرکەوتبوو. من وەک مەلێکی باڵا سپی، کە لە کون و کەلەبەرێکدا پەنای گرتبێت، لەناو تاوێرە بەردەکاندا هەڵکورمام، کەوتمە تەماشاکردنی دەریاکە، هەستم کرد لەشم لێوانلێوە لە هێز و نوێبوونەوە و ئامادەی کارکردنە، بیریشم لەگەڵ شەپۆلەکانی دەریادا بووبووە شەپۆل و بێ بەرگری کردن هاوئاهەنگی هەڵچوون و داچوونی دەریا بووبوو.
وردەوردە دڵم پڕبوو، کۆمەڵە دەنگێکی نادیار، وەک فەرمانم پێ بدەن، یان بپاڕێنەوە، بە جۆشیان دەهێنام. دەمزانی کێ بانگم دەکات. من، کە چرکەساتێک تەنیا دەبووم، ئەم دەنگە لە مندا دەخرۆشا و چاوەڕێی ئەوەی لێ دەکردم، کە لە پێشبینییە پڕ لە مەترسی و ترسناکەکان، ئەو ترسانەی شێتییان لەگەڵدایە، بیپارێزم و ڕزگاری بکەم.
من زوو کتێبەکەی دانتی (هاوڕێی سەفەر)ی هەمیشەییم کردەوە، بۆ ئەوەی گوێم لەو دەنگە نەبێت و ئەو شەیتانی ترسە لە خۆم دوور بخەمەوە. کەوتمە پەڕە هەڵدانەوەی کتێبەکە، لێرەدا بەیتێک و لەوێوە پەرەگرافێکم خوێندنەوە و تەواوی سروودەکانم وەبیر هاتنەوە. دەتوت لەنێو پەڕە ئاگرینەکانەوە شەیتانەکان دەقرووسکێنن. لە سەرووی ئێرەوە گیانە ماندووەکان هەوڵیان دەدا لە چیایەکی بەرزی پڕ لە هەڵدێرەوە سەر بکەون، لە سەرووترەوە گیانە پیرۆزەکان، وەک گوڵەئەستێرە، لە مێرگە زمرۆتییەکاندا دەگەڕان. من لەوێدا، لەو ساختمانە پڕ لە ترسەدا سەروخوارم دەکرد و ئازادانە وەک لە ماڵی خۆمدا بم، بە دۆزەخ و بەهەشت و بەرزەخدا دەگەڕام. من، کە تەواو شەیدای ئەو شیعرە سەرسوڕهێنەرانە بووبووم، ئازارم دەکێشا و ئومێدم پەیدا دەکرد و لە بەختەوەریی ژیانی تاسەر چێژم وەردەگرت.
ناکاو کتێبەکەی دانتیم داخست و سەیری دەریام کرد. یەک لە باڵندە ماسی خۆرەکان سنگی بە شەپۆلەکەوە نابوو، لەگەڵ شەپۆلەکاندا

سەردەکەوت و دادەکەوتەوە. زۆری چێژ لەوە وەردەگرت، کە خۆی دابووە شەپۆلەکان. مێردمنداڵێکی ڕەشداگەڕاوی پێپەتی، بە دەم وتنی گۆرانیی دەست عاشقانەوە، لە کەنارەکەوە دەرکەوت، ڕەنگە زانیبێتی چ سۆز و ناڵەیەک لەو ئاوازەدا هەیە، چونکە هێدی هێدی وەک دەنگی کەڵەشێرێک گرییەکی تێدەکەوت.

ساڵان، بەڵکوو سەدان ساڵ، شیعرەکانی دانتی هەر بەو جۆرە لە وڵاتی خودی شاعیردا دەوتران، وەک چۆن گۆرانیی خۆشەویستی، کوڕ و کچ بەرەو ئەوین و ئەویندارى دەکێشێت، شیعرە بەسۆزەکانی ئەم شاعیرە فلۆرەنسیەیش، لاوە ئیتاڵیاییەکانی بۆ ئازادی ڕادەهێنا، بەجۆرێک کە هەموو، نەوە دوای نەوە، بەڵێنیان بە گیانی شاعیر دەدا، دیلیەتیی خۆیان بە ئازادی بگۆڕنەوە.

لە پشتەوە گوێم لە پێکەنینێک بوو، یەکسەر لە لووتکە بەرزەکانی شیعری دانتییەوە داکەوتم، ئاوڕم دایەوە، زۆربام بینی لە پشت سەرمەوە وەستاوە و وا پێدەکەنێ؛ دەمی تا پەنا گوێی ڕەویبووەوە، بانگی لێ کردم:

- ئەمە چییە سەرۆک؟ چەند کاتژمێرێکە بە دواتا دەگەڕێم و نەمدەزانی لە کوێیت.

کە بینی من بێدەنگ و جووڵەم، دیسان دەستی پێکردەوە:

- کاتژمێرێک لە نیوەڕۆ لای داوە و مریشکەکەیش پێگەیشتووە، دەترسم پرزۆڵ پرزۆڵ بێت، تێدەگەیت؟

- تێدەگەم، بەڵام من برسیم نییە.

زۆربا، توند بەسەر ڕانی خۆیدا کێشا و وتی:

- برسیت نییە؟ بەڵام تۆ لە بەیانییەوە تا ئێستا هیچت نەخواردووە، ئاخر دەبێت تۆ خەمی لەشی خۆتت هەبێت، بەزەییت پێدا بێتەوە، سەرۆک! شتێکی بدەرێ بیخوات، بەڵێ،

دەبێت ئاگات لە جەستەت بێت، چونکە جەستە کەری ئێمەیە، دەزانیت؟ ئەگەر تۆ خواردن بە کەرەکەت نەدەیت لە ناوەڕاستی ڕێدا بە جێت دەهێڵێت. من ساڵانێک چێژی لەشم بە سووک دەگرت و ئەگەر توانیبام خۆراکیشم لەبەر چاوی خەڵکی نەدەخوارد، وەک ئەوەی بە عەیبی بزانم.

بۆ ئەوەی زۆربا هاواری لێ هەڵنەستێت وتم:

– زۆر چاکە، دێم.

بە جووتە بەرەو گوندەکە بە ڕێ کەوتین. کاتژمێری نێوان ئەو بەردانە وەک کاتژمێری ئەوین بە خێراییی برووسکە تێپەڕیبوو، هێشتا من لە خۆمدا هەستم بە هەناسەی گەرمی شاعیری فلۆرەنسی دەکرد، زۆربا بە کەمێک دوودڵییەوە وتی:

– سەرۆک! بیرت لە خەڵووزی لینیت دەکردەوە؟

بە پێکەنینەوە وتم:

– ئەی بۆ دەتەوێت بیر لە چی دی بکەمەوە؟ ئێمە بەیانی دەست بەکار دەبین، دەبوو من حساباتێکم کردبا.

زۆربا، بە لایەکی چاو تەماشای کردم و بێدەنگ بوو. دیسان لەوە گەیشتم کە دەیەوێت تاقیم بکاتەوە، هێشتا لەوە دوودڵ بوو، کە بڕوا بە قسەکانم بکات، یان نا، هەر بەو ڕاڕاییەوە لێی پرسیمەوە:

– باشە ئەنجامی حساباتەکەت چی دەرچوو؟

– وا دەرچوو، کە لە سێ مانگی بەراییی کارماندا، دەبێت ڕۆژانە دە تەن خەڵووز دەر بهێنین بۆ ئەوەی خەرجیی کارەکەمان دەر بکەین.

دیسان زۆربا تەماشای کردمەوە، بەڵام تەماشای ئەمجارەیانی هاوکات بوو لەگەڵ دوودڵیدا، دوای کەمێک وتی:

- بۆ ئەم حساباتە چووبوویتە کەناری دەریا؟ ببورە، سەرۆک! بۆیە پرسیاری وات لێ دەکەم، چونکە بە ڕاستی من سەری لێ دەرناکەم، کاتێک کە دەکەومە نێو ژمارەوە، حەز دەکەم خۆم لە کونێکی ژێر زەوی بنێم، تا هیچ شتێک نەبینم، چونکە ئەگەر لەو کاتەدا سەرم بەرزبکەمەوە و چاوم بە دەریا، یان درەختێک، یان بە ژنێک- ئەگەر پیریش بێت- بکەوێت، ئیتر حساب و مساب و ژمارە و ممارەم وا لە دەست دەردەچن، وەک پەڕوباڵیان گرتبێت وایە.

بۆ ئەوەی سەربکەمە سەری پێم وت:

- بەڵام زۆربا ئەمە هەڵەی خۆتە، واتای وایە تۆ ناتوانیت بە تەواوی هۆش بدەیتە کارێک.

- نازانم، سەرۆک! دەشێ تۆ ڕاست بکەیت، دیارە هەندێک حاڵەت هەیە تەنانەت سلێمانی حەکیمیش... بڕوانە سەرۆک! ڕۆژێک بەلای گوندێکدا تێپەڕیم، پیرێکی نەوەد ساڵەم بینی نەمامێکی چوالەی دەناشت، پێم گوت: "ها، باوەلێ! داری چوالە دەنێژیت؟" هەر بە پشتە چەماوەکەیەوە ڕووی تێکردم و وتی: "بەڵێ، کوڕم! من وا کار دەکەم، وەک ئەوەی کە هەرگیز نامرم." لە وەڵامدا پێم وت: "وەلێ، باوکە! من وا کار دەکەم وەک ئەوەی ڕەنگە هەر ئێستا بمرم." ئێستا سەرۆک، لەم دوانە کاممان ڕاستین؟

سەرنجێکی سەرکەوتووانەی تێگرتم و وتی:

- ئاوا وەگیرت دێنم!

من بێدەنگ بووم. دەشێ دوو ڕێی سەخت و هەڵەت بگەنە لووتکەیەک، ئەو بیرکردنەوەیەی، کە هەرگیز مەرگ لە ئارادا نییە، یان ئەو خەیاڵەی هەموو ساتێک مەرگ لە کەمیندایە، ڕەنگە هەردووکیان

وەک یەک وابن، بەڵام ئەوکاتەی، کە زۆربا ئەو پرسیارەی لێکردم، من نەمزانی.

زۆربا بە تەوسەوە وتی:

- ها، چی بوو؟ سەرۆک! خۆت سەغڵەت مەکە، ئەم باسە بە ئەنجامێک ناگات، با لە مەسەلەیەکی تر بدوێین. من لەم کاتەدا لە بیری نیوەڕۆژەی مریشک و پڵاوێکدام، کە دارچینییان پێوە کردبێت. ئێستا وەک مەنجەڵی پڵاو هەڵم لەسەرم هەڵدەستێت. با جارێ بچین و نانەکەمان بخۆین، پاشان لێی دەدوێین، هەرشتە و کاتی خۆی هەیە، وا ئێستا برنجمان لەبەردەستایە و پێویستە بیر لە پڵاو بکەینەوە، سبەی خەڵووزی لینیتمان دێتە بەرچاو و دەبێت بیر لەویان بکەینەوە، نابێت کار بە ناتەواوی بکرێت، تێدەگەیت؟

چووینە ناو دێوە. ژنان لەبەر دەرکەیماڵەکانیاندا دانیشتبوون و سەرگەرمی قسەوقسەلۆک بوون. پیرەمێردەکان خۆیان دابوو بەسەر گۆچانەکانیاندا و بێدەنگ بوون. لەژێر دارهەنارێکدا، کە بەری زۆری گرتبوو، پیرەژنێکی لاواز و پەڕپووت سەری نەوەکەی دەدۆزی. لەبەردەم چایخانەکەدا، پیرەمێردیکی باڵاڕێکی بەخۆوە، بە لووتێکی قووڵینگی و سیمای پیاوێکی گەورەوە وەستابوو، ئەم پیاوە ناوی ماڤراندوونی[28] بوو، ڕیش سپی و جێبڕوای گوند و هەر ئەویش کانزای خەڵووزی بە کرێ پێدابووین. شەوی پێشتر هاتبووە میوانخانەکەی هورتانس تا بمانباتە ماڵەکەی خۆی. پێی وتین:

- بەڕاستی بۆ ئێمە زۆر شوورەییە ئێوە لە میوانخانەدا بن، وەک ئەوەی کەس لەم گوندەدا نەبێت میوانداریتان بکات.

---

[28] Mavrandon

پیاوێکی بەویقار و قسەکانی دانسقە بوون، ئێمە داوەتەکەیمان ڕەت کردەوە، ئەو کەمێک دڵتەنگ بوو، بەڵام زۆری لەسەر نەڕۆیشت، لە ڕۆیشتنندا وتی:

- من ئەرکی خۆم بە جێ هێنا، ئێوەیش ئازادن.

دوای کەمێک، دوو سەلک پەنیری گەورە، سەبەتەیەک هەنار، گۆزەیەک کشمیش و هەنجیری وشک و نیوقەڕابە ئارەقی بۆ ناردین. نۆکەرەکەی، کە ئەم شتانەی لەسەر پشتی کەرەکەی دەهێنانە خوارەوە، وتی:

- پاڵەوان[29] ماڤراندوونی سڵاوی لێ دەکردن و دەیوت ئەم شتە کەمانە شایانی ڕێزی ئەوان نییە، بەڵام نیشانەی دڵفراوانی و گەورەییی ئەوانە.

ئێمە بە هەست و نەستێکی خۆشەویستانەوە سڵاومان بۆ کوێخای گوند نارد و نۆکەرەکەیش دەست لەسەر سنگ وتی:

- تەمەن و گەورەییتان هەر زیاد بێت.

بێدەنگ بوو. زوربا لەبەرخۆیەوە وتی:

- یارۆ حەزی بە زۆربڵێیی نییە، خۆی بە شت دەزانێت.

وتم:

- مرۆیەکی سەنگینە، من خۆشم لێی دێت.

ئیتر وا گەیشتبووین، پەڕەی لووتی زۆربا لە خۆشیاندا دەلەرییەوە. هورتانس خانم، کە ئێمەی لەبەردەم دەرکەدا بینی، سووکە قریوەیەکی لێ هەستا و خۆی بە چێشتخانەدا کرد.

زۆربا، مێزەکەی لە حەوشەدا و لەژێر دارمێوێکی ڕووتدا دانا. نانی لەت لەت کرد. شەرابی هێنا و قاپ و کەوچک و چنگاڵی دانان، پاشان

---

[29] پاڵەوان، لێرەدا وەرگێڕانی وشەی Capetanـە، کە بە پیاوانی ئازا و جوامێر و خۆنەویست دەوترێت. -ف-

سەری وەرگێڕا و تەماشایەکی زۆڵانەی کرد و ئاماژەی بۆ مێزەکە کرد، سێ قاپی دانابوون، لەژێر لێوەوە وتی:

- دەبینیت، سەرۆک؟

لە وەڵامدا وتم:

- دەبینم، زۆڵی فێڵباز! دەبینم.

بە دەم لێولستنەوەوە وتی:

- گۆشتاوی مریشکی پیر خۆشە، من شتێک لەم بارەیەوە دەزانم.

زۆربا، گورجوگۆڵ هەڵدەسوڕا، چاوی پرشنگی دەدا و لەژێر لێوەوە گۆرانییە کۆنەکانی ئەوینی دەوت:

- ئەمەیە ژیان، سەرۆک! واتا دەبێت مرۆڤ خۆش بژی، بڕوانە من ئێستا وای دادەنێم، کە دوای خولەکێکی تر دەمرم، پەلەی ئەوەیشمە مردنەکەم پێش مریشکخواردنەکە نەکەوێت.

هورتانس خانم فەرمانی پێ داین.

- بفەرموونە سەر مێز.

مەنجەڵەکەی هەڵگرت و هێنایە بەردەممان، بەڵام کتوپڕ سڵەمییەوە، چونکە چاوی بە سێ قاپەکە کەوت، لەتاو خۆشی سوور هەڵگەڕا، تەماشایەکی زۆربای کرد و چاوە ورد و تیژ و شینەکانی درەوشانەوە، زۆربا لەسەرخۆ پێی وتم:

- ژنێکی زۆر حەشەرییە، ها!

پاشان زۆر بە ئەدەبەوە رووی لە خانمەکە کرد و وتی:

- ئەی فریشتەی جوانی دەریا! ئێمە کەشتییە شکاوێکین و دەریا فڕێی داوینەتە قەڵەمڕەوەکەی تۆوە، فەرموو هاوسفرەمانبە.

ژنە گۆرانیبێژی پیری مەیخانەکان باڵەکانی تەواو کردنەوە و پاشان ویکی هێنانەوە، وەک بیەوێت هەردووکمان لە ئامێز بگرێت، ئەوسا بە نەرم و نیانییەکی تایبەتەوە پێچوتاوێکی بە لەشی دا، دەستی بە سەروچاوی زۆربا و پاشان بە هی مندا هێنا و لەنجەولارێکی بەرەو ژوورەکەی خۆی کرد. دوای کەمێک، بە ڕووی گەش و خەندانەوە گەڕایەوە، جوانترین بەرگی لەبەر کردبوو، کراسێکی مەخمەڵی سەوزی کۆن، کە بە چەند شریتێکی زەردی ڕەنگ بووردووەوە ڕازێندرابووەوە. یەخەی کراسەکەی تەواو کراوە و گوڵێکی دەستکردی سووری لەسەر سنگی دابوو. قەفەزی تووتییەکەی بە دەستەوە و بە دارمێوەکەوەی هەڵواسی. ئێمە ئەومان لە ناوەڕاستی هەردووکماندا دانا، زۆربا لای ڕاستی و منیش کەوتمە لای دەستی چەپییەوە. هەرسێکمان پەلاماری خواردنەکەمان دا، بێ ئەوەی کەسمان قسەیەک بکات، ماوەیەکی زۆرمان تێپەڕاند. بوونەوەری لەشمان خۆراکی هەڵدەلووشی و بە شەرابیش تینوویەتی دەشکاند. خواردنەکە لە بوونماندا زۆر زوو دەبوو بە خوێن. دنیا لەبەر چاوماندا جوان دەینواند. ئەو ژنەی لە پاڵماندا دانیشتبوو، هەموو چرکەیەک لەبەر چاوماندا جوانتر دەبوو؛ لۆچەکانی دەموچاوی نەدەمان. تووتییەکەیش، کە بە بەرگی سەوز و زەردییەوە، بەرانبەرمان، بە دارەکەوە هەڵواسرابوو، هەموو جارێک بۆ تەماشاکردنمان دادەنەوی. لەبەر چاوماندا، جارێک وەک مرۆیەکی ئەفسوونلێکراو، تاوێک وەک گیانی ئەو ژنە گۆرانیبێژە پیرەی بە بەرگی سەوز و زەردەوە دانیشتبوو، جوان دەینواند. دارمێوە بێگەڵا و داروبارەکەیش ناکاو بۆڵ بۆڵ ترێ ڕەشەی دەگرت.

زۆربا، چاوێکی گێڕا و باڵی تا دواکشانی واڵا کرد، دەتوت حەزی لێیە هەموو شتێک لە ئامێز بگرێت، بە سەرسامییەوە دەنگی ڕادا:

- چی دەبینم، سەرۆک؟ کە مرۆڤ لێوانێکی بچووک شەراب دەخواتەوە وا هەست دەکات دنیا بە دەوری سەریدا دەسووڕێت، کەواتە سەرۆک گیان! ئیتر ئەمەیە ژیان. توو دینت ئەوەی بە سەرمنەوە شۆڕبووەتەوە بۆڵەترییە، یان فریشتە؟ من ناتوانم باش لێکیان بکەمەوە، یان هەر هیچ نییە و هیچ شتێک بوونی نییە، نە مریشک هەیە، نە فریشتەی دەریا و نە کریت؟ قسە بکە، سەرۆک دەی قسە بکە، دەنا شێت دەبم.

زۆربا وردە وردە لە مەستی دابوو. مریشکی خواردبوو. بە تاسەوە لە هورتانس خانمی دەڕوانی، چاوی تێ بڕیبوو، لە سەرییەوە تا پێی، وا لە سنگە هەڵتۆقیوەکەی ڕادەما وەک دەستی پێدا بگێڕێت وا بوو. چاوە بچووکەکانی خانمە دلۆڤانەکەی ئێمەیش دەدرەوشانەوە. کەیفی بە شەرابەکە دەهات و چەند پێکێکی لێ هەڵدابوو، لەوەی دەکرد شەیتانی خواردنەوە بۆ زەمانی کۆنی گێڕابێتەوە. ئێستا، کە جارێکی تر سۆز و خۆشەویستی تێ گەڕایەوە، هەستایە سەر پێ، دەرکەی دەرەوەی میوانخانەکەی داخست تا گوندییەکان، یان وەک خۆی دەیوت (دڕندەکان) نەیبینن. جگەرەیەکی داگرساند، لە لووتە بچووکەکەیەوە بە شێوەی لووتی فرەنسەییەکان، ئەڵقە ئەڵقەی دووکەڵەکەی بۆ دەرەوە ڕادا.

لە کاتی ئاوهادا، هەموو دەرکەکانی بوونی ژن دەکرێنەوە، پاسەوانەکان دەنوون و تەنیا وتەیەکی خۆش و دڵگر، بە ئەندازەی زێڕ، یان خۆشەویستی، هێز و توانا دەبەخشن، بۆیە منیش پایپەکەم داگرساند و ئەم قسە خۆشەم کرد:

- هورتانس خانم! تۆ "سارابرنا"ت بە بیری ئێمە هێنایەوە، ئەو کاتەی هێشتا جوان بوو، من هەرگیز بیرم بۆ ئەوە نەدەچوو،

که لە جێیەکی وا دوور لە شارستانییەترا، ئەم هەموو شیکپۆشی و ناسکی و جوانی و مرۆڤدۆستییە ببینم، ئەمە کام شکسپیر بوو تۆی هاویشتە ناو ئەم دڕندانەوە؟

چاوە ورد و ڕەنگپەڕیوەکانی تەواو کردنەوە و وتی:

- شکسپیر؟ کام شکسپیر؟

هەر زوو بیری بۆ ئەو شانۆگەرییانە چوو کە دیبوونی، لە چاوترووکانێکدا گەڕایەوە بۆ هەموو ئەو ڕێستورانت و مەیخانانەی کە گۆرانی تێدا وتبوون، لە پاریسەوە بیگرە تا بیروت، لەوێوە بە درێژاییی کەناری ئاسیای بچووکدا ڕۆیشت. ناکاو یادی ئەسکەندەرییەی کەوتەوە، لەوێ تەلارێکی گەورەی بینەران هەبوو، چلچرا و کورسیی مەخمەڵی و ژن و پیاوی پشت ڕووت و عەتر و گوڵاو و کتوپڕ پەردە لادرا بوو، قولەڕەشێکی ترسێنەر هاتبووە ژوورەوە.

هەوای ئەو بیرهاتنەوەیە دیسان پرسیارەکەی پێ کردەوە:

- کام شکسپیر؟ ئەوەی کە پێیشی دەڵێن ئۆتیللۆ؟

- بەڵێ، خۆیەتی، خانمی خانەدان! کام شکسپیر تۆی خستە ناو ئەم تاوێرە بەردە دڕندانەوە؟

تەماشایەکی ئەملاوئەولای خۆی کرد. دەرکەکان داخرابوون. تووتییەکە نووستبوو. کەروێشکەماڵییەکان عیشقبازیان دەکرد و ئێمەش تەنیا بووین. ئەو کە قسەکانی من کاریان تێکردبوو، وردە وردە دەرکەی دڵی خۆی بۆ کردینەوە، وەکچۆن سندووقچەیەکی کۆنی پڕ لە عەتر و نامەی زەردی عاشقانە و بەرگی کۆن دەکەیتەوە. زمانی یۆنانی چۆن بۆ بهاتایە، وا قسەی پێ دەکرد. سەروگوێی وشەکانی دەشکاندن، لە بڕگەکاندا دەوەستا و تێکەڵ پێکەڵی دەکردن، بەڵام ئێمە تەواو تێی دەگەیشتین. هەندێکجار بە زەحمەت پێشمان لە

پێکەنینی خۆمان دەگرت و جاری تریش لەبەر ئەوەی زۆرمان بادە خواردبووەوە، یەکسەر لە پرمەی گریانمان دەدا.

- باشە! [ئەمە تا ئەندازەیەک دەقی قسەکانی ئەو فریشتە پیرەیە، کە لە حەوشە عەتراوییەکەی خۆیدا پێی وتین.] منێک، کە ئێستا لەگەڵ ئێوەدا قسە دەکەم، هەرگیز گۆرانیبێژی مەیخانەکان نەبووم، نا، هەرگیز، بەڵکوو هونەرمەندێکی بەناوبانگ بووم، من کراس و ژێرکراسێکی ئاوریشمیم لەبەر دەکرد، کە لە شێوەی تۆڕی ئەسڵدا دروست کرابوون، بەڵام خودا خۆشەویستی بگرێت کە...

هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و جگەرەیەکی تری بە جگەرەکەی زۆربا داگرساند.

- من عاشقی دەریاساڵارێک بووم، ئەوسا کریت لە جۆشوخرۆشی شۆڕشدا بوو، پاپۆرە جەنگییەکانی وڵاتەگەورەکان لە بەندەری (سوودا)دا[30] لەنگەریان گرتبوو، چەند ڕۆژ دوای ئەوە، منیش هەر لەوێدا لەنگەرم گرت. ئای چ شکۆمەندی و مەزنییەک بوو! خۆزگە ئێوەیش ئەو چوار دەریاساڵارە ئینگلیزی و فەرەنسەیی و ئیتالیایی و ڕووسییەتان دەدین، کە هەموویان میداڵ و نیشانی زێڕیان پێوە بوو، پێڵاویان دەبریسکایەوە و وەک کەڵەشێریش پەڕێکیان بە کڵاوەکانیانەوە کردبوو، لەو کەڵەشێرە گەورانەی هەریەکەیان هەشتا تا سەد کیلۆ دەبن. چ ریشێکیش! لوول، نەرم وەک ئاوریشم، کەنەرمەنگ، خۆڵەمێشی، زەرد. چ بۆنێکی خۆشیان لێدەهات! هەر یەکەیان عەترێکی تایبەتی خۆی هەبوو. منیش هەر بەو جۆرە شەوانە

[30] Sauda

بە بۆنی عەترەکانیان لە یەک جیام دەکردنەوە. ئینگلیزەکە بۆنی کۆلۆنیای لێ دەهات. فرەنسەییەکە بۆنی وەنەوشە، ڕووسییەکە بۆنی میسک و ئیتاڵیاییەکە... ئاها بڵێم چی! بۆنی ئیتاڵیاییەکە وەک بۆنی عەنبەر وابوو. ئای لەو ڕیشانە! خوداگیان، چ ڕیشێک بوون!

ئێمە زیاتر لە کەشتیی فەرماندەییدا کۆ دەبووینەوە و لە بارەی شۆڕشەوە دەدواین، دوگمەی کراسەکانیان هەموو کرابوونەوە، منیش تەنیا کراسێکی تەنکی ئاوریشمینم لەبەر دەکرد، کە بە لەشمەوە دەنووسا، چونکە ئەوان کراسەکەمیان بە شەمپانیا تەڕ دەکرد. وەرزی هاوین بوو، تێدەگەن! باشە، هەموو باسی شۆڕشیان دەکرد و لە مەسەلە گرنگەکان دەدوان، من ڕیشم دەگرتن و داوام لێ دەکردن کریتییە ئازیز و بێچارەکان گوللەباران نەکەن. ئێمە لە دوورەوە بە دووربین کریتییەکانمان بەسەر تاشەبەردەکانی نزیک بە (کانە)وە[31] دەبینی، کە بە مێرووله دەچوون و هەموو پانتۆڵی شین و چەکمەی زەردیان لە پێدابوو، هاواریان دەکرد و هوورایان دەکێشا، ئاڵایەکیشیان پێ بوو...

قامیشەڵانی چواردەوری حەوشەکە کەوتنە جووڵە، پیرەژنە خەباتگێڕەکە ترسا و بێدەنگ بوو، لەناو قامیشەکانەوە چاوە شەیتانییەکان دەبریسکانەوە، منداڵانی گوند بەو ئاهەنگە خۆشەی ئێمەیان زانیبوو، بۆیە کەوتبوونە چاودێریمان. ژنی گۆرانیبێژ هەوڵیدا هەستێت بەڵام نەیتوانی، چونکە زۆری خواردبووەوە و زۆریشی خواردبوو، ناچار بەو هەموو ئارەقەی لەشییەوە دانیشتەوە. زۆربا

---

[31] Conee

بەردێکی هەڵگرت و لە منداڵەکانی کردە هەرا، پاشان کورسییەکەی خۆی کەمێک نزیکتر کردەوە و وتی:

– بەردەوامبە، گوڵەکەم! بەردەوامبە، ماڵەکەم!

– بەڵێ! من لەگەڵ دەریاسالارە ئیتاڵیاییەکەدا زیاتر هەستم بە ئازادیی خۆم دەکرد. کەڕیشم دەگرت پێم دەوت: "کاناڤارۆی ئازیزم! [ناوی کاناڤارۆ بوو] کاناڤارۆی کوڕژیلەم، توو خودا، نە بم... بم... بکە و نە تاقوتریق."

منێک، کە ئێستا قسەتان بۆ دەکەم، چەند کریتیم لە دەست مەرگ ڕزگار کردبێتن چاکە! چەند جار تۆپهاوێژەکان لە تۆپ هاویشتندا بوون، کە من ڕیشی دەریاسالارم دەگرت و نەمدەهێشت بم... بم... بکات، بەڵام کێ ڕێز لە من دەگرێت؟ لە باتی نیشان و میداڵ...

هورتانس خانم لە بێویژدانیی خەڵکی تووڕە بوو. بە مستە نەرم و بچووک و پڕ لە چرچولۆچەکەی، بەسەر مێزەکەیدا کێشا. زۆربا دەستە فێربووەکانی بۆ سەر ئەژنۆکراوەکانی خانم درێژ کردن و بە هەڵچوونێکی خۆکردەوە ئەژنۆی گرت و هاواری کرد:

– بوبولیناکەم![32] تکایە تۆیش بم... بم... مەکە!

خانمە خاسەکەمان وەک مریشک کەوتە کرتەکرت و وتی:

– دەستت لادە، تۆ بە کێم دەزانیت؟

تەماشایەکی تێکشکاوانەی زۆربای کرد. پیرەی فێڵباز وتی:

– خەم مەخۆ، بوبولیناکەم! خودایەک بەو سەرەوە هەیە، مەترسە ئازیزی دڵم، ئێمەیش لێرەین.

---

[32] Bouboulina، زنەقارەمانی شەڕی ئازادیی یۆنان، (1821-1828) وەک کارناریس و میولیس ئازایانە لە دەریادا جەنگی.

فریشتەی پیر، چاوە تیژ و شینەکانی هەڵبڕین و تووتییە سەوزەکەی بینی لە قەفەزەکەدا نوستبوو، عاشقانە کەوتە گمەگم و لەژێر لێوەوە وتی:

- کاناڤارۆکەم! کاناڤارۆ، کوڕژیلەکەم!

تووتییەکە، کە گوێی لە دەنگە ئاشناکە بوو، چاوی کردەوە، خۆی بە شیشی قەفەزەکەیەوە ئاوێزان کرد و بە دەنگێکی گردراوەوە، کە هەر لە دەنگی مرۆڤێک دەچوو لە کاتی خنکاندا؛ کەوتە هاوارکردن:

- کاناڤارۆ! کاناڤارۆ!

زۆربا، بە دەم دەست خستنەوە سەر ئەو ڕانانەی، کە ئەو هەموو خزمەتەیان کردبوو و ئەمیش دەیویست بیانکاتە هی خۆی، بە دەنگی بەرز وڵامی تووتییەکەی دایەوە: "بەڵێ."

گۆرانیبێژە پیرەکە لەسەر کورسییەکەی سوڕاو، جارێکی تر دەمە بچووک و چرچەکەی کردەوە و وتی:

- منیش ئازایانە دەستەویەخە جەنگیوم، بەڵام ڕۆژە ناخۆشەکان زوو گەیشتن، کریت ئازادبوو، کەشتییە جەنگییەکان فەرمانی گەڕانەوەیان پێ درا، من هەر چوار ڕیشەکەم گرتن و هاوارم کرد: "دەبێ من چ قوڕێک بەسەر خۆمدا بکەم؟ ئێوە کە من لێرە جێ دەهێڵن بۆ کوێ دەچن؟ ئاخر من فێری نازونیعمەت بووم، خووم بە شامپانیا و مریشکی سوورەوە کراوەوە گرتووە، لەگەڵ سەلامی سەربازە دەریاوانە لاوەکاندا ڕاهاتووم، ئێستا کە لە چوار دەریاسالاری گەورەی خۆم، بێوەژن دەکەوم، چیم بەسەر دێت؟"

بەڵام ئەوان پێدەکەنین و گاڵتەیان پێ دەهات، داد لە دەست ئەو جۆرە پیاوانە! ئەوان منیان نوقمی لێرەی ئینگلیزی و

ئیتاڵیایی و ڕۆبلی ڕووسی و دراوی ناپلیۆنی کردبوو، من پارەکانم دەخستنە ناو گۆرەوی و یەخەی کراسەکەم و پێڵاوەکانمەوە. دواشەو ئەوەندەم شیوەن و گریان کرد، کە دەریاسالارەکان دڵیان پێم سووتا، ئەو حەمامەیان پڕ لە شامپانیا کرد و منیان تێخست- ئێمە لەگەڵ یەکدا زۆر ڕاهاتبووین- پاشان هەموو شامپانیاکەیان لە چاوی من خواردەوە و سەرخۆش بوون، دوای ئەوەیش چراکانیان کوژاندنەوە...

سەرلەبەیانیی ئەو شەوە بۆنی هەموویانم گرتبوو، بۆنی وەنەوشە، بۆنی کۆلۆنیا، بۆنی میسک و بۆنی عەنبەر. من هەر چوار دەوڵەتە گەورەکەم گرتبوون: ئینگلیز و فرەنسە و ڕووس و ئیتاڵیا. ئالێرەدا گرتبوومن، بە ئەژنۆکانم، ئاوام لێ دەکردن! تەماشاکەن، ئاوا...

لێرەدا هورتانس خانم باسکە کورت و گۆشتنەکانی لێک کردنەوە و لە خوارەوە بۆ سەرەوە بەرزی کردنەوە، هەر تەواو، وەک لەسەر ڕانی سەما بە منداڵێک بکات وابوو.

- تەماشامکەن، ئابەمجۆرە! ئاوا!

کە خۆر هەڵهات دەستیان بە تۆپتەقاندن کرد، من درۆ ناکەم و بە شەرەفم سوێند دەخۆم ئەمە ڕاستە، دوایی، بەلەمێکی سپی لەگەڵ دوازدە سەوڵلێدەردا هاتن، منیان هەڵگرت و بۆ کەنار دەریاکەیان بردم.

دەستەسرە چکۆلانەکەی دەرهێنا و هێند بەکوڵ گریا دانەدەمرکایەوە. زۆربا کە تەواو بەتەنگ هاتبوو، هاواری لێ هەستا:

- چاوت بنووقێنە، بوبولیناکەم! چاوت بنووقێنە، ماڵەکەم! من کاناڤارۆم!

خاتوونە دلۆڤانەکەمان جارێکی تر بە نازەوە لە زوربای خوڕی:

- پێم وتیت دەستت لادە! تەماشا کە! کوا نیشانە ئاڵتوونییەکانی سەرشانت؟ کڵاوە سێگۆشەکان؟ ڕیشە عەتراوییەکان؟ ئاها!... ئاها!...

بە هێواشی دەستی زۆربای گوشی و دیسان کەوتەوە گریان.

هەواکە ساردی کردبوو. کەمێک بێدەنگ بووین، لە پشت قامیشەکانەوە دەنگی دەریا ئارام و لەسەرخۆ دەهات. بایەکە خستبووی و خۆر ئاوا بووبوو. دوو قەلەڕەشی شەوگەڕ بەسەرماندا تێپەڕین و دەنگی باڵیان هەر لە دەنگی دادڕینی پارچەیەک ئاوریشم دەچوو، وەک ئەوەی کراسە ئاوریشمینەکەی خانمی گۆرانیبێژ بدڕێت وابوو.

زەردەی خۆرئاوا دەتوت گەردی ئاڵتوونە و بەسەر حەوشەکەدا پەخش کراوە. گوارە پڵپڵەدارەکەی هورتانس خانم ڕەنگی ئاگری گرتبوو، شیباکەیش هێنابوویە سەما، وەک بیەوێت بفڕێ و ئاگر بەسەر سەری دراوسێکاندا بکات وابوو. سنگە نیوەکراوەکەی، ئەژنۆ لێک هەڵاوێردەکانی، کە پیری شلوشاوی کردبوون، چرچی ملی، دەمپا کۆنەکانی بە زەردەی خۆرئاوابوونەکە ڕەنگی زێڕیان گرتبوو.

فریشتە پیرەکەمان لەرزی، چاوەبچووکەکانی، کە فرمێسک و شەراب سووری کردبوون و نیوەکراوەبوون، جارێک تەماشای من و تاوێک تەماشای زۆربای پێ دەکردن. زۆربا بە لێوی وشکەوە لە سنگی ڕامابوو. تا دەهات دنیایش تاریکتر دەبوو. ئەو وەک لە پرسیار لەخۆکردندا بێت سەیری هەردووکمانی دەکرد، دەتوت لە هەوڵی ئەوەدایە بزانێت کاممان کاناڤارۆین.

زۆربا، کە ئەژنۆی بە ئەژنۆیەوە نووساندبوو، بە ئارەزوویەکی پڕەوە دەمی نابووە پەناگوێیەوە و دەیگوت:

- بوبولیناکەم! بێگومان بە، نە خودا هەیە و نە شەیتان. سەرە بچوکەکەت هەڵبڕە. دەستە جوانەکانت بخەرە سەر ڕومەتت و گۆرانییەکمان بۆ بڵێ. بژی ژیان و مەرگ بۆ مردن.

زۆربا گڕی گرتبوو. لەو کاتەدا، کە دەستی چەپی بە سمێڵیدا دەهێنا، دەستی ڕاستی بەسەر لەشی گۆرانیبێژە سەرخۆشەکەوە بوو، قسەی دەکرد و هەناسەبڕکێی بوو، چاویشی شلوێ بوو. بێگومان ئەم ژنەی، کە ئەو ئێستا لە بەرانبەر خۆیدا دەیبینی، ئەو پیرەژنە مۆمیاکراوەی پێشوو نەبوو، کە ئارایشتێکی خەستی دەکرد، بەڵکوو ئەو "ڕەگەزی مێ"یە بوو، کە ئەو ئاسایی بە ژنی دەوت. ئیتر مەسەلەکە تەنیا کەسێک و دەموچاوێک نەبوو، ئیتر گەنج، یان پیر و ناشیرین، یان جوان، گرنگ نەبوون. ئێستا لە پشت دەموچاوی هەر ژنێکەوە وێنەی پیرۆز و پڕ لە نهێنیی "ئەفرۆدەیت"[33] هەیە. ئەمە ئەو دەموچاوە بوو، کە زۆربا دەیبینی و قسەی لەگەڵدا دەکرد و حەزی لێی بوو. شێوەی هورتانس خانم، تەنیا دەمامکێکی کاتی و ڕوون بوو، کە زۆربا دەیدڕی بۆ ئەوەی دەمی نەمری ماچ بکات.

زۆربا، جارێکی تر بە هەناسەی گیر و تکائامێزەوە وتی:

- ئەو گەردنە بەفرینەت ڕاست بکەرەوە، ماڵەکەم! تێی چریکێنە بە گۆرانی.

پیرەی گۆرانیبێژ ڕوومەتی نایە ناو دەستە لاوازەکانییەوە، کە جلشتنی زۆر شەقار شەقاری کردبوو. چاوی خوماربوو. ناڵەیەکی بەسۆز و دڕندانەی لێ هەستا و لە کاتێکدا، کە بە چاوە شلوێ و نیوەکوژاوەکەیەوە، تەماشای زۆربای دەکرد- دیاربوو ئەوی هەڵبژاردبوو- دەستی بەو گۆرانییە کرد، کە خۆی حەزی لێ بوو و هەزاران جاریش وتبووی:

---

33 Aphrodait، خودای خۆشەویستی لەلای یۆنانییەکان، کە هەمان ئەستێرەی زوهرەیە.

- له كۆتاییی ڕۆژانی تەمەنمدا
بۆ بە تۆ گەیشتم...[34]

زۆربا، لە جێیەکەی ڕاست بووەوە، ڕۆیشت و سەنتوورەکەی هێنا، وەک توورکەکان لەسەر زەویەکە دانیشت، سازەکەی لە کیسەکە دەرهێنا، نایە سەر ئەژنۆی و دەستەزلەکانی درێژ کرد.

- ئاخ! ئاخ! بوبولینا! چەقۆیەک بهێنە و سەرم ببڕە.

کە تاریکی داکەوت و ئەستێرەکانی دوای خۆرئاوابوون لە سوچ و کەنارەکانی ئاسمانەوە دەرکەوتن؛ دەنگی سەنتووری شاد و دڵنەواز بەرز بووەوە. هورتانس خانم، کە تا گەرووی برنج و مریشک و بادامی برژاو و شەرابی تێکردبوو؛ مەست و قورس کەوتە سەر شانی زۆربا و ئاخێکی قووڵی هەڵکێشا، بە هێواشی خۆی بە کەلەکە ڕەقەکانی زۆرباوە قرساند، باوێشکی دا و دیسان ئاخی هەڵکێشایەوە.
زۆربا ئاماژەی بۆ من کرد، بە چرپەوە پێی وتم:

- سەرۆک! ئەم ژنە زۆر حەشەرییە، ها! وەرە وەک هاوڕێیەکی باش بڕۆ و بە تەنیا جێمان بهێڵە.

---

[34] شیعرەکە لە دەقە ئەسڵییەکەدا بە زمانی فەرەنسەییە.

٤

بەیانی، کە چاوم کردەوە، زۆربام لە بەرانبەر خۆمدا بینی، لە خوار تەختی نووستنەکەیەوە، لەسەر هەردوو ئەژنۆی دانیشتبوو، جگەرەی دەکێشا و لە بیرکردنەوەیەکی قووڵدا بوو. چاوە خڕ و بچووکەکانی بڕیبوونە پەنجەرەکەی بەرانبەری، کە لە بەر ڕووناکیی گزنگدا، ڕەنگی سپیی شیری لەخۆ گرتبوو. چاوی ئاوسابوو. ملە ڕووت و لاوازە زۆر درێژەکەی، کە هەر بە ملی باڵندەڕاوییەکان دەچوو، لە یەخەکەیەوە هاتبووە دەرەوە.

شەوی پێشتر من زوو ماڵئاواییم لێی کرد، زۆربام لەگەڵ ئەو فریشتە پیرەدا تەنیا هێشتەوە، لەکاتی ڕۆیشتنمدا پێم وتبوو:

- زۆربا! من دەڕۆم، تۆ ڕابوێرە، هیوادارم خۆشت لێ بگوزەرێت.

ئەویش لە وەڵامدا وتبووی:

- خوات لەگەڵ، سەرۆک! لێگەڕێ با ئێمە کارەکەمان ئەنجام بدەین، شەوباش، سەرۆک! خەوێکی خۆش.

لەوە دەچوو کاری خۆیان کردبێت، چونکە من وەک لە خەودا گوێم لە دەنگێک بووبێت، وەک گمەگمی کۆتر و دەنگی هەناسەبڕکێ و تاوێکیش هەستی ئەوەم کردبێت، کە ژوورەکەی تەنیشتم ئەوەندە تەکانی تێدا دەدرێت کەوتبێتە لەرزین، پاشان خەوم لێ کەوتبووەوە. ماوەیەکی زۆری دوای نیوەشەو، زۆربا لەسەرخۆ و بە پێی پەتی، بۆ ئەوەی من بە ئاگا نەیەم، گەڕایەوە ژوورەکە و لەسەر تەختی نووستنەکەیدا ڕاکشا. ئێستا، لەم بەرەبەیانەدا هەر لەوێ دانیشتبوو، هێشتا نیگاکانی چاوی خامۆش بوون، بەڵام لە ڕووناکییەکی دووری دەڕوانی، لەوە دەچوو هێشتا سست بێت، هێشتا چاوەکانی خەواڵوو بوون، هێور و بێدەربەست خۆی دابووە دەست شەپۆلێکی خەستی هەنگوینئاساوە. دنیا، لە خاک و ئاوەوە بیگرە تا بیر و مرۆڤەکان، هەموو بەرەو دەریایەکی دوور دەڕۆیشتن و زۆربایش شاد و بێخەم، بێ هیچ بەرەنگاری و بێ هیچ چۆن و بۆچییەک، لەگەڵ دنیادا دەڕۆشت.

ورده ورده گوندەکە بە ئاگا دەهات، چونکە هەراوزەنای کەڵەشێر و بەراز و گوێ درێژ و خەڵکی لە گوێ دەگەڕان. ویستم لە تەختی نووستنەکە بێمە خوارەوە و هاوار بکەم:

"دەی زۆربا! ئەمڕۆ ڕۆژی کاری ئێمەیە."

بەڵام منیش کە بێ چەندوچوون خۆم دابووە دەست نهێنی و سرووتەکانی ئەو بەرەبەیانە، هەستم بە تاموچێژێکی زۆر دەکرد. لە کاتێکی وا ئەفسوناویدا، هەموو ژیان وەک پەڕێکی سووک و جوان خۆی نمایش دەکات، زەوییش وەک ئەو پەڵەهەورانەی بە دەم باوە شەپۆل دەدەن و شێوەیان دەگۆڕێت، ئەویش هەر لە گۆڕاندایە.

سەیری جگەرەکێشانەکەی زۆربام کرد و خۆیشم حەزم لێ بوو دووکەڵێک بکەم، دەستم درێژ کرد، پایپەکەم هەڵگرت و بە تاسەیەکی

زۆرەوە لێم ڕوانی، پایپەکەم پایپێکی گەورە و بەنرخی ئینگلیزی بوو، هاوڕێیەکم بە دیاری پێمی دابوو. (ئەو هاوڕێیەم چاوی شین و بەلای سەوزدا دەیڕوانی و قامکی جوان و باریک بوون.) ئەمە ڕووداوی سالآنێکی پێشتر، لە دەرەوەی وڵات و لە نیوەڕۆیەکدا بوو، هاوڕێکەم کە خوێندنی تەواو کردبوو، عەسری ئەو ڕۆژە بۆ یۆنان دەگەڕایەوە، پێی وتم:

- وەرە واز لە جگەرەکێشان بێنە، تۆ جگەرەیەک پێدەکەیت، نیوەی دەکێشی و نیوەکەی تری وەک سۆزانییەک کە ئیتر کارت پێی نەمابێت فڕێی دەدەیت، ئەمە شەرمەزارییە، وەرە و ببەرە هاودەمی پایپ، چونکە پایپ ژنێکی وەفادارە، کە بۆ ماڵ دەگەڕێیتەوە، ئەو بێ ئەوەی لە جێی خۆی ترازابێت چاوەڕێتە، تۆ دایدەگرسێنی و لە دووکەڵەکەی ڕادەمێنیت و یادی منیش دەکەیتەوە.

نیوەڕۆ بوو، کە لە مۆزەی بەرلین بەدەرکەوتین، هاوڕێکەم بۆ ئەوە چووبووە ئەوێ، تا جارێکی تر دیدەنی لە تابلۆ خۆشەویستەکەی بکات، تابلۆی (جەنگاوەر)ی ڕامبرانت[35]، کە کڵاوخودێکی برۆنزی لەسەردایە و ڕوومەتەکانی تێک قوپاون، نیگایشی پڕ لە ئازار و ئیرادەیە. ئەو هەر بەو جۆرەی، کە لەو جەنگاوەرە سەرکێش و نائومێدە ڕامابوو، لەبەرخۆیەوە وتی:

- ئەگەر لە هەموو تەمەنمدا کارێکی چاکی مرۆییم لە دەست بێت، ئەوا خۆم بە قەرزاربارى ئەم کارە هونەرییە دەزانم.

---

[35] Remborandt (1606- 1669)، شێوەکار و هەڵکۆڵەر و هێڵکاری ناوداری هۆڵەندایی، کە کارامەیی ڕەنگ تێکەڵکردن و هونەری سێبەر و ڕووناکی لە کارەکانیدا کردیان بە گەورەترین مامۆستای شێوەکاری کلاسیک. ئەو شاکاری ئەدی لە مۆزەکانی ئەورووپادا هەن. -ف-

هەردووکمان لە حەوشەی مۆزەکەدا وەستاین و پاڵمان بە ستونێکەوەدا، بەرانبەرمان پەیکەرێکی برۆنزیی ژنێکی ڕووت بوو، بە جوانییەکی فرەوە سواری ئەسپێکی کێوی بووبوو. باڵندەیەکی بۆری گچکە، کە لە کلکهەڵتەکێنە دەچوو، کەمەکێک بەسەر ژنە ئەسپسوارەکەوە نیشتەوە، تەماشایەکی ئێمەی کرد، چەند جارێک کلکی هەڵتەکاند، دوو- سێ جار دەنگێکی ناخۆشی لێ بەرز بووەوە، ئنجا باڵی پێکدادا و ڕۆیشت.

مووچڕکێکم پێداهات، سەیری هاوڕێکەم کرد و پێم وت:

- تۆ گوێت لە دەنگی باڵندەکە بوو؟ لەوەی دەکرد بیەوێت شتێکمان پێ بڵێت. هاوڕێکەم زەردەخەنەیەکی کرد، لە وەڵامدا شیعری گۆرانییەکی میللی خوێندەوە، کە دەڵێت:

"ئەمە باڵندەیە، لێی گەڕێ با گۆرانی بڵێت، ئەمە باڵندەیە، لێی گەڕێ با قسە بکات".

نەمزانی چۆن لەو چرکەساتەدا، لەگەڵ هەڵاتنی خۆر و لەو کەناری دەریای کریتەدا، بەو تاکەشیعرە خەمئەنگێزە بیرەوەرییەکم بیر کەوتەوە، کە وەک تاڵاو ڕژایە گیانمەوە.

لەسەرخۆ پایپەکەم پڕ لە تووتن کرد و دامگرساند. لەگەڵ خۆمدا بیرم لەوە دەکردەوە، کە لەم دنیایەدا هەر شتێک واتایەکی نهێنیی خۆی هەیە و مرۆڤ و گیاندار و درەخت و ئەستێرەکان بێجگە لە چەند هێڵێکی هیرۆگلیفی[36] هیچی دی نین، ئەو کەسەی دەیان خوێنێتەوە و پەی بە واتایان دەبات بە ڕواڵەت شادمانە، بەڵام ئای کە بەدبەختە! کاتێ تەماشایان دەکات شتێک لە واتایان تێناگات، وا دەزانێت ئەمانە مرۆڤ و گیانلەبەر و درەخت و ئەستێرەن، بەڵام ساڵانێکی دواتر، واتا زۆر درەنگ لە واتا ڕاستەقینەکانیان تێدەگات. ئەو جەنگاوەرە

[36] Hieroolyphes، نووسینی میسریی کۆن، لێرەدا مەبەستی هەرشتێکە، کە بە نهێنی و تەمومژاوی بێت و زانینی ئاسان نەبێت. -ف-

کڵاوبرۆنزییە، ئەو هاوڕێیەم، کە لەبەر هەتاوی ئەو نیوەڕۆیەدا پاڵی بە ئەستووندەکەوە دابوو، ئەو کلکهەڵتەکێنەیەی بە زمانی جیک جیک شتێکی بە ئێمە وت، ئەو شیعری گۆرانییە خەماوییە، لە هەموو ئەمانەدا من ئەمڕۆ وای بیر لێدەکەمەوە، کە واتایەکی شاراوە هەبێت، بەڵام چ واتایەک؟

من چاوم هەر بە دوای ئەو دووکەڵەوە بوو، کە لەو تاریکوڕوونی بەیانەدا، لەسەرخۆ لوولی دەخوارد و ڕوونتر دەبووەوە، گیانیشم بەرەو دووکەڵەکە دەڕۆشت و لە ئەڵقەشینەکانیدا دەتوایەوە. ماوەیەکی زۆر تێپەڕی و من بێ کۆمەکی مەنتیق و بە یەقینێکی تەواوەوە هەستم کرد، کە دنیا چییە و چۆن دروست بووە و چۆنیش لەناو دەچێت، هەر لەوەی دەکرد، کە بێ لە قسەی هەڵخەڵەتێنەر و بێ ئەوەی بەشداری یارییەکی پاڵەوانبازییانەی فیکری هاتبم، جارێکی تر نوقمی بودا بووبێتمەوە، دەتوت دووکەڵەکە پوختەی دەستوورەکانی بودایە و مارپێچە تواوەکانیش خودی ئەو ژیانەن، کە لەسەرخۆ و ئاسان بەرەو نوختەی کۆتایی و بەختەوەریی نیرڤانا[37] دەچن.

"ئیتر بیرم نەدەکردەوە، لە هەڵپەی هیچ شتێکدا نەبووم و هیچم نەبوو، ئیتر لە یەقینی تەواودا دەژیام."[38]

هەناسەیەکی بەکاوەخۆم دا، وەک ئەوەی ئەم هەناسەیە منی هێنابێتەوە لای چرکەساتی ئێستا، تەماشای دەوروبەری خۆم کرد، ئەم کوختە تەختە پەڕپووتە، ئەم ئاوێنە بچووکەی بە دیوارەکەیەوە هەڵواسراوە و تازە یەکەم پرشنگی خۆر کەوتبووە سەری و بریسکەی دەدا.

---

[37] Nirvana، بە زمانی سانسکریتی بە واتای نەمان، یان بەدبەختییە، لە ئایینی بودادا قۆناغی تەواو پێگەیشتن و لەناوچوونە، ئەمەیش لە ئەنجامی دامرکاندنی ئاگری ئارەزووەکانی نەفسەوە بە دەست دێت، کە مرۆڤ دەگەیەنێتە بەختەوەریی ئەودنیا.

[38] ڕستەی نێوان کەوانەکە لە وەرگێڕانە ئینگلیزییەکەدا نەبووە و لە وەرگێڕانە فرەنسییەکەوە وەرگێردراوە.-ف-

بەرانبەرم زۆربا لەسەر دۆشەکەکەی دانیشتبوو، پشتی لە من و جگەرەی دەکێشا.

ناکاو ڕۆژی پێشووم بە هەموو خۆشی و تاڵییەکییەوە هاتەوە یاد، عەترە بۆنخۆشەکەی وەنەوشە و کۆلۆنیا و میسک و عەنبەر و تووتییەکەیش، یان ئەو گیانلەبەرە تا ڕادەیەک مرۆڤەی، کە بووبووە تووتی و باڵی بە شیشی قەفەزەکەیدا دەکێشا و ناوی عاشقێکی کۆنی دێنا. ئەو کۆنەکەشتییە،[39] کە تاقەپاشماوەی دەزگەی جەنگییە و چیرۆکی شەڕە کۆنەکانی دەریای دەگێڕایەوە.

زۆربا گوێی لە دەنگی هەناسە هەڵکێشانەکەم بوو، سەری بەرەو لای من وەرگێڕا و لەسەرخۆ وتی:

- سەرۆک! شێوەی ڕەفتاری ئێمە زۆر خراپ بوو، زۆر خراپ، تۆ کردتە گاڵتەز و منیش هەروا، ئەو داماوە هەستی پێ کرد، دواییش، بێ ئەوەی تۆ قسەیەکی خۆشی لەگەڵدا بکەیت بە جێت هێشت و ڕۆیشتیت، وەک ئەوەی پیرەژنێکی هەزارساڵە بێت، بەڕاستی شەرمە، ئەمە بێ ئەدەبییە، سەرۆک! لێم ببوورە پێت بڵێم، کە ئەم جۆرە ڕەفتارە کاری پیاو نییە، هەرچیەک بێت ئەو ژنە، وانییە؟ مرۆڤێکی لاوازی چاو بەفرمێسکە، باش بوو لەبەر دڵی ئەو، من مامەوە.

بە پێکەنینەوە پێم وت:

- ئەم قسانە چییە دەیانکەیت زۆربا؟ بەڕاستی تۆ لەو باوەڕەدایت، کە هەموو ئافرەتێک ئەمەی لەژێر سەردایە؟

- بەڵێ سەرۆک! باوەڕت هەبێت ژنان بێجگە لەوە هیچیان لە مێشکدا نییە، من هەموو جۆر و هەموو ڕەنگێکم دیوە و لەگەڵیاندا بووم و زیاد لە خەڵکی تر لەم بارەیەوە ئەزموونم

[39] مەبەست لە (کۆنەکەشتی)، هورتانس خانمی پیرەژنی خاوەنی میوانخانەکەیە. -ف-

هەیە. ژن، بێجگە لەم باسوخواسە هیچی تری لە سەردا نییە، لە منی وەربگرە کە ئەو گیانلەبەرێکی نەخۆشە و زۆر زوو دەداتە گریان، ئەگەر پێی نەڵێی خۆشت دەوێت و دەتەوێت؛ دەگریێ. دەشێ داخوازیت ڕەت بکاتەوە، ڕەنگە هیچ خۆشی لێت نەیەت، تەنانەت ڕەنگە لێشت بێزار بێت، ئەمە باسێکی ترە، بەڵام هەموو ئەو پیاوانەی، کە ژن دەبینن، دەبێت خوازیاری بن، ژنی داماو ئەوەی دەوێت، بۆیە لەسەر پیاو پێویستە، کە هەوڵی دڵخۆشکردنی بدات.

من نەنکێکی تەمەن نزێک بە هەشتاساڵیم هەبوو، سەرهاتی ئەم پیرەژنە چیرۆکێکە بۆ خۆی، گرنگ نییە، ئەمەیش هەر بۆ خۆی چیرۆکێکە، بەڵێ تەمەنی نزیک بە هەشتا ساڵ بوو. بەرانبەر ماڵی ئێمە کچێکی جوانی تەڕوتازەی وەک گوڵ هەبوو، ناوی (کریستالوو)[40] بوو، ئێمەی هەرزەکار و بێکاری دێ، هەموو شەوێکی یەکشەممان دەچووین دەمانخواردەوە تا سەرخۆش دەبووین، ئەوسا چڵێک ڕێحانەمان لە پشت گوێ دەنا، ئامۆزایەکی من گیتارەکەی هەڵدەگرت و تێکڕا دەچووینە بەر ماڵی کریستالوو، بۆ ئەوەی بە مۆسیقاژەندن خۆشەویستیمانی پێ بگەیەنین، ئای چ شەوق و زەوقێکمان هەبوو، چ عەشق و ئارەزوویەک! وەک گا دەمانبۆڕاند، هەموو ئەو کچەمان دەویست، هەموو شەوێکی یەکشەممان وەک مێگەل دەچووینە ئەوێ تا حەز لە کەسێکمان بکات.

باشە، سەرۆک! تۆ بڕوا بە قسەکانم دەکەیت؟ ئەمە ڕازێکی سەیرە! زامێک لە بوونی ژندا هەیە هەرگیز سارێژ نابێت، هەموو برینێک دەرمانی هەیە، بەڵام ئەمیان، گوێی لە قسەی

[40] Krystalo

ناو کتێبەکانی تۆ نییە، هەرگیز چاک نابێتەوە، تەنانەت ئەگەر ژنێکی تەمەن هەشتا ساڵیش بێت، دەمی برینەکە هەر بە کراوەیی دەمێنێتەوە.

بەڵێ ئەم پیرەژنە هەموو شەوێکی یەکشەممان ڕایەخەکەی دەبردە لای پەنجەرەکەوە، بە دزییەوە ئاوێنە بچوکەکەی دەردەهێنا، دەستی دەکرد بە شانەکردن و جیاکردنەوەی ئەو چەند تاڵەمووەی بە سەرییەوە مابوو، زۆر بە وریایی تەماشای ئەملاوئەولای خۆیشی دەکرد، تا کەس بەو جۆرە نەیبینێت، خۆ ئەگەر کەسێکی لێ نزیک بکەوتایەتەوە، ئەوا بە هێمنی وەک پاکیزەیەک لە کاتی خوداپەرستیدا بێت، خۆی گرمۆڵە دەکرد و دەیدایە نووستن، بەڵام کەی خەو دەیبردەوە؟ ئەو چاوەڕێ بوو لاوەکان بگەن و ئەویش گوێ بۆ گۆرانییە عاشقانەکانیان ڕادێرێت، لە هەشتاساڵیدا! بڕوانە سەرۆک! ژن چ گیانلەبەرێکی پڕ لە نهێنییە! ئێستا کە بیری لێ دەکەمەوە دەمەوێت بگریەم، بەڵام من ئەوسا زۆر سەرچڵ بووم و هیچم نەدەزانی، بۆیە پێکەنینم بەو باسە دەهات.

ڕۆژێک لە دەست نەنکم تووڕە بووم، ئەو تەشەری لێدام، کە بۆچی دوای کچان دەکەوم، منیش ناچار بووم، چیم لە دڵدابوو ڕاستوڕەوان پێم وت، وتم: "تۆ بۆ هەموو شەوێکی یەکشەممان توێکڵەگوێز لە لێوت دەسوویت و قژت شانە دەکەیت؟ ناشێ تێگەیشتبێتی، کە ئێمە گۆرانی بۆ تۆ دەڵێین و مۆسیقات بۆ دەژەنین؟ نا، ئێمە ئەوە بۆ کریستالوو دەکەین، تۆ تازە بۆنی مردووت لێ دێت."

سەرۆک! بڕوا دەکەیت، ئەو ڕۆژە دوو دڵۆپ فرمێسکی درشت لە چاوی نەنکمەوە هاتنە خوارەوە، ئەوە یەکەمجار بوو بزانم ژن واتا چی! وەک دێڵەسەگ لە سووچێکدا گرمۆڵە بوو، چەنەی لەرزی، بۆ ئەوەی چاکی گوێ لێ بێت، لێی نزیک بوومەوە و هاوارم کرد: "کریستالوو! تێدەگەیت، کریستالوو!" لاویەتی بوونەوەرێکی دڕندە و نامرۆییە، کە لە هیچ ناگات، نەنکم دەستە وشکەڵاتووەکەی بەرەو ئاسمان بەرز کردەوە و هاواری کرد: "بڕۆ بە نەفرەت بیت، لەناخی دڵەوە بە نەفرەتت دەکەم."

ئەو پیرەژنە داماوە لەو ڕۆژە بە دواوە دایە کزی، تا دەهات لێژ دەبووەوە و هێزی نەدەما، تا دوای دوو مانگ کەوتە گیانەڵا، لەو کاتەدا چاوی پێم کەوت، وەک کیسەڵ فیشکاندی و دەستە وشکەڵاتووەکانی بۆ درێژ کردم، تا چنگم لێ گیر بکات، وتی: "ئەلیکسیس![41] تۆ منت کوشت، بە نەفرەت بیت نەفرەت... دەخوازم چ دەرد و بەڵایەک بەسەر من هات، بەسەر تۆیش بێت."

زۆربا، زەردەخەنەیەکی کرد، لەو کاتەدا کە دەستی بە سمێڵیدا دەهێنا، وتی:

- بەڕاستی دوعای پیرەژنەکە گیرابوو، وا بزانم تەمەنم شەستوپێنج ساڵە، بەڵام ئەگەر ببمە سەد ساڵیش، هەر عاقڵ نابم، ئەوسایش هەر ئاوێنەیەکی بچووکم لە گیرفاندا دەبێت و هەر دوای ژنانیش دەکەوم.

جارێکی تر پێکەنی، پاشماوەی جگەرەکەی لە پەنجەرەکەوە تووڕدایە دەرەوە و باوێشکێکی دا، ئنجا وتی:

---

[41] Alixes

- من دنیایەک عەیبوعاری ترم هەیە، بەڵام ئەمیان ئاخری دەمکوژێت.

لە تەختی نووستنەکە هاتە خوارەوە و وتی:

- ئیتر بەسە! زۆرمان قسە کرد، دەبێت ئەمڕۆ کار بکەین.

بەپەلە خۆی گۆڕی، پێڵاوی لە پێ کرد و چووە دەرەوە.

من سەرم داخستبوو، بیرم لە قسەکانی زۆربا دەکردەوە، ناکاو شارێکی دووری بە بەفر داپۆشراوم هاتەوە یاد، لە پێشانگەیەکی ڕۆدان‌دا،[42] تەماشای دەستێکی گەورەی لە بڕۆنز دروستکراوم دەکرد، کە بە (دەستی خودا) بەناوبانگە، دەستەکە نیوەکراوەیە و لەناو لەپیدا ژن و پیاوێک بە شەوق و خۆشییەوە لە یەک ئاڵاون.

کچێکی جوان لێم نزیک کەوتەوە و لە تەنیشتمدا وەستا، ئەویش بە سەرسووڕماوییەوە تەماشای ئەو تێکەڵبوونە بە جۆشوخرۆشە نەمرانەیەی ژن و پیاوەکەی دەکرد، کچێکی باریکەلەی شیکپۆش بوو، قژی پڕ و زەردباو و چەنەی پتەو و لێوی ناسک بوو، قەڵافەتێکی خۆگر و پیاوانەی هەبوو، من کە حەز بەوە ناکەم، لە خۆمەوە کەسێک بدوێنم، نازانم چی ئەم کارەی پێ کردم، ڕووم تێی کرد و پێم وت:

- بیر لە چی دەکەیتەوە؟

لەژێر لێوەوە بە نارەزاییەوە وتی:

- خۆزگە بمانتوانیبا هەڵبێین!

- بۆ کوێ؟ چار نییە، دەستی خودا لە هەموو شوێنێکدا هەیە و ڕزگاربوون نییە، بۆ بەم خۆشەویستییە تاسەرە قایل نیت؟

---

[42] Rodin (ئۆگست) پەیکەرتاشی گەورەی فەرەنسەیی (1840- 1917) کە لە شێوەی ڕیالست و ئیمپرسیونیستدا مامۆستایەکی بەتوانا و خاوەنی شاکاری گەورەیە. هەندێک بە مایکل ئینجیلۆی دەچوێنن، لە کارە ناودارەکانی "ئادەم و حەوا" و "ماچ" و "دەستی خودا" "بیرمەند"ە.-ف-

نا، ڕەنگە خۆشەویستی مەزنترین بەختەوەریی ئەم دنیایە بێت، بەڵێ! ڕەنگە، بەڵام من کە ئێستا دەستێکی بڕۆنزی دەبینم، حەز بە هەڵهاتن دەکەم.

- واتا تۆ ئازادیت لا باشترە؟

- بەڵێ.

- ئەی ئەگەر ئازادبوون تەنیا ئەو کاتە بێتە دی، کە لەم دەستە بڕۆنزییەوە فەرمان وەربگرین، ئەوسا چی؟ تۆ وای دابنێ، کە وشەی خودا ئەو واتا سادەیەی نییە، کە خەڵکی عەوام بۆیان داناوە، ئەوسا چی؟

کچۆڵەکە بە نیگەرانییەوە لێی ڕوانیم، چاوی ڕەنگی خۆڵەمێشییەکی کانزایی گرتبوو، لێوی وشک و تاڵ بوون، وتی:

- من تێناگەم.

وەک ترسابێت دوور کەوتەوە؛ ون بوو. لەوساوە ئیتر هیچ کاتێک نەهاتبووەوە بەر زەینی من، بەمجۆرە ئەو کچە لە بوونی مندا، لە دووتوێی سنگمدا، هەر بە زیندوویی مابووەوە. وا ئێستا، ئەمڕۆ، لەم کەنارە تەریکەی دەریادا، بە ڕەنگی پەڕیو وناڵەوزارییەوە، لە قووڵایی بوونی منەوە هاتبووە دەرەوە.

وایە، زۆربا ڕاستی کرد و من لەگەڵیدا باشم ڕەفتار نەکردبوو، ئەم دەستە بڕۆنزییە بیانووی چاک بوو، یەکەمین پێکگەیشتن چاک هاتە پێش و قسەی خۆشەویستانەمان کرد، ئێمە دەمانتوانی ورده ورده بێ ئەوەی بە خۆ بزانین، بکەوینە ئامێزی یەکەوە و بە ئاسانی لەنێو لەپی خودادا ببینە یەک، کتوپڕ من لەسەر زەوییەوە پەڕیمە ئاسمان و ژنی بێچارە ترسا و ڕایکرد.

پیرەکەڵەشێر، لە حەوشی میوانخانەکەی خاتوو هورتانس خانمدا کەوتە خوێندن. ئێستا تیشکی خۆر تەواو سپی و لە پەنجەرە

بچووکەکەوە دەهاتە ژوورەوە. من بەرزەپێ لەناو پێخەفەکەمەوە وەدەرکەوتم.

کرێکارەکان، بە بێڵ و قازمە و نوێڵەوە دەگەیشتن، گوێم لە زۆربا بوو دەستووری دەدانێ، ئەو بێ ورینگەدان دەستی بە کار کردبوو، هەستت دەکرد بەڕێوەبەرێکە حەزی بە بەرپرسیارییەتییە.

سەرم لە پەنجەرەکەوە بردە دەرەوە و زۆربام بینی، وەک چەتەولێک لە نێوان سی کرێکاری لاوازی شرۆڵە و ڕەنگپەڕیوی باریکدا وەستابوو، وەک فەرمان بدات، دەستی ڕادەدا و فەرمانەکانیشی کورت و ئاشکرابوون.

پاشان پشتەملی مێردمنداڵێکی گرت، کە هەر منگەمنگی دەکرد و بە دوودڵییەوە دەچووە پێشەوە، بە سەریدا نەڕاندی:

- ئەگەر قسەت هەیە بیڵێ، بە دەنگی ئاشکرا و بەرز بیڵێ، چونکە من حەزم لە منگەمنگ نییە، بۆ ئەوەی کار بکەیت، دەبێت خۆت ئامادە بکەیت، ئەگەر نایکەیت فەرموو بۆ چایخانە.

لەو کاتەدا هورتانس خانم بە قژی ئاڵۆز و ڕوومەتی پفکردووی بێئارایشتەوە، بە کراسێکی دەڵب و چلکن و دەمپای درێژ و کۆنەوە، کە بەکێشی دەکرد؛ دەرکەوت. وەک گۆرانیبێژە پیرەکان کۆکەیەک گرتی، کە دەنگە ناخۆشەکەی هەر لە زەڕەی کەر دەچوو، وەستا و بە کەشوفشێکەوە لە زۆربای ڕوانی، چاوی لێڵ بوون، جارێکی تر بۆ ئەوەی زۆربا گوێی لێ بێت کۆکییەوە، لە کاتێکدا، کە بە لەنجەولارەوە کەفەڵی دەجووڵاند، بەلای زۆربادا تێپەڕی، ئەوەندەی لێ نزیک کەوتەوە موویەکیان مابوو قۆڵی هەراوی کراسەکەی بەر زۆربا بکەوێت، کەچی زۆربا تەنانەت بۆ تەماشاکردنی ڕووی وەرنەگێڕا،

تیکەیەک نان و مشتێک زەیتونی لە کرێکارێک وەرگرت و هاواری کرد:

- دەی کوڕینە! خاچێک بکێشن و بابڕۆین.

ئەوسا بە هەنگاوی فراوان بەرەو چیاکە پێش تیپەکە کەوت.

من لێرەدا باس لە کاری کانزا ناکەم، چونکە ئەمە حەوسەڵەیەکی دەوێت کە ئێستا نیمە. ئێمە لە پاڵ دەریاکەدا کوختێکمان لە قامیش و بی و تەنەکەی نەوت دروست کرد. لە بەرەبەیاندا زۆربا هەڵدەستا، قازمەکەی هەڵدەگرت، پێش کرێکارەکان دەچووە سەر کانزاکە، دەستی بە هەڵکەندنی ڕاڕەوێکی تونێلئاسا دەکرد، وازی لێ دەهێنا، دەماری خەڵووزێکی بەردینی دەدۆزییەوە، کە وەک ڕۆنی زەیتوون دەبریسکایەوە، لەتاو خۆشی دەکەوتە سەما، بەڵام دوای چەند ڕۆژێکی تر دەمارەکە ون دەبوو، زۆربا لەسەر زەوییەکە دەکەوتە تەپوتل، قاچی بەرەو ئاسمان هەڵدەنا و بە ئاماژەی دەستوپێی نەفرەتی لە زەوی و زەمان دەکرد. ئەو زۆر بە گەرمی لەگەڵ کارەکەیدا پەیوەندی بەستبوو، تەنانەت ڕاوێژی بە منیش نەدەکرد، هەر لە ڕۆژە بەراییەکانەوە هەموو دڵسۆزی و بەرپرسیاریەتی لە منەوە چووبووە لای ئەو، ئیتر ئەو بڕیاری دەدا و کاری بەڕێ دەخست، من تەنیا پارەدانم لەسەر بوو- ئەو شتەی لای خۆیشم خراپ نەبوو- چونکە وام هەست دەکرد، کە ئەو چەند مانگە خۆشترین ڕۆژانی تەمەنی من بوون. بەڵێ، بە لەبەرچاوگرتنی هەموو لایەنێک، وامدەزانی بەختەوەریی خۆم بە نرخێکی هەرزان دەکڕم.

باپیرم- لە دایکمەوە- کە لە گوندێکی بچووکی کریتدا دەژیا، هەموو شەوێک چراکەی هەڵدەگرت و بەناو گونددا دەگەڕا، تا بزانێت ئاخۆ بە ڕێکەوت غەریبێک هاتووەتە ناو گوندەکەوە، ئەگەر کەسێکی وای بینیبا دەیبردەماڵەوە، خواردن و خواردنەوەی زۆری دەدایە، پاشان

خۆی لەسەر کورسییەک دادەنیشت، سەبیلە درێژەکەی دادەگرساند، ڕووی لە میوانەکە دەکرد، کە کاتی قەرزدانەوەکەی گەیشتبوو، وەک فەرمانی پێ بکات دەیگوت:

- دەی بۆم باس بکە.

میوانەکە دەیوت:

- چیت بۆ باس بکەم باوە موستوویۆرگی؟[43]

- پێم بڵێ تۆ چیت و کێیت؟ لە کوێوە هاتوویت، کام شار و گوندت بە چاوی خۆت بینیوە؟ بە کورتی هەموو شتێکم بۆ باس بکە. یا ئەڵڵا دەی. ئیتر میوانەکە دەستی پێ دەکرد، لەملاوە دەیبردە ئەولا و ڕاست و درۆی بەسەر یەکدا دەترشاند. باپیرم مژی لە سەبیلەکەی دەدا و لەسەر کورسییەکەیدا گرمۆڵە دەبوو، گوێی لێ دەگرت و هێدی هێدی سەفەرەکەی لەگەڵدا دەکرد.

ئەگەر میوانەکەی بە دڵ با، پێی دەوت:

- سبەیش لێرە بمێنەوە و مەڕۆ، هێشتا زۆرت پێیە بۆم بگێڕیتەوە.

باپیرم هەرگیز لە گوندەکەی نەچووبووە دەرەوە، تەنانەت بۆ کاندی[44] و کانەیش[45] سەفەری نەکردبوو، دەیوت: "بچم بۆ ئەوێ چی بکەم؟ کاندییەکان و کانەییەکان هەمیشە بێرەدا تێدەپەڕن، کاندی و کانە خۆیان سەر بە ماڵمدا دەکەن و من پێویستم بە چوون نییە." منیش ئەمڕۆ لەم کەناری کریتەدا، ئەو شێتییەی باپیرم پەیڕەو دەکەم.

---

[43] Maustoyorgi

[44] Candia

[45] Canee، گرنگترین شاری دوورگەی کریتە، کە دەکەوێتە کەناری بەشی باکوورەوە. -ف-

منیش میوانێکم پەیدا کردووە، وەکئەوەی بە چراوە لە دووی گەڕابێتم و دۆزیبێتمەوە، ناهێڵم بڕوات، ئەو بۆ من زۆر لە شێوی شەوێک زیاتر دەکەوێت، بەڵام دەهێنێت. من هەموو شەوێک، دوای تەواوبوونی کارەکان چاوەڕێی دەکەم، بەرانبەر بە خۆم دایدەنێم، پێکەوە شێو دەکەین، پاشان کە وەختی قەرزدانەوەی دێت، پێی دەڵێم: "دەی بۆم باس بکە." پایپەکەم پێدەکەم و گوێی لێدەگرم. ئەم میوانە بە دنیادا چاک گەڕاوە و باش چووەتە ناو ڕۆحی خەڵکییەوە، من لە گوێ لێگرتنی تێر نابم، پێی دەڵێم: "بۆم باس بکە، زۆربا! بۆم باس بکە."

ئیتر کە دەست بە گێڕانەوە دەکات مەکدۆنیام دێتە پێش چاو، چیا و دارستان و لافاو و کۆمیتەچییەکان،[46] ژنانی زەحمەتکێش و پیاوانی ڕقئەستوور و بەهەیکەل، هەموویان لەو بستۆکە جێیەی نێوان من و زۆربادا بڵاو دەبنەوە، چیای **ئاتۆس**یش[47] بە بیستویەک دێرەکەی و جبەخانە و ڕاهیبە تەمبەڵ و بێکارەکانییەوە دەردەکەون. زۆربا ملی بادەدا و ئەوکاتەی چیرۆکی قەشەکانی دێری دەگەیاندە کۆتایی، بە پێکەنینەوە دەیوت: "سەرۆک! خودا لە پاشی بارگیر و لە پێشی قەشەت بپارێزێت."

هەموو شەوێک زۆربا بە یۆنان و بولگارستان و کوستەنتەنییەدا دەمگێڕێت، چاو دەنوقێنم و دەڕوانم، ئەو بە چاوە بچووکە هەڵۆئاساکانییەوە، کە زۆرجار لە سەرسامیدا تەواو دەکرانەوە، هەموو بالکان، بالکانی پڕ لە ئاژاوە و ماندووی دیوە، ئەو شتانەی لای ئێمە ئاسایی بوون و بە سانایی بەسەریاندا تێدەپەرین، لای زۆربا پڕ لە ڕاز و ترسناک بوون. ئەو کە ژنێکی ڕێبوار دەبینێت، مات

---

[46] کۆمیتەچی: بەوانە دەوترا کە ئەندامانی یەکێتی و ئەنجومەنەکانی جووتیارانی مەکدۆنیا بوون، زیاتر بە ئەسڵ بولگاری بوون، لە سەرەتای سەدەی بیستدا دژی دەستەڵاتی عوسمانییەکان بەسەر یۆناندا و بۆ سوودی وڵاتەکەیان شەڕیان دەکرد. -ف-

[47] Athos

و سەرسام دەوەستێت و دەپرسێت: "ئەمە چ نهێنییەکە! ژن چ بوونەوەرێکە کە وامان لێ بکات سەر بۆ بینینی گڕ بدەین؟ من لە تۆ دەپرسم ئەمە چییە؟"

زۆربا هەر بەو سەرسامییەوە بەرانبەر بە پیاوێک، درەختێکی گوڵکردوو، لیوانێک ئاوی سارد، ئەو پرسیارانە لە خۆی دەکات. هەموو ڕۆژێک، هەرچییەک کە دەبینێت، وا دەزانێت یەکەمجاری بینینییەتی.

دوێنێ لەبەردەم کوختەکەدا دانیشتبووین، دوای نۆشینی لیوانێک شەراب، زۆربا بە سەرسامییەوە ڕووی تێکردم و وتی:

- بەڕاست سەرۆک! بڵێ بزانم، ئەم ئاوە سوورە چییە؟ قەدی پیرەدارێک لق و گەڵا دەردەکات، هێشووی جوان و ترشی پێوە ئاوێزان دەبێت، ماوەیەک تێدەپەڕێت، خۆر پێی دەگەیەنێت، وەک هەنگوینی شیرینی لێدەکات و ئەوسا پێی دەڵێن ترێ، پاشان بە پێ هەڵیدەشێلن، شیلەکەی دەگرن و دەیکەنە کووپەوە، ئەو شیلەیە خۆبەخۆ پێدەگات و دەگۆڕێت، لە جەژنی پیرۆزی (جۆنی سەرخۆش)دا[48] سەری کووپەکان لا دەدەن، دەبینن شیلەکان بوونەتە شەراب، ئای کە سەیرە! چ پەرجوویەکە؟ تۆ لەو شیلە ڕەنگسوورە دەخۆیتەوە و گیانت هێندە گەورە دەبێت، کە لە قاڵبە کۆنەکەی لەشتدا جێی نابێتەوە و خودا دەکێشیتە زۆرانبازی. ئەمە چ ڕازێکە! سەرۆک! پێم بڵێ؟

من قسەم نەدەکرد، کە گوێم لە قسەکانی زۆربا دەگرت هەستم دەکرد دنیا پاکیزەیی خۆی نوێ دەکاتەوە، هەموو شتە بێنرخ و پواوەکان جارێکی دی باقوبریقی سەرەتایان بۆ دێتەوە، ئەو سەرەتایەی کە

48 St. John the drinker، مێژووی ئەو بۆنە ڕێکەوتی (15)ی ئاب دەکات.

لەژێر دەستی خوداوە هاتنە دەرەوە: ئاو، ژن، ئەستێرە، نان؛ بەرەو ئەسڵە پڕ لە ڕازەکەیان دەبوونەوە و دیسان گەردەلوولە خوداییەکە لە ئاسماندا هەڵی دەکردەوە.

هەر لەبەر ئەوەبوو، کە هەموو عەسرانێک لەسەر زیخی کەنارەکەدا ڕادەکشام، بە تاسەوە چاوەڕێی زۆربام دەکرد، ئەو هەموو لەشی لیتە و خەڵووزاوی بوو، بە هەنگاوی فراوان و بێحاڵییەکی زۆرەوە، وەک مشکێکی گەورە لەژێر زەوییەکەوە دەهاتە دەرەوە، کە لە دوورەوە دەمبینی، لە داروباری لەشییەوە، لە سەری نەوی، یان بەرزییەوە، لە جووڵاندنی باسکی درێژییەوە، دەمزانی کاری ئەو ڕۆژە چۆن بووە.

لە سەرەتاوە منیش لەگەڵیدا دەڕۆیشتم و چاودێریی کرێکارەکانم دەکرد، هەوڵم دەدا ڕێیەکی تازە بۆ خۆم بدۆزمەوە، پەیوەندی لەگەڵ کاری دەستدا پەیدا بکەم، ئەو بەرژەوەندییە مرۆڤایەتییەی لەژێر دەستمدا بوو، بیزانم و حەزی لێ بکەم، ئەو تامە خۆشە بچێژم، کە ماوەیەکی زۆر بوو ئارەزوویم دەکرد- ئەوەی کە ئیتر نەک لەگەڵ وشە، بەڵکوو لەگەڵ مرۆڤە زیندووەکاندا سەروکارێکم هەبێت- پلانێکی خەیاڵیم دەکێشا، کە ئەگەر کاری دەرهێنانی خەڵووزی بەرد باش بەرەو پێشەوە بچێت، کۆمەڵەیەکی تایبەتی دروست بکەم، کە هەموو کاری تێدا بکەن، هەموو شتێکمان هەرەوەزی بێت، وەک برا پێکەوە یەک خۆراک بخۆین و بەرگێک بپۆشین، لە مێشکمدا نەخشەیەکی تازەی دینیم دەکێشا، هەوێنی ژیانێکی تازەم دادەهێنا.

بەڵام هێشتا بڕیاری ئەوەم نەدابوو، کە باسی پڕۆژەکەی خۆم بۆ زۆربا بکەم، ئەو کە منی دەبینی لەناو کرێکارەکاندا دێم و دەچم، پرسیاریان لێ دەکەم، لە کارەکانیان دەکۆڵمەوە و هەمیشە لایەنیان دەگرم، زۆری پێ ناخۆش بوو، تەماشای دەکردم، لێوی دەکرۆشت و دەیوت:

- سەرۆک! ناچیت سەیرێکی دەرەوە بکەیت؟ دەزانیت دەرەوە چ هەتاوێکە!

بەڵام من ڕۆژانی یەکەم سوور بووم لەسەر مانەوە و نەدەڕۆیشتم، زۆرم قسە دەکرد، دەمویست شتێک لە ژیانی کرێکارەکان دەمپرسی، بزانم، چەند منداڵیان هەیە، ئەو خوشکانەی دەبوو بە شوویان بدەن، لە کەسوکاری پێوە نەخۆشیان، لە کێشەیان، لە نەخۆشی و نارەحەتییان.

زۆربا بە تاڵی و ترشییەکەوە پێی دەوتم:

- سەرۆک! تۆ ئەوەندە لە ژیانی ئەمانە مەکۆڵەوە، کە دڵت پڕ بێ و زیاد لە پێویست و زیاد لە بەرژەوەندیی کارەکەمان پێیانەوە پەیوەندیان لەگەڵدا پەیدا بکەیت، چونکە ئەوسا لە هەڵەیان خۆش دەبیت، دەبێت ئەوەیش بزانیت، کە ئەگەر وا بکەیت، ئەوانیش تووشی نەگبەتییەکی گەورە دەبن، کە سەرۆک توند بێت، کرێکار لێی دەترسێت، ڕێزی لێدەگرن و کار دەکەن، بەڵام کە سەرۆک نەرم و لاواز بێت، هەوساری لەسەر دەکەن و ڕایدەکێشن. تێدەگەیت، سەرۆک؟

ڕۆژێکی تر، لە خۆرئاوابووندا، کە دەست لە کار هەڵگیرا، زۆربا قازمەکەی لە بەر کۆختەکەدا فڕێ دا و بە بێزارییەوە هاواری لێهەستا:

- سەرۆک! تکات لێدەکەم خۆت مەکێشە ناو کارەکانەوە، هەرچی من دروستی دەکەم تۆ دەیڕوخێنیت. ئەمڕۆ ئەو قسانە چی بوون بۆت کردن؟ سۆشیالیست و ئەو جۆرە وڕێنانە، تۆ یان سەرمایەداری؟ یەکیان هەڵبژێرە.

بەڵام ئەو هەڵبژاردنە چۆن دەبێت؟ پەرۆشی و حەزی سادەی من ئەوە بوو، کە ئەو دوانە بکەم بە یەک و ڕێچارەیەک بۆ یەکخستنی

دژەکان بدۆزمەوە، بۆ ئەوەی کە لەم ڕێیەوە هەم ژیانی دنیا دەستەبەر بکەم و هەم بەختەوەریی ئەولایش بە دەست بهێنم. ئەم بیرە لە سالانی پێشووەوە، واتا لە منداڵییەوە لە سەرمدا بوو. ئەوسا هێشتا قوتابی بووم، لەگەڵ هاوڕێ زۆر نزیکەکانمدا کۆمەڵەیەکمان بە ناوی (ئەنجومەنی هاوڕێکان)ەوە[49] دروست کردبوو، واتا ناوێک بوو خۆمان لێمان نابوو. هەموومان لە ژوورێکی دەرکداخراوی مندا کۆ بووینەوە، سوێندمان خوارد هەتا ماوین خەبات لە دژی نایەکسانی بکەین. لە کاتی سوێندخواردندا هەموو دەست لەسەر دڵ فرمێسکی درشت بە چاوماندا هاتە خوارەوە، ئەمە ئایدیایەکی تەواو منداڵانە بوو، قوڕ بەسەر ئەو کەسەیش، کە گوێی لێمان بایە و پێکەنیبایە. ئێستا کە دەبینم لە ئەندامانی ئەو ئەنجومەنە، بوونەتە پزیشکی ساختەچی و پارێزەری سووک و چەقاڵ و بەقاڵ و سیاسەتمەداری درۆزن و ڕۆژنامەوانی بچووک؛ دڵم دەگووشرێت. لەوە دەچێت ئاووهەوای ئەم دەڤەرە وشک و ناسازگار بێت، بۆیە بەنرخترین تۆوی تێدا ناڕوێت، یان لەنێو درکودالدا دەمرێت. من ئەمڕۆ چاک ئەوە دەبینم، کە هێشتا عاقڵ نەبووم، سوبحانەڵڵا، وایش هەست دەکەم کە تەواو ئامادەم نمایشێکی دۆنکیشۆتانە بکەم.

ڕۆژانی یەکشەممان وا خۆمان ڕێکدەخست، کە دوو لاوین و دەمانەوێت زەماوەند بکەین، ڕیشمان دەتاشی، کراسێکی تازەی سپیمان لەبەر دەکرد و نزیکی عەسر دەچووینە لای هورتانس خانم. ئەو ڕۆژانی یەکشەممان مریشکێکی بۆ سەر دەبڕین، سێ قۆڵی دادەنیشتین و دەستمان بە خواردن و خواردنەوە دەکرد، پاشان زۆربا دەستە درێژەکانی دەنانە سەر سنگە پڕ لە بەرەکەتەکەی ئەو

[49] Friendly society، ئەم ناوە لە (ئەنجومەنی هاوڕێکان)ی ساڵی 1821 وەرگردرابوو، کە ڕەنگی بۆ شۆڕشی یۆنان ڕشت بۆ ئازادی بەدەستهێنانی و ڕزگاربوون لە داگرکەرانی عوسمانی. -ف-

ژنە دڵسۆزە و مەمکی دەگرت، کە شەویش دەگەیشت، ئێمە دەگەڕاینەوە کۆختی کەنار دەریاکەمان. ژیان لە دیدی ئێمەدا سادە بوو، پڕ بوو لە نیازی پاک و کۆن، وەک خودی هورتانس خانمی پیر، زۆر خۆش و دڵلاوێن بوو.

لە یەک لەو یەکشەممانەدا، کە لەو میواندارییە سەخاوەتمەندانەیە دەگەڕاینەوە، بڕیارم دا لەگەڵ زۆربادا قسە بکەم و نەخشەی کارەکانمی پێ بڵێم.

ئەو بە سەرسامییەوە دەمی داپچڕیبوو، پێی بە جەرگی خۆیدا نابوو تا گوێ لە هەموو قسەکانم بگرێت، هەندێکجار سەرە زلەکەی دەلەقاند، هەر لە سەرەتای قسەکانمەوە مەستییەکەی ڕەوییەوە و هاتەوە سەر خۆی.

کە لێبوومەوە، بە تووڕەییەوە دوو- سێ تاڵەمووی لە سمێڵی دەرکێشا و وتی:

- سەرۆک! داوای لێبووردنت لێ دەکەم، من پێم وایە مێشکی تۆ هێشتا دەڵەمەیە و خۆی نەگرتووە، تەمەنت چەندە؟
- سیوپێنج ساڵ.
- ئا... کەواتە تازە خۆی هەر ناگرێت.

ئەمەی وت و دایە قاقای پێکەنین، من زۆر دڵگران بووم و هاوارم لێ کرد:

- واتا تۆ بڕوات بە مرۆڤ نییە؟
- خۆت بێحەوسەڵە مەکە، سەرۆک! نا، من بڕوام بە هیچ شتێک نییە، ئەگەر بڕوام بە مرۆڤ هەبا، بڕوام بە خودا و بڕوام بە شەیتانیش دەبوو، ئەمەیش خۆی مەسەلەیەکە، سەرۆک! ئەگەر وابێت هەموو شتەکان تێکەڵ پێکەڵ دەبن، ئەمەیش دەردەسەرییەکی زۆرم بۆ دروست دەکات.

بێدەنگ بوو. شەوکڵاوەکەی لەسەری داکەند. بە ڕکهەستاوییەوە سەری خوراند و دیسان کەوتەوە ڕاکێشانی مووەکانی سمێڵی، وەک بڕیاری دابێت هەموو سمێڵی هەڵبکەنێت. دەیویست شتێک بڵێت و دەیگێڕایەوە، بە لاچاو تەماشای کردم، دیسان سەیری کردمەوە، ئەمجارەیان وەک ڤیروسیای کردبێت، تەواو بە ڕکەوە دارەکەی دەستی بە بەردەکاندا کێشا و بە دەنگی بەرز وتی:

- مرۆڤ گیانلەبەرێکی دڕندەیە، دڕندەیەکی گەورە، وا دیارە تۆ ئەمە نازانیت، چونکە تۆ هەموو شتێکت ئاسان بەسەردا تێپەڕیوە، لێ ئەمە لە من بپرسە، من پێت دەڵێم مرۆڤ دڕندەیە، ئەگەر خراپەی لەگەڵدا بکەیت، ئەو ڕێزت لێدەگرێ و لێت دەترسێت، خۆ ئەگەر چاکەی لەگەڵدا بکەیت، چاوت هەڵدەکۆڵێت.

سەرۆک! خۆت لە خەڵکی تەریک بگرە و ڕوویان زۆر مەدەرێ، پێیان مەڵێ هەموو یەکسانن و مافیان وەک یەکە، دەنا پێشێلی مافی خودی خۆت دەکەن، نانەکەی خۆتت لێ دەدزن و لە برساندا دەتکوژن. خۆتیان لێ کەلاخە، سەرۆک! ئەوەیش بزانە کە من چاکەی تۆم دەوێت.

دڵگران و نائومێد بەسەریمدا خوڕی:

- کەواتە تۆ بڕوات بە هیچ نییە؟

- نەو! من بڕوام بە هیچ نییە. دەتەوێ چەند جار ئەمەت بۆ بڵێمەوە؟ من بڕوام بە هیچ شتێک و هیچ کەسێک نییە جگە لە زۆربا، نەک لەبەر ئەوەی زۆربا لە هەموویان چاکترە، نا، بە هیچ جۆرێک، قەت وا نییە، ئەویش دڕندەیە، بەڵام بۆیە من بڕوام بە زۆربایە چونکە تاقەکەسێکە گوێ لە مستم بێت، تەنیا کەسێکە باش بیناسم، ئەوانی دی تارماییین، من بە

چاوی زۆربا دەبینم و بە گوێی ئەو دەبیستم و ڕیخۆڵەی ئەو هەرس دەکەم، باقییەکەی دی، وەک پێم وتیت هەموو تارماییین، کە من مردم هەموویان دەمرن و دنیای زۆربایش بە یەکجاری وێران دەبێت.

بە پلارێکی گاڵتەئامێزەوە پێم وت:

- تۆ کابرایەکی خۆپەرستیت، قسەکانت ئەوە دەردەخەن!

- خەتای من نییە، سەرۆک! ئەمە واقیعە، من پاقلەم خواردووە و ناچارم باسی پاقلە بکەم، زۆربام و زۆربایانە قسە دەکەم.

من هیچم نەوت. هەستم کرد وتەکانی زۆربا وەک لێدانی قامچی پێمدا دەچزێن. ئافەرینی ئەو توانایەییم کرد، کە ئاوها بە ڕاشکاوی مرۆڤی تا ئەو ڕادەیە سووک کرد، کەچی لە هەمان کاتدا ئەمەندە پەرۆشی ژیان و کارکردن بوو لەگەڵیاندا، بەڵام من، یان دەبوو وەک خوداپەرستەکان بچمە خەڵوەتەوە، یان بەوپەڕی دەستکرد مرۆڤەکان بڕازێنمەوە تا بتوانم لەگەڵیاندا هەڵبکەم.

زۆربا ئاوڕی دایەوە و تەماشای کردمەوە، لەبەر جریوەی ئەستێرەکاندا، دەمیم بینی، کە پێکەنین تا پەناگوێی کشاندبووی، یەکسەر وەستا و وتی:

- سەرۆک! لێم زویر بوویت؟

گەیشتبووینە کۆختەکە، زۆربا بە خۆشەویستی و نیگەرانییەوە سەیری کردم، من وەڵامیم نەدایەوە، هەستم کرد منیش بیرم لەگەڵ زۆربادایە و کەچی دڵم ناهێڵێت، دەیەوێت خۆی بهاوێتە دەرەوە، لە دڕندە هەڵبێت و ڕێیەکی تر بۆ خۆی بکاتەوە. وتم:

- زۆربا من ئەمشەو خەوم نایەت، تۆ بڕۆ بنوو.

ئەستێرەکان دەیانجریواند. دەریا هەناسەی هەڵدەکێشا و گوێچکەماسییەکانی دەلستنەوە. گوڵئەستێرەیەک چرا چکۆلە

عاشقانەکەی ژێر سکی داگرساندبوون. پرچی شەو شەونمی لێ دەتکا.

من لەسەر دەم کەوتبووم و بێ ئەوەی بیر لە هیچ بکەمەوە کڕ بووم. لەگەڵ شەو و دەریادا بوومە یەک، هەستم کرد ڕۆحم بووەتە گوڵئەستێرەیەک و چرا بچووکە سەوز و ئاڵتوونییەکەی داگرساندووە، لەسەر زەوییە شێدار و تاریکەکە دانیشتووە و چاوەڕوانە.

ئەستێرەکان لە سەفەردا بوون، ساتەکان تێدەپەڕین، کە هەستام، بێ ئەوەی بزانم چۆن، ئەو دوو کارەی، کە دەبوو لەو کەنارەدا بە ئەنجامی بگەیەنم، بە تەواوی لە مێشکمدا نەخشیان بەستبوو.

یەکەمیان هەڵهاتن بوو لە بودا، خۆڕزگارکردن لە خەمە میتافیزیکییەکان و ڕزگارکردنی ڕۆح لە دوودڵی و بێهوودەیی. دوەمیان، هەر لە ئێستاوە، خۆبەستنەوەیەکی قووڵ و ڕاستوڕەوان بوو، بە خەڵکەوە.

بە خۆم وت: "ڕەنگە هێشتا کات بە بەریەوە مابێت."

٥

"ئاپۆ ئانا گنووستی، کوێخای گوند سڵاوتان لێدەکات، داواتان لێدەکات ئەگەر پێتان خۆش بێت، بۆ نانی نیوەڕۆ بفەرموونە ماڵیان. ئەمڕۆ بەیتاڵێک بۆ بەرازخەساندن دێتە ناو گوندەوە، کیرامارۆلیۆی[50] ژنی کوێخا گونی بەرازتان بۆ چاک دەکات، ئێوەیش بە بۆنەی جەژنی لەدایکبوونی میناسی[51] نەوەیانەوە، پیرۆزباییان لێدەکەن."

چوون بۆ ماڵی گوندنشینێکی کریتی، بەڕاستی تاموچێژێکی تایبەتی خۆی هەیە. لەوێ هەموو ئەو شتانەی دەوروبەرتان: زۆپا، چرازەیت، گۆزە و گڵێنە ڕیزکراوەکانی خوار دیوار و مێز و چەند کورسی و ئەو گۆزە ئاوە ساردەی، کە لای چەپتەوە لەناو دیوارەکە داندراوە؛ هەموو ئەمانە نیشانەی بابسالارین. بە دارەڕاکانەوە گورزەی بەهێ و هەنار و گیا بۆنخۆشەکانی وەک گوڵەمریەم، نەعنا، پونگە، گەڵاپەژم و جاترە هەڵواسرابوون.

لە ناوەوەیشدا، بە سێ- چوار پلەپەیژە دەگەیتە ژوورێکی سەرەوە، تەختێکی بەرزی نووستنی لێداندراوە، لە سەرووویەوە پەیکەری قەدیسەکان و مۆمێک، کە هەمیشە دەسووتێت، ماڵەکە لە چۆڵ دەچێت، کەچی هەموو پێویستییەکی تێدایە، چونکە مرۆڤی ڕاست بە شتی کەمیش قایلە.

---

[50] Kyra Maroulio

[51] Minas

ئەو ڕۆژە خۆش و خۆری پاییزیش زۆر دڵگر بوو. ئێمە لەبەردەمی ماڵەکەدا، لە باخچەیەکی گوندییانە و لەژێر دارێکی بەرگرتووی زەیتوندا دانیشتین. لە نێوان گەڵا زیوینییەکانەوە، دەریا هێور و لەسەرخۆ، لە دوورەوە دەبریسکایەوە، گەواڵە هەورەکانیش بەسەرماندا تێدەپەڕین، جارێک بەری خۆریان دەگرت و تاوێک دەیان کردەوە، دەتوت زەوی جارێک هەناسەی شادی و تاوێک هەناسەی خەمگینی دەدات.

لە دوایێنی باخچەکەدا، لەنێو چەپەرێکی بچووکدا، بەرازێکی تازەخەسێندراو لەتاو ئازار دەیناڵاند و گوێی کەڕ دەکردین. بۆنی گونی برژاوی سەر پشکۆکان دەڕژایە نێو لووتمانەوە. باسوخواسمان لە بارەی شتە هەمیشەییەکانی وەک دەغڵودان و ڕەز و بارانەوە بوو. ئێمە ناچار بووین هاوار بکەین، چونکە کوێخا گوێی گران بوو، وەک خۆی دەیوت "گوێیەکی زۆر لەخۆبایی" هەیە. ژیانی ئەم پیرەکریتییە وەک درەختی نێو دەربەندێک، کە لە پەنایەکی بانەگردا ڕوابێت، ڕاستوڕەوان و هێور پێگەیشتبوو؛ لەدایکبوون، گەورەبوون، ژنهێنان، منداڵ و نەوەخستنەوە، کە هەندێکیان مردبوون و ئەوانی دی مابوون. بەهەرحاڵ... خاوەن وەچە و میراتی خۆی بوو.

کریتییە پیرەکە، کەوتە یادکردنەوەی زەمانی کۆن و سەردەمی تورکانی عوسمانی، قسەکانی باوکی دەوتنەوە و ئەو پەرجووانەی ئەوسا ڕوویان دابوو، چونکە مرۆڤی ئەوسا لە خوداترس و ئیماندار بوون، دەیوت:

- بڕوانن! هەر خۆم، ئاپۆ ئاناگنووستی، کە ئێستا لەگەڵتاندا دەدوێم، من بە پەرجوو لەدایک بووم، بەڵێ! بە پەرجوویەک، ئەگەر بۆتانی بگێڕمەوە چۆن بووە، سەیرتان لێدێت و دەڵێن

سوبحانەڵڵا و دەچنە دێری مریەمی پاکیزەوە و مۆمێکی بۆ دادەگرسێنن.

ئنجا نیشانەیەکی خاچی کێشا و لەسەرخۆ و بە دەنگێکی خۆش دەستی بە گێڕانەوە کرد:

- لەو سەردەمەدا، ژنێکی تورکی دەوڵەمەند لە گوندەکەماندا هەبوو، نەفرەتی لێبێت. ڕۆژێک ئەو نەفرەتلێکراوە ئاوس بوو، کاتی منداڵبوونی گەیشت، لەسەر تەختێکی دارین خەواندیان و سێ شەوانەڕۆژ وەک مانگا بۆڕاندی، بەڵام منداڵەکەی هەر لێنەبووەوە، ژنێکی ناسیاوی- ئەویش هەر بە نەفرەت بێت- ئامۆژگاری کرد کە: "زەفەرخانم! تۆ دەبێت هاوار لە دایکەمریەم بکەیت تا فریات بکەوێت." دایکەمریەم ناوێکە تورکەکان بە مریەمی پاکیزەی دەڵێن. ئەم دێڵەسەگە تورکە، زەفەرخانم، وەک مانگا بۆڕاندی کە: "من هاوار لەو بکەم؟ حاشا، مردنم لەو کارە پێ چاکترە." بەڵام ژانی ژنەکە تا دەهات زیاتر دەبوو، هەر بەو جۆرە شەوڕۆژێکی تر مایەوە، هەر دەیناڵاند و منداڵەکەی لێنەدەبووەوە، چی بکات؟ ئیتر بەرگەی ئەو هەموو ئازارەی نەگرت و ناچار هاواری کرد: "دایکەمریەم! دایکەمریەم!" بەدبەختە تا تینی تێدابوو هاواری دەکرد، بەڵام نە ژانی لە کوڵ دەکەوت و نە منداڵ دەردەکەوت. ئەوسا ژنە ناسیاوەکە پێی وت: "ڕەنگە ئەو لە زمانی تۆ نەگات، چونکە لەوە دەچێت زمانی تورکی نەزانێت، ئنجا هەر بە ناوی مەسیحیی خۆیەوە بانگی بکە." ئنجا دێڵەسەگەکە بانگی کرد: "ئەی پاکیزەی ڕۆمییان! ئەی پاکیزەی ڕۆمییان!" وەلێ نەفرەت لە شەیتان، ئەمجاریش ئازارەکەی زۆرتر بوو، ژنە ناسیاوەکەی پێی وت:

"زەفەرخانم! تۆ وەک ئەو دەیەوێت وای بانگ ناکەیت، بۆیە نایەت بە دەنگتەوە." ئنجا دێڵەسەگە کافرەکە، کە خۆی لە مەترسیدا بینی، لە دڵەوە هاواری لێی کرد: "ئەی پاکیزەی پیرۆز!" هەر ئەوەندە و ئیتر منداڵەکە وەک مارماسی لە دامێنییەوە داخزییە خوارەوە.

ئەمە لە ڕۆژێکی یەکشەممەدا ڕووی دا. لە یەکشەممەی داهاتوودا دایکیشم ژانی منداڵبوون گرتی، ئەو داماوە زۆر ئازاری کێشا و ناڵاندی، ئەویش هاواری کرد: "ئەی پاکیزەی پیرۆز! ئەی پاکیزەی پیرۆز!" بەڵام هیچ هەواڵێک لە منداڵبوون نەبوو. باوکم لە ناوەڕاستی حەوشەکەدا، لەسەر زەوییەکە دانیشتبوو، ئەمەندە خەمبار بوو نەیدەتوانی شتێک بخوات، یان بخواتەوە، دڵی لە پاکیزەی پیرۆز ئێشابوو، دەیوت: "دەبینن! جاری پێشوو ئەو دێڵەسەگە، زەفەر خانم، هاواری ئەو مەزنەی کرد و یارمەتی لێی ویست، ئەو زوو بە دەنگییەوە هات و منداڵەکەی لێکردەوە، کەچی ئێستا..." ڕۆژی چوارەم ئیتر باوکم خۆی بۆ نەگیرا، بێ سێودوو شەنەکەی هەڵگرت و چوو بۆ دێری پاکیزەی شەهید- سێبەری لەسەرمان کەم نەبێت- کە گەیشتە ئەوێ، هێند تووڕە بوو بێ ئەوەی نیشانەی خاچ بکێشێت چووە ناو دێرەکەوە، دەرکەی لەسەر خۆی داخست، بەرانبەر بە پەیکەرەکەی پاکیزە وەستا و هاواری لێی کرد: "دەی بڵێ، ئەی پاکیزەی پیرۆز! بێگومان کرینیوی[52] ژنم دەناسیت، کە هەموو شەوێکی یەکشەممان زەیتی بۆ دەهێنایت و چراکانی دادەگرساندیت، ئەو ژنەی من، کرینیو، وا سێ شەوانەڕۆژە

---

[52] Krinio

ژان دەیگرێ و هاوار لە تۆ دەکات، وانا تۆ گوێت لە دەنگی نییە؟ دیارە کەڕیت وا نایژنەویت، خۆ ئەگەر لە باتی ئەو دیلەسەگێکی وەک زەفەرخانم، یان یەکی دی با لەو ژنە تورکە پیسانە، تۆ بۆ فریاکەوتنی ملی خۆت دەشکاند، بەڵام بۆ ژنەکەی من، کە مەسیحییەکی ئیماندارە، تۆ کەڕ بوویت و گوێت لە دەنگی نییە، چاکە! خۆ ئەگەر پاکیزەی پیرۆز نەبوویتایە بەم شەنەی دەیبینیت، دەرسێکی چاکم دادەدایت."

ئەمەی وت و بێ ئەوەی سەر دانەوێنێت ڕووی بەرەو دەرەوە وەرگێڕا، بەڵام لەو کاتەدا دەنگی چرکەچرکێک لە پەیکەرەکەی مریەمەوە هات، دەنگەکە ئەمەندە توند بوو دەتوت خەریکە پەیکەرەکە لێک بکاتەوە. پەیکەری قەدیسەکان، کە بیانەوێت پەرجوویەک بنوێنن دەنگێکی وایان لێهەڵدەستێت. من بۆیە ئەمە دەڵێم تا ئەگەر نایزانن فێری ببن، باوکم زوو هەستی ڕاگرت، گەڕایەوە، کەوتە سەر ئەژنۆ، نیشانەی خاچی کێشا و هاواری کرد: "ئەی پاکیزەی پیرۆز! من بەرانبەر بە تۆ گوناحم کرد، قسەی زۆر پڕوپوچم کرد، کە نەدەبوو بیکەم، تۆ بە گەورەیی خۆت لێم قبووڵ بکە."

هەر کە باوکم گەیشتەوە ناو گوند، مزگێنیان دایە کە: "پیرۆزبێت، گوستاندی! ژنەکەت کوڕی بوو." ئەو کوڕە من بووم، ئاناگنووستی پیر، بەڵام من هەر لە دایکبوونەوە گوێم گران بوو، چونکە باوکم سووکایەتیی بە پاکیزەی پیرۆز کردبوو؛ پێی وتبوو گوێی کەڕە.

بێگومان پاکیزەی پیرۆز وتبووی: "ئا، بەڕاست، هەر ئاوها؟ زۆر چاکە، کەمێک سەبر بکە، بۆ ئەوەی بزانیت کوفرکردن واتا چی! من کوڕەکەت کەڕ دەکەم."

ئاپۆ ئاناگنووستی خاچی کێشا و وتی:

- ئێستا ئەمە گرنگ نییە، سوپاس بۆ خودا، چونکە ئەو مەزنە دەیتوانی کوێر، یان گەلۆر، یان قەمبوورم بکات، یان- خوا نەخواستە- بیکردمایە بە کچ، ئەمە هیچ نییە، من بەرانبەر بە گەورەیی ئەو سەر دادەنەوێنم.

لێوانەکەی پڕ کرد، لەگەڵ بەرزکردنەوەی لێوانەکەی خۆیدا، دیسان وتی:

- سێبەری خودامان لەسەر کەم نەبێت.

وتم:

- بەخۆشیت، ئاپۆ ئاناگنووستی! هیوادارم سەد ساڵ بژی و نەوەی نەوەکانت ببینیت.

پیرەمێرد لێوانەکەی خۆی یەکژەمی هەڵدا، سمێڵی پاک کردەوە و وتی:

- نا کوڕم! ئیتر بەسە. من نەوەی خۆمم دیوە و ئەوەندە بۆ من بەسە. من، هاوڕێیان! ئیدی پیر بووم. ئیتر کەمەرم شل بووە، ناتوانم هیچ کارێک بکەم، ئەگەرچی هێشتا لە هەوەس نەکەوتووم، بەڵام ناتوانم منداڵ بخەمەوە، بۆیە ژیان بە چ دەردێکم دەخوات؟

جارێکی تر پەرداخەکەی پڕ کرد. لە پشتێنەکەی پشتی، گوێز و هەنجیری وشک، کە بە گەڵای غار پێچرابوونەوە دەرهێنا و بەسەرماندا بەشی کرد، دیسان وتی:

- من هەرچییەکم هەبوو داومەتە منداڵەکانم، ئێستا ئێمە هەژار و دەستکورتین، بەڵێ هەژاری و نەداری، بەڵام من دەردەدڵ ناکەم، خودا گەورەیە و فریادڕەسە و خاوەنی هەموو شتێکە.

زۆربا بە گوێی پیرەمێردا قیژاندی:

- باشە، ئاپۆ ئاناگنووستی! ڕەنگە خودا هەموو پێویستییەکی لابێت، بەڵام بە ئێمە چی؟ ئەو پیرە پیسکەیە هیچ بە ئێمە نادات.

کوێخا ناو چاوی گرژ کرد و بە تووڕەیییەوە وتی:

- ئەم قسەیە مەکە، هاوڕێ! قسە بە خودا مەڵێ، ئەو داماوەیش چاوی لە دەستی ئێمەوەیە.

لەو کاتەدا، دایکە ئاناگنووستی، هێور و بێدەنگ، لە دەفرێکی گڵیندا، گونی بەرازەکە و گۆزەیەکی مسی گەورەی شەرابی بە ژووردا کرد، هەمووی لەسەر مێزەکە دانا و لە شوێنی خۆیدا وەستا، وەک خاچ دەستی لەسەر سنگی دانا و سەری نەوی کرد.

من لە لایەکەوە بێزم لەمجۆرە خواردنە دەهاتەوە و لە لایەکی ترەوە شەرمم لە نەخواردنی دەهات. زۆربا بە لاچاوێک تەماشای کردم، زەردەخەنەیەکی شەیتانانەی کرد و وتی:

- ئەمە بەتامترین گۆشتە، سەرۆک! پێت ناخۆش نەبێت.

ئاناگنووستی پیر زەردەیەکی هاتێ و وتی:

- ڕاست دەکات، تۆ تاقی بکەوە، هەر لە مۆخ دەچێت. کە شازادە جۆرج- خودا لێی خۆش بێت- بۆ دیدەینی دێرەکە هاتە سەر شاخ، قەشەکان خواردنێکی شاهانەی گۆشتیان بۆ هەمووومان ئامادە کرد، تەنیا قاپێک سوپیان بۆ شازادە دانا، شازادە بە کەوچکەکەی دەستی، کەوتە سەروبن کردنی سوپەکە، بە سەرسامییەوە پرسی: "ئەمانە لۆبیان، لۆبیای

سپی؟" سەرۆکە پیرەکەی دێر پێی وت: "بخۆ، شازادە! بخۆ، پاشان بۆت باس دەکەم." شازادە دوو- سێ کەوچکی لێ چێشت، چی لە قاپەکەدا بوو، خواردی و دەمولێوی لستەوە، دیسان پرسییەوە: "ئەم خۆراکە چاکە چی بوو؟ چ لۆبیایەکی بەتام بوو، هەردەتوت مۆخە." سەرۆکدێر بە پێکەنینەوە پێی وت: "نا، شازادە! ئەوە لۆبیا نەبوو، ئێمە هەموو کەڵەشێرەکانی ئەم ناوەمان خەساندبوون."

پیرەمێرد پێکەنی و بە چنگاڵەکەی دەستی پارچەیەکی لە گونی بەرازەکە هەڵگرت و وتی:

- ئەمە خواردنی شاهانەیە، ئادەی دەمت بکەوە.

من دەمم کردەوە؛ ئەو تیکەکەی تێئاخنی.

دیسان لێوانەکانی پڕ کردەنەوە، ئێمە بە خۆشیی لەدایکبوونی نەوەکەیەوە خواردمانەوە، چاوی باپیرە گەشایەوە، لێم پرسی:

- مامە ئاناگنووستی! تۆ حەز دەکەیت نەوەکەت ببێت بە چی؟ بیڵێ تا بۆی بخوازین.

- من چیم بوێت، کوڕم؟ باشە دەمەوێت ڕێی ڕاست بگرێت، پیاوێکی چاک و باوکێکی باش بێت بۆ خێزانەکەی، ئەویش منداڵ و نەوە بخاتەوە و یەک لە منداڵەکانی لە من بچێت، تا کاتێک کە پیرەمێردەکان لێی بڕوانن، بڵێن: "بڕوانە! چەند لە ئاپۆ ئاناگنووستی دەچێت، خودا لێی خۆش بێت، چ پیاوێکی چاک بوو!"

بێ ئەوەیش کە تەماشای ژنەکەی بکات وتی:

- ماروولیا! ماروولیا! وەرە گۆزەکە پڕ بکەوە لە شەراب.

لەو کاتەدا، دەرکەی چەپەرەکە بە توندی کرایەوە، بەرازەکە بە مڕەمڕ خۆی خستە باخچەکەوە، زۆربا بەزەیی پێدا هاتەوە و وتی:

- بەستەزمانە ئازاری هەیە...

پیرەی کریتی، بە دەم پێکەنینەوە وتی:

- بێگومان ئازاری هەیە، ئەگەر وایان لە تۆ بکردایە ئازارت نەدەبوو؟

زۆربا بە کورسییەکەی ژێر خۆیدا کێشا و لەژێر لێوەوە بە ترسەوە وتی:

- دەمت داخە، پیرەی کەڕ!

بەرازەکە بە پێش دەمماندا هاتوچۆی دەکرد و بە ڕکەوە لێی دەڕوانین، ئاپۆ ئاناگنووستی بە خوماریی ئەو تۆزە شەرابەوە، کە خواردبوویەوە، وتی:

- لەوە دەچێت ئەم ئاژەڵە زانیبێتی کە ئێمە گونی ئەو دەخۆین.

بەڵام ئێمە لەسەرخۆ و هێور دەمانخوارد و شەرابی سوورمان دەنۆشی. لەنێو چڵەزەیتوونە نوقرەییەکانەوە تەماشای دەریامان دەکرد، کە هێشتا لەبەر تیشکی خۆرئاوادا، بە تەواوی ڕەنگی گوڵی گرتبوو.

*

کە تاریکی داکەوت، ئێمە لە ماڵی کوێخای دێ بەدەرکەوتین. زۆربا، کە ئەویش مەست و شادمان بوو ئارەزووی قسەی هاتبوو، وتی:

- سەرۆک! پێرێ ئێمە چیمان وت؟ وەک خۆت دەتوت دەتەوێت بیری خەڵکی ڕووناک بکەیتەوە، چاو و گوێیان بکەیتەوە، زۆرباشە، فەرموو چاو و گوێی مامە ئاناگنووستی بکەرەوە! بە چاوی خۆت بینیت ژنەکەی لە بەردەمیدا چی دەکرد و چۆن وەک سەگێک چاوەڕێی فەرمانی خاوەنەکەی بێت، لەسەر پێ وەستابوو؟ دە برۆ پێیان بڵێ ئەمە زوڵمە،

مرۆڤ خەریکی خواردنی پارچەیەک گۆشتی بەراز بێت، کە هێشتا بەرازەکە زیندووە و بە بەردەمیدا دێت و دەچێت و هاوار دەکات، یان ژنیش وەک پیاو مافی یەکسانبوونی هەیە، یان گەمژەییی ئەو مرۆڤەی، کە خۆی خەریکە لە برساندا دەمرێت و کەچی سوپاسی خودایەک دەکات، کە هەموو شتێکی هەیە! ئەم ئاپۆ ئاناگنووستییە بەدبەختە لەم قسە و ڕێنماییە بێواتایەی تۆ چ کەڵکێک وەردەگرێت؟ تۆ جگە لە دەردیسەری هیچ بۆ ئەوَ دروست ناکەیت، چی بە دایکە ئاناگنووستی دەبڕێت؟! جگە لە نانەوەی شەڕ لە نێوان خێزانەکەدا؟ مریشک دەیەوێت ببێتە کەڵەشێر و ئەوسا خێزانەکە تێک بەر ببن، سەرۆک! واز لەو خەڵکە بهێنە بە حاڵی خۆیانەوە چاو و گوێیان مەکەرەوە، ئەگەر تۆ چاو و گوێیان بکەیتەوە، ئەوان لە بەدبەختیی خۆیان زیاتر چی دەبینن؟ وازیان لێ بهێنە بە خەونەکانی خۆیانەوە.

کەمێک بێدەنگ بوو. سەری خوراند. بیری کردەوە. دیسان کەوتەوە قسە:

- مەگەر ئەوکاتەی...
- مەگەر کام کاتەی؟ بیڵێ.
- مەگەر ئەوکاتەی کە چاوەکانت کردنەوە دنیایەکی چاکتر لەو دنیا تاریکە ببینن کە ئێستا تێیدا دەژین، تۆ دنیایەکی وات هەیە؟

من نەمدەزانی، ئەوەم چاک دەزانی، کە دەبێت چی بڕووخێنین، بەڵام نەمدەزانی لەسەر ئەو وێرانەیەوە دەبێت چی دروست بکەین، لەو باوەڕەیشدا بووم، کە هیچ کەسێک نییە بەڕاستی ئەمە بزانێت. دنیای کۆن دنیای هەست پێکراوە و بەهێزە، تێیدا دەژین و بەردەوام

کێشەمان لەگەڵیدا هەیە، بۆیە ئەمە دنیایەکە بوونی هەیە، دنیای ئاینده هێشتا نەهاتووەتە دی، هەستی پێ ناکەیت و ونە، لە نوورێک دروست بووە، کە تانوپۆی خەونەکانی پێ چندراوە، هەورێکە ڕەشەباکانی وەک خۆشەویستی و نەفرەت و خەیاڵ و ڕێکەوت و خودا دەستەویەخەی بوون. گەورەترین پێغەمبەر ناتوانێت هیچ بە مرۆڤ بڵێت، جگە لە دەستوورپێدانێک، چەندە ئەو دەستوورە تەمومژاوی و نادیارتر بێت، ئەو پێغەمبەرە گەورەتر دەبێت.

زۆربا زەردەخەنەیەکی تەوساوی کرد و لێی ڕوانیم، من پێم ناخۆش بوو، پێم وت:

- من ئەو دنیا چاکترەم هەیە کە پیشانیان بدەم.

- هەتە؟ ئادەی!

- ناتوانم بە تۆی بڵێم، چونکە تێناگەیت.

زۆربا سەری لەقاند و وتی:

- ها! دیارە کە نیتە، تۆ وا تێمەگە من مۆخی کەرم خواردبێت، سەرۆک! ئەگەر وایان پێ وتوویت درۆیان لەگەڵدا کردوویت، منیش وەک ئاپۆ ئاناگنووستی نەخوێندەوارم، بەڵام ئەوەندە گەلۆر نیم، نا، بە هیچ جۆرێک، باشە، کە من تێنەگەم ئەی ئەو پیاوە داماوە و ئەو ماکەرەی ژنی، کە بە نیوەی ئەو دادەنرێت، چۆنی تێدەگەن؟ ئەی هەموو ئاناگنووستەکانی تری دنیا چۆن تێی دەگەن؟ کەواتە تۆ دەیانخەیتە تاریکییەکی تازەترەوە؟ ئای باوکە! لێ گەڕێ لە تاریکییە کۆنەکەدا، کە پێی ڕاهاتوون بمێننەوە، ئەوان تا ئێستا وایان ڕاکێشاوە، تۆ وا نازانیت؟ ئەوان دەژین و چاکیش دەژین، منداڵیان دەبێ و نەوە دەخەنەوە، خودا کەڕوکوێریان دەکات و ئەوان هەر

سپاسی دەکەن. ئەوان بە بەدبەختییەکەیان دڵخۆشن، دە
وازیان لێبێنە و لەخۆوە قسە مەکە.

من بێدەنگ بووم. لەو کاتەدا بە بەردەم باخچەی بێوەژنەکەدا تێدەپەڕین، زۆربا کەمێک وەستا و هەناسەیەکی هەڵکێشا و هیچی نەوت. وەکئەوەی لە شوێنێک باران باریبێت، بۆنی خاکی تازە هەواکەی خۆش کردبوو. ئەستێرە بەراییەکان بە ئاسمانەوە دەرکەوتن، مانگی نوێیش، بە ڕەنگێکی زەردی سەوزکارەوە هەڵهات و ئاسمانیش لە جوانی و بێگەردیدا تەژی بوو.

بە خۆم وت: "ئەم پیاوە نەچووەتە فێرگە و مێشکی تێک نەچووە، هەموو ڕەنگێکی بینیون، بیری کراوەتەوە و دڵی گەورە بووە، بێ ئەوەی جوامێری و ئازایەتییە خۆڕسکەکەی لە دەست دابێت. ئەو هەموو مەسەلە ئاڵۆزانەی، کە بۆ ئێمە چار ناکرێن، وەک ئەسکەندەری گەورەی هاووڵاتییەکەی خۆی، کە بە زەبری شمشێرێک گرێی گۆردیانی[53] کردەوە؛ ئەم چاری دەکات. هەڵە و کەوتنیشی لە مەزەبدا نییە، چونکە هەموو شوێنێکی ئەم، لە سەریەوە تا پێی، بە زەوییەوە بەستراوە. دڕندەکانی ئافریکا مار دەپەرستن چونکە هەموو لەشی بە زەوییەوە نووساوە و گشت نهێنییەکانی دنیا دەزانێت. بە سکی، بە کلک و سەری، پەی بە نهێنییەکان دەبات، ئەو هەست بە دایکی سروشت دەکات، لەگەڵیدا تێکەڵ دەبێت و دەبن بە یەک، زۆربایش هەروایە، بەڵام ئێمەی خوێندەوار باڵندە بێمێشکەکانی ئاسمانین."

[53] Gordien، بە گرێکوێرەی گۆردیان ناوی دەرکردووە، گوایا دەنگێک لە شوێنێکی نادیارەوە وتوویەتی هەر کەسێک ئەو گرێکوێرەیە بکاتەوە، دەبێتە فەرمانڕەوای ئاسیا، ئەسکەندەری کوڕی فلیپی مەکدۆنی، لە پەرستگەی زیووس، لە شاری گۆردین، بە زەبری شمشێرێک دەیکاتەوە، لە زمانی ئەورووپاییدا کردنەوەی گرێی گۆردیان ئیدیۆمێکە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی سەخت و ئاڵۆز بەکار دێت. -ف-

تا دەهات ئەستێرەکان زیاتر دەبوون، بە نیسبەت مرۆڤەوە تووڕە و نەفرەتکار و دڵڕەق و هیچ جۆرە بەزەییەکیان تێدا نەبوو.
ئیتر ئێمە قسەمان نەدەکرد، بە ترسەوە لە ئاسمانمان دەڕوانی و هەموو چرکەیەک ئەستێرەی ترمان دەبینی، کە لە خۆرهەڵاتەوە هەڵدەهاتن و بەری ئاسمانیان ڕووناک و درەوشاوەتر دەکرد.
گەیشتینە کۆختەکە، من هیچ ئارەزووی خواردنم نەبوو، لەسەر بەردێکی کەنار دەریاکە دانیشتم، زۆربا ئاگری کردەوە، خواردنی تەواو کرد و ویستی بێتە لامەوە، بەڵام بیری گۆڕی؛ لەسەر پێخەفەکەی ڕاکشا و نووست.
دەریا زۆر هێور بوو، زەوییش لەژێر ئەستێرەباراندا بێجووڵە و خامۆش بوو، نە سەگ دەوەڕی و نە باڵندەیەکی شەوگەڕیش دەیخوێند، بێدەنگییەکی دنیاگر، پڕ لە ترس و نهێنی، لەگەڵ هەزاران هاوار و ناڵەی دوور، کە لە ناخمانەوە هەڵدەستا و ئێمە نەماندەبیست، تێکەڵ بە یەک دەبوون. من تەنیا هەستم بە دەنگی لێدانی خوێنێک دەکرد، کە لاجانگ و دەمارەکانی گەردنمی دەکوتا. بە ترس و لەرزەوە بە خۆم وت: "ئەمە دەنگی بەورە."
لە هیندستان کە شەو دادێت، بە دەنگێکی هێور گۆرانییەکی خەمگین و یەکشێوە دەڵێن، گۆرانییەکی سامناک و سست، وەک دەنگی باوێشکێکی دووری گیاندارێکی دڕندە، پێی دەڵێن "گۆرانیی بەور" کە مرۆڤ گوێی لێ دەبێت دەکەوێتە چاوەڕوانییەکی پڕ لە ترس و لەرزەوە، منیش کە بیرم لەو دەنگە سامناکە دەکردەوە، وردە وردە سنگی خاڵیم پڕ دەبوو، گوێم سووک و بێدەنگییەکەیش دەبووە هاوار، دەتوت گیانیش لەو گۆرانییە دروست بووە و دەیەوێت لە لەش دەرپەڕێ و گوێی لێ بگرێت.

دانەویمەوە، دەستم پڕ کرد لە ئاوی دەریا و لاجانگ و دەموچاوم پێی تەڕ کرد، فێنک بوومەوە، لە قوڵایی بوونمدا هاوارەکان کەوتبوونە هەڕەشەیەکی نادیار و بێسەبرەوە، بەورەکە لە بوونی مندا دەینرکاند، ناکاو منیش بە ئاشکرا گوێم لە دەنگەکە بوو، لە کاتێکدا کە لە جێیەکەی خۆم بەرزەپێ ڕاپەڕیم، هاوارم کرد: "بودا!... بودا!..."

خێرا بە کەناری دەریاکەدا کەوتمە هەنگاونان، وەک بمەوێت ڕابکەم وابوو. ئێستا ماوەیەکە، کە شەوانە تەنیام و بێدەنگی دەست بەسەر هەموو لایەکدا دەکێشێت، گوێم لە دەنگێک دەبێت، سەرەتا دەنگێکی خەمگینە و لە شیوەن و لالانەوە دەچێت، بەڵام هێدی هێدی تووڕە دەبێت، دەگووڕێنێت و فەرمان دەردەکات، وەک منداڵێک کە کاتی لەدایکبوونی گەیشتبێت، بە سنگمدا دەکێشێت.

لەوە دەچوو نیوەشەو بێت، هەورەڕەشەکان لە ئاسماندا یەکیان گرتبوو، دڵۆپە درشتەکانی باران بە سەر دەستمدا دەڕژان، بەڵام من چ بایەخێکم پێ نەدەدا، نوقمی نێو هەوای گەرم بووم و لە ڕاست و چەپمەوە، بەسەر لاجانگمەوە هەستم بە دوو بڵێسەی ئاگر دەکرد، هەر بە دەم لەرزینەوە بیرم لەوە کردەوە، کە ئەم بەرداشی بودایە لەگەڵ خۆیدا ئێمەیش دەهاڕێت، کاتی ئەوە هاتووە خۆم لەو بارە گرانە ڕزگار بکەم.

بە پەلە گەڕامەوە کۆختەکە و چراکەم داگرساند، کە شەوقی چراکە لە دەموچاوی زۆربای دا، پێڵووی لێکدان، چاوی بەرز کردەوە و منی بینی، کە بەسەر کاغەزدا کۆمابوومەوە و خەریکی نووسین بووم، لەژێر لێوەوە شتێکی وت من تێی نەگەیشتم، ناکاو ڕووی لە دیوارەکە کرد و دیسان خەوتەوە. من زۆر بە خێرایی دەمنووسی چونکە پەلەم بوو. بودا، بە تەواوی هەموو گیانمی داگر کردبوو، من دەمبینی وەک تۆمارێکی شینی پڕ لە نیشانە، لە زەینمدا دەکرایەوە، ئەوەندەیش خێرا

دەکرایەوە پەلەم بوو لێی دوانەکەوم. من دەمنووسی و هەموو شتەکان زۆر سادە و ئاسان بە دەستمەوە دەهاتن، نەمدەنووسی، دەبێت بڵێم کۆپیم دەکرد. دنیایەکم دەهاتە پێش چاو پڕ لە بەزەیی و خۆشەویستی، ڕەتکردنەوە و خۆبەدەستەوەدان، کۆشکەکانی بودا، ژنانی حەرەمسەرا، کەژاوەی زێڕین، سێ ڕێکەوتە شوومەکە لەگەڵ پیر و نەخۆش و مردوودا،[54] هەڵهاتنی، خەڵوەتکێشانی، ڕەهابوون و بانگەوازی ڕزگاربوونی... زەوی بە گوڵی زەرد داپۆشرابوو، سواڵکەر و پادشاکان کراسی زەردیان لەبەردا بوو، بەرد و درەخت و جەستەکان سووکەڵە بووبوون، ڕۆحەکان بووبوونە هەڵم، هەڵمەکان بووبوونە جەوهەر و جەوهەریش توابووەوە، پەنجەم ماندووی نووسین بوو، بەڵام من نەمدەویست و نەمدەتوانی دەست هەڵبگرم، ئەم خەونە تێدەپەڕی و هەڵدەهات و دەبوو پێی بگەم.

بەیانی، کە زۆربا لە خەو هەستابوو، منی بینیبوو؛ سەرم خستبووە سەر نووسینەکەم و نووستبووم.

---

[54] ئاماژەیە بۆ چیرۆکی بودا، کاتێ لەگەڵ نۆکەرەکەیدا لە کۆشکی میرایەتیی خۆی دێتە دەرەوە، لە ڕێ پیرەمێردێک دەبینێت و پاشان نەخۆشێک و دواتر مردوویەک. باسی هەر سێ حاڵەتەکە لە نۆکەرەکەی دەپرسێت و ئەویش بۆی باس دەکات، کە ئەمانە چارەنووسی هەر کەسێکن و ژیان بەوجۆرە کۆتایی دێت، پیربوون و نەخۆشکەوتن و پاشان مردن. ئەمە بودا نیگەران دەکات و دوای ئەوەی وازی لە میرایەتی هێنا، بەرگی دەروێشی پۆشی و ڕووی لە دەشتودەر کرد، کەوتە بیرکردنەوە و خەڵوەتکێشان، گەیشتە ئەو ڕاستییەی هەموو ناخۆشی و گروگرفتەکانی مرۆڤ سەرچاوەیان ئارەزووەکانی نەفسە، کە توانیت ئەوە لە خۆتدا بکوژیت، ئیتر ڕەنج و ئازار ناچێژیت، ئەمەیش کاتێک دێتە دی کە مرۆڤ بگاتە (نیرڤانا) واتا وازهێنان لە ژیانی خۆش و ڕوو لە نەبوونی کردن. -ف-

٦

که له خەو هەستام، خۆر دوو ڕم بە ئاسماندا سەرکەوتبوو. هێندەم نووسیبوو دەستی ڕاستم سڕ بووبوو. نەمدەتوانی پەنجەکانم بنووقێنم. باهۆزی بودایی بە سەرمدا تێپەڕیبوو، خاڵی و ماندوو جێی هێشتبووم.

پەڕەکاخەزەکان بەسەر زەوییەکەدا بڵاو بووبوونەوە، نووشتامەوە تا هەڵیان بگرم، بەڵام نە تاقەتی ئەوەم هەبوو تەماشایان بکەم و نە توانایشم تێدا مابوو، دەتوت هەموو ئەو سرووشە بێ ئامانانە تەنیا خەونگەلێک بوون، کە نەمدەویست لە زیندانی وشەدا بمێننەوە، یان بە وشە لە نرخیان کەم بکەمەوە.

ئەو ڕۆژە باران بەکاوەخۆ دەباری. زۆربا پێش ڕۆیشتنی خۆی، وەجاخەکەی داگرساندبوو، من هەموو ئەو ڕۆژە چوارمشقی دانیشتم و بێ ئەوەی هیچ بخۆم، بێجووڵە دەستم بەسەر ئاگرەکەوە گەرم دەکردەوە، گوێم لە دەنگی یەکەم بارانی ئەو وەرزە گرتبوو، کە لەسەرخۆ دەباری.

مالْپەڕی کتێبخانەی کوردی

PDF4KURD.WIX.COM/SITE

ڕۆمانی زۆربای یۆنانی لە شاکارە هەرە دیارەکانی نیکۆس کازانتزاکیسە، کە بە زۆربەی زمانانی دنیا وەرگێڕدراوە. ناوی زۆربا، کە شاکەسی ڕۆمانەکەیە ، وەک کەسایەتییەکی نائاسایی ژیانی باو، بووەتە سیمبولێ هەرە دیاری ناو کەسانی کۆمەڵ و نیشانەیەک بۆ گیانی شکۆمەندی نووسەر و وڵاتی یۆنان. ئەوەیش لە ڕوانگەی ئەو پەیوەندیە هەرە تایبەتییەی زۆرباوە ، کە لەگەڵ دەوروبەر و بیر و ئاکار و ئاین و دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەدا هەیەتی. ئەو سیمبولێکە بۆ پەیڕەوی لێکردن و وەرگرتنی بیرە زیندووەکان، سیمبولێکی خۆرسکی دوور لە ئارایشتی تیۆر و بیروبۆچوونی وشکی ناو کتێب، کە هەندێکجار ڕەفتارەکانی لە سنووری ئاوەز دەترازێن ولۆژیکە باوەکان دەبەزێنن. ئێمەیش وەک مرۆڤ، ئاسایی لە سەر دوابڕیاری لە یەک جیاواز سەقامگیر دەبین، کە: زۆربا، یان ڕۆحێکی هەرەمەزنە ، یان کەسێکی شێتە. بەڵام هەرگیز شێت نییە